# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا          لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیارانی پڕۆژە**

**د. لوقمان ڕەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# جۆرج باتای

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

**بەشی چوارەم**

63

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# جۆرج باتای

وەرگێڕانی : هاوار محەمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 187 )



# جۆرج باتای

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بەشی چوارەم

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون به ليوتار، ئاشنابوون به لينين 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕوانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای ڕێنیسانسدا ڕایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان ڕەئوف**

2017

# ئایا دەبێت کافکا بسووتێنین؟

جۆرج باتای

ماوەکی کورت دوای تەواوبوونی جەنگ، هەفتەنامەی کۆمۆنیستیی «کار»، لێکۆڵینەوەیەکی دەست دەربارەی بابەتێکی کتوپڕ پێکرد، کە پێشبینەکراو بوو. سەرنوسەرەکانی گۆڤارەکە پرسیبوویان: ئایا دەبێت کافکا بسووتێنین؟ ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی، کە هەرگیز لە جێی خۆیدا نییە، چونکە هیچ پێشینەیەکی ئەوتۆ نییە کە بشێت زەمینەسازییەکی لەم جۆرە بکات یان ببیتە مایەی ئەم کارە: ئایا دەبێت کتێبەکان بسووتێنین؟ یان، دەبێت چ جۆرە کتێبێک بسووتێنین؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە هەڵبژاردنەکەی سەرنوسەرەکان مەکربازانە و وردەکار بووبێت. نوسەری «دادگایی»، وەک ئەوان دەڵێن: «یەکێکە لە گەورەترین بلیمەتەکانی سەردەمی ئێمە«. لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەکی زۆر لە کاردانەوەکان ئەوەیان سەلماند کە وەختی چنینەوەی بەرهەمی ڕوون و ڕۆشنییەکەی نێو بەرهەمەکانی هاتووە. سەرەڕای ئەوەیش، تەنانەت بەر لەوەی داڕشتن و هەڵهێنجانی هەر پرسیارێک تەواوبووبێت، وەڵامێک لە لێکۆڵینەوەکەدا هەبوو، کە سەرنوسەرەکان لایانبرد و بڵاویان نەکردەوە -وەڵامی کافکا خۆی،

چونکە کافکا لە ماوەی ژیانیدا هەتاکو مرد، هەر بەدەست ئارەزووی سوتاندنی کتێبەکانییەوە دەتلایەوە. بە بۆچوونی من، کافکا تا کۆتایی هەر دوودڵ و ڕاڕا بوو. لە سەرەتادا، کتێبەکانی نوسی، دەبێت خەیاڵی ئەو ماوە زەمەنییەیش بکەین کە دەکەوێتە نێوان ئەو ڕۆژەوە کە کەسێک دەست دەکات بە نوسینی شتێک هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە بڕیار دەدات ئەوە بسووتێنێت کە نوسیویەتی. لەگەڵ ئەوەیەشدا بڕیارەکەی هەر بە ناڕوونی و هەڵواسراوی دەمێنێتەوە و مەسەلەکە یەکلاییناکاتەوە: کافکا ئەرکی سوتاندنی کتێبەکانی سپاردە ئەو تاکە هاوڕێیەی، کە هەر بە ڕاشکاوی بە کافکای وت، هەرگیز ناتوانێت ئەو کارە بکات. لەگەڵ ئەمەشدا و بەر لە مردنی، هەر بە ڕاستی ئارەزویەکی تەواوی بۆ ئەوە دەربڕی، کە دەبێت هەموو ئەو بەرهەمانەی لە دوای بەجێدەمێنێن، بخرێنە نێو ئاگرەوە. بە هەرحاڵ، ئایدیای سوتاندنی کافکا، تەنانەت ئەگەر هیچ نەبێت جگە لە هاندان و دنەدان، لای کۆمۆنیستەکان هەمان لۆژیکی هەیە. ئەو ئاگرە خەیاڵکراوەی کۆمۆنیستەکانیش (هەر وەک ئاگرەکەی کافکا خۆی)، کە تەنیا وەک

فانتازیا دەمێنێتەوە، بەشداریدەکات لە تێگەیشتن و حاڵیبوون لە کتێبەکانی. ئەوانە کۆمەڵێک کتێبن کە لە چارەیان نووسراوە و مەحکومن بەوەی دەرخواردی کڵپەی ئاگر بکرێن: ئەو کتێبانە لەوێدا هەن، بەڵام بۆ ئەوە هەن ونببن، وەک بڵێی هەر بە ڕاستی نابودکراون.

**• کافکای زەمینی بەڵێنپێدراو و کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕی:**

ڕەنگە کافکا لە هەموو نوسەرەکان مەکربازتر بێت: لایەنیکەم، ئەو هەرگیز ساویلەکەیەکی فریوخواردوو نەبوو! بە پێچەوانەی زۆرێک لە نوسەرە هاوچەرخەکانەوە، لە سەرەتادا ویستی ببێتە نوسەر. دەرکی بەوە کرد کە ئەدەب، ئەو شتەی کە ئەو خواستی لێی هەبوو، بەو جۆرەی کە ئەو چاوەڕوانیی لێی هەبوو، تاسەی نەشکاند، ڕازی و تێرینەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەرگیز وازی لە نوسین نەهێنا. تەنانەت ناتوانین بڵێین ئەدەب تووشی نائومێدی کردووە، ئەدەب تووشی نائومێدیی نەکرد — بە هەرحاڵ بەراورد بە ئامانجەکانی تر، کە دەشیا هەبن، تووشی نائومێدی

نەبوو. بەلای ئەوەوە، ئەدەب وەک زەمینی بەڵێندراو بە موسا وابوو. «ڕاستییەکەی، ماقووڵ نییە، کە موسا تەنیا ڕاستەوخۆ بەر لە مردنی، دەتوانێت زەمینی بەڵێنپێدراو ببینێت»، کافکا لە یاداشتەکانیدا دەربارەی موسا ئەمەی نوسیووە، هەروەها ئەمەیش «تاکە واتای ئەم بینین و نیگاکردنەی کۆتایی، دەرخستنی ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ژیانی مرۆڤ نوقسانە- نوقسانە، چونکە ئەم لایەنەی ژیان (پێشبینیکردنی زەمینی لەدەستچوو) دەشێت بە بی سنوور بەردەوام بێت، گەر دەریش بکەوێت ساتێک زیاتر ناخایەنێت. موسا شکستیهێنا لەوەی بگاتە کەنعان، ئەمە لەبەرئەوە نەبوو کە ژیانی زۆر کورت بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی مرۆڤ بوو»(1). ئەمە تەنیا بەرپەرچدانەوەی پووچی یان بەتاڵیی «یەک ڕوانگە بۆ ژیان» نییە، بەڵکو بەرپەرچدانەوەی پووچێتی هەموو ئەو هەوڵ و ڕەنجانەیە کە لە هەمان کاتدا واتایان نییە: هەوڵی بێومێدانە، چ زوو چ درەنگ، وەکو ماسییەک لە ئاودا. ئەوە تەنیا خاڵێکە لە جوڵەی گەردووندا، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا دەکەین.

ئایا هیچ شتێک هەیە لێکدژتر لە هەڵوێستی

کۆمۆنیستەکان؟ کۆمۆنیزم کردەیەکە کە گرنگی بە پێرفێکت دەدات، کردەیەک کە جیهان دەگۆڕێت. ئامانجی کۆمۆنیزم، جیهانە دوای گۆڕانی، واقیعێک کە لە زەمەندایە، یان لە داهاتوودایە، پێش و دوای بوون دەکەوێت، یان چالاکی و ئەکتی ئێستایە، کە تەنیا بەو ڕادەیە مانای هەیە کە بەرەو ئەم ئامانجە بڕوات: «زەرورەتی گۆڕینی جیهان». کۆمۆنیزم کێشەی پرەنسیپ ناوروژێنێت. هەموو مرۆڤایەتی ئامادە و لەسەرپێیە، تاوەکو ئەم ساتەی ئێستا و کاتی هەنوکە ملکەچی هێزێکی ناچارکەرانەی ئامانجەکە بکات. هیچ کەسێک گومانی لە بەهای ئەکت نییە، یان دڵی کرمێ نییە لە دەسەڵاتی ڕەهای ئەکت.

هەموو ئەم دوودڵییانە واتایان نییە: بە خۆمان دەڵێین کردە (ئەکت) هەرگیز زیانی لە هیچ کەسێک زەوت نەکردووە... لەبەرئەمە، جیهانی کردە هیچ بایەخدانێکی دیکەی نییە بە شتەکانی تر جگە لە ئامانجەکەی خۆی. ئامانجەکان بە گوێرەی نیازەکان جیاواز دەبن، بەڵام هەمەجۆرییەکەیان و بگرە لێکدژییەکەیشیان، هەمیشە ئەوەیە کە شوێنێک بۆ شیاوێتی تاکەکەسی دەهێڵنەوە. تەنیا

مرۆڤی شێواو، بەجۆرێک لە جۆرەکان شێت، ئامانج لە پێناو شتێکی تری جگە لەو ئامانجەی کە هێشتایش زیاتر ڕەوایە، ڕەت دەکاتەوە. کافکا بەو شاراوەیی ئاماژە بەوە دەدات کە موسا تەنیا بۆ گاڵتەپێکردن باشە، چونکە دەبوو بە گوێرەی پێشبینییەکە دەبوو هەر کە گەیشتە ئامانجەکەی، بمرێت، بەڵام لە ڕووی لۆژیکییەوە، ئەوەیش زیاددەکات کە هۆکاری سەرەکی شکستەکەی ئەوەبوو کە «ژیانەکەی مرۆڤانە بوو». ئامانجەکە لە زەمەندا دواخرابوو، زەمەنیش (تەمەنی مرۆڤ) سنووردارە: ڕێک ئا ئەمە کافکا بەرەو ئەوە دەبات، کە وەک جۆرێک لە تەڵە یان تامی فریودەر، لە ئامانجەکە لە خۆیدا بڕوانێت. ئەمە زۆر لێکدژە و زۆریش ناکۆکە لەگەڵ عەقلی کۆمۆنیستیدا (نەک تەنیا ئەو باوەڕە سیاسییەی کە شۆڕشی بۆ گرنگە و هیچیتر)، بۆیە دەبێت زۆر بە وردی هەڵوێستی کافکا بپشکنین.

- **هەرزەیی تەواوی کافکا:**

ئەرکەکە هەرگیز ئاسان نییە. هەر کاتێک کافکا (لە یاداشتەکانیدا یان لە تێبینییە جۆراوجۆرەکانیدا)

گوزارشت لە ئایدیاکانی دەکات، تەڵەیەک (داوێک) لە هەر وشەیەکدا دادەنێت. ئەو کۆمەڵێک قەڵای پتەو کرد کە پڕ بوون لە مەترسی، تێیدا وشەکان هیچ ڕێخکستنێکی لۆژیکییان نییە، بەڵکو زۆر بە سادەیی لەسەر یەکتر کەڵەکەکراون، وەک بڵێی تەنیا لەبەرئەوە بوونیان هەیە، کە ببنە مایەی سەرسوڕمان و شپرزەیی، یان وەک بڵێی ناونیشانن لەسەر خودی نوسەر، کە وا دەردەکەوێت هەرگیز ماندوو نەبووە لەوەی لە سەرسوڕمانەوە بگوازێتەوە بۆ شپرزەیی.

ئەوەی ناتوانین بیکەین ئەوەیە، کە واتایەکی ورد و پڕبەپێست بدەینە پاڵ (یان بگەڕێنینەوە بۆ) کتێبەکانی کافکا. بە شێوەیەکی دووبارە و بەردەوام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە لەوێدا بوونی نییە، یاخود، لە باشترین حاڵەتدا، شتێک دەبینین کە لەوێدا هەیە، بەڵام تەنیا دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین و هیچیتر(2). لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین لەم تەڵەیەدا، لەم مەیزەدا، بەدواداچوون و تێبینیی ئاراستەیەکی گشتی بکەین، کە تەنیا ئەو کاتە لە بەردەمماندا ڕوون دەبێتەوە کە دەرەتانێکی تێدا ببینینەوە. پێموایە لەبارەی ئەم خاڵەوە، زۆر

بە سادەیی دەتوانین بڵێین بەرهەمەکانی کافکا هەڵوێستێکی تەواو منداڵانە دەردەخەن.

پێموایە لاوازیی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، بەو هۆیەیە کە وا دەزانین منداڵێتی جیهانێکە یان بوارێکی دابڕاوە کە، وێڕای ئەوەی لە ئێمە نامۆ و نائاشنا نییە، هەر لە دەرەوە دەمێنێتەوە و هەمیشە ناتوانێت حەقیقەتی خۆی —واتە ئەو شتەی کە لە واقیعدا شێوازی تایبەتی خۆیەتی- ڕوونبکاتەوە، یان نیگار بکات. هەروەها و بە هەمان بەدحاڵیبوونەوە، هیچ کەسێک وەک نواندنەوە یان وێناکردنی حەقیقەت لە هەڵەکە ناڕوانێت. ئەوە هەڵوێستێکی «منداڵانە« یان «نا-جددی»یە، کە هەردووکیان دوو دۆزن بە یەک واتا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە هەموومان بە تەواوەتی «منداڵانە«ین، دەبێت بە بێ دوودڵی و ئەملاولا بڵێین بە ڕێگایەکی هەرە سەرسوڕهێنەر منداڵانەین. بەم هۆیە «منداڵێتی» مرۆڤایەتی لە حاڵەتی لەدایکبوون و تازە پەیدابوونیدا دەردەخات، واتە لە سروشتە سەرەکییەکەی خۆیدا. بەو واتایەی کە ئاژەڵ منداڵانە نییە، بەڵام مرۆڤ هەندێکات —تەنانەت لە ڕێگەی عاتیفەیشەوە- ئەو واتایانەی کە لەلایەن گەورەکانەوە پێیدەگات

لەگەڵ هەندێ هەستوسۆزەکانی تردا پێکەوە دەبەستێتەوە، واتە لەگەڵ ئەو هەستوسۆزانەدا کە ناتوانێت بیانبەستێتەوە بە هیچ شتێکی دیکەوە. وەها جیهانێک کە پێیەوە لکاوین و تەنیا بەوەی بە بێتاوانی و پاکژییەکەی خۆی مەستمان بکات – جیهانێکە کە تێیدا هەموو شتێک بۆ ماوەیەکی کاتی ڕەتکراوە و قەبووڵنەکراوە، تاوەکو دەبێتە شتێک لەنێو نەزمی گەورەکاندا.

کافکا ئەو شتەی جێهێشتووە کە بڵاوکەرەوەکەی ناوی ناوە «هێڵە گشتییەکانی سەربوردەی کەسی»(3). فراگمێنتەکان بە تەنیا خۆیان ئاماژە بە منداڵێتییەکەی و یەک خاسیەتی تایبەتی کافکا دەکەن. «کاتێک دەبینیت لاوێک لە خوێندنەوەی چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەردا ڕۆچووە، مەحاڵە ئەو قەناعەتەی لا دروست بکەیت کە بچێتە سەر تەختەخەوەکەی و بخەوێت، بەتایبەت ئەگەر هەوڵ بدەیت ئەم قەناعەتەی لەو ڕێگەیەوە بۆ دروست بکەیت کە ئەم کارە لە بەرژەوەندی ئەوە«. کافکا لەمەیش دوورتر دەڕوات و دەڵێت: « لە هەموو ئەمانەدا گرنگترین شتێک کە هەبێت ئەوەیە من مەودای ئەو سەرزەنشتەم فراوان کرد کە چەندێتی

خوێندنەوەی زیادەڕەوانە لای دروست دەکردم، بە جۆرێک کە ئەم مەودایە شکستە نهێنییەکەیشمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەمدا گرتبوویەوە، لەبەرئەمە سەرزەنشتەکە گەیشتە کۆمەڵێک دەرەنجامی ڕوخێنەرتر». نوسەرە باڵغبووەکە پێداگری لەسەر حەقیقەتی ئەو سەرزەنشتە دەکات کە دژ بەو زەوقانەی «خاسیەت و تایبەتمەندیی منداڵ»یان لێپێکهاتبوو، ئاراستەی دەکات. نەزمی منداڵ بەوە کۆتوبەند دەبێت ،کە یان وای لێبکەیت «ڕقی لەو گەورانە بێت، کە ستەمی لێ دەگەن» یانیش ئەو خاسییەت و تایبەتمەندییانەی کە ئەو نەزمە بەرگرییان لێدەکات بە شتی پووچ و بێمانا دابنرێت. کافکا نوسیویەتی «ئەگەر خاسیەتێکم بشارمەوە، ئەوا لە دواییدا ڕقم لە خۆم و چارەنوسیشم دەبێتەوە، خۆم بە دزێو و نەزفرەتلێکراو دادەنێم».

خوێنەری «دادگایی» یان «کۆشک» هیچ بۆی سەخت نییە، کە دەرک بەو کەشە ڕۆمانسییەی بەرهەمەکانی کافکا بکات، یان ئەم تایبەتمەندییە بە ڕوونی ببینێت. کاتێک تەمەنی گەورەتر بوو، تاوانی نوسین بە دوای تاوانی خوێندنەوەدا هات. کاتێک کافکا بەرەو ئەدەب هات، ئەو خەڵکانەی کە

له دوروبەری بوون، پێش هەموو کەسیش باوکی، بە هەمان شێوەی ئەو کاتەی کە بەربەستیان بۆ خوێندنەوەی دانا، گاڵتەیان بە نوسینەکانیشی کرد. بە هەمان شیوە کافکا خۆیشی بێ ئومێد بوو، میشێل کارۆجیز دروست بۆی چووە کاتێک وتوویەتی: «ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر کافکای نائومێد دەکرد ئەو گاڵتەپێکردن و بەسووکسەیرکردنە بوو کە بۆ کارە هەرە گرنگ و جێگای ڕێزەکانی هەبوو...». کافکا وەسفی دیمەنێکی کردووە، کە ڕقوکینەی خێزانەکەی، بە دڵڕەقییەوە، تێیدا ڕوون و ئاشکرایە، ئەو دەڵێت: «هەر وەکو ئەوەی پێشتر دەمکرد، لەنێو خێزانەکەمدا مامەوە و مەیلم بۆی هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا من بە یەکجار لە کۆمەڵگە دەرکرابووم»(4).

**• پشتیوانیکردنی دۆخی منداڵێتی:**

ئەو شتەی لای کافکا سەیر و نامۆیە ئەوەیە، کە ویستویەتی لەلایەن باوکییەوە دەرک بکرێت، باوکی لێی تێبگات و وای لێبکات لە منداڵێتی بابەتی خوێندنەوەکانی، و دواتریش لە نوسینەکانی بچێت. کافکا نەیدەویست باوکی لە کۆمەڵگەی گەوران دەریبکات، کە ئەم کۆمەڵگەیە تاکە شتێک

بوو بۆ وەلانان و وێرانکردن نەدەشیا، ئەوە تاکە شتێکی ڕاستەقینە بوو، کە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، وەک ڕواڵەتی سەرەکی کەسییانەی خۆی ناسیبووی. بەلای ئەوەوە، باوکی فۆڕمێکی دەسەڵات بوو کە بواری بایەخدانی ئەم دەسەڵاتە لە بەهاکانی کاری کاریگەردا قەتیس کرابوو. باوکی سیمبولی باڵادەستیی ئامانج بوو، کە ژیانی ئێستاکە ملکەچی ئەو ئامانجە دەکات کە زۆرینەی گەورەکان ڕێزی لێ دەگرن. کافکایش وەک هەر نوسەرێکی ڕاستەقینە، بەشێوەیەکی منداڵانە لە ژێر دەسەڵاتی ئامانجەکەیشدا دەژیا، وەک بەرامبەرێک بۆ ئارەزووی ئێستایی. ئەو خۆی خستە ئازار و ڕەنجێکی بێ چەندوچوونی کاری نوسینگەییەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا گلەیی لە بەختی خۆی نەبوو، گلەیی لەو کەسانەیش نەبوو کە ناچار بە کارکردنیان کردبوو. ئەو هەمیشە وا هەستی دەکرد لەو کۆمەڵگەیە دوورخراوەتەوە و سەرکوتکراوە کە خۆی خزمەتی پێدەکرد، بەڵام سەیری هەمان ئەو شتە ڕاستەقینەیەی کرد، کە تێیدا گوزارشتی لە خۆی دەکرد، کە وەک پووچی و منداڵیتی لێیدەڕوانی. کاردانەوەی باوکی دەربارەی تێنەگەیشتن لە جیهانی کردە، ڕوون و ئاشکرا بوو. لە ساڵی 1919 دا کافکا وتارێک (نامەیەک)

بۆ باوکی دەنووسێت، بێگومان، بەخۆشحاڵییەوە هەرگیز ئەم نامەیەی نەنارد، ئەوەی لەم نامەیە بۆ ئیمە ماوەتەوە تەنیا چەند فراگمێنتێکە. لەوێدا دەڵێت: منداڵێکی ترسنۆک بووم، بەڵام وەک هەموو منداڵانیتر کەللەڕەق بووم. بێگومان دایکم دایبەدەممەوە و عەجولی کردم، لەگەڵ ئەوەیشدا پێموانییە منداڵێکی ئەوەندە لاسار بووبم کە بە زەحمەت تەواو کۆنترۆڵ بکرێت، منداڵێک نەبووم کە وشەیەکی شیرین، پەروەردەم لەلایەن ئەوەوە، یان نیگایەکی میهرەبانانەی ئەو، وای لێبکات هەموو ئەو شتانەی دەست بکەوێت کە لەمنی دەویست. «تۆ دەتوانێت تەنیا بە گوێرەی سروشتی تایبەتی خۆت مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەیت، ئەوەیش واتای بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیشە... تۆ بە هەوڵی خۆت تا ئەم پێگە بەرزە هەڵکشاویت، لە ڕێگەی هێزی تایبەتی خۆتەوە، چونکە باوەڕێکی بێ سنوورت بە بۆچوونەکانی خۆت هەیە.. زمانگرتن هاتە نێو بوونەتەوە... کاتێک لە بەردەم تۆدا دەوەستم هەموو متمانەیەک بە خۆم لە دەستدەدەم و لەبری ئەوە وا دەزانم بە ڕەهایی هەست بە تاوان دەکەم. لەگەڵ ئەم هەستکردنە ڕەهایەدا بە تاوان کە لە زەیندا جێگیر بووە، جارێکیان بۆ کەسێکم نوسی(6) «ئەو لەوە دەترسێت لە ژیانیدا و لە

دوای مردنیش پەڵەی نەنگییەکی پێکەوە بلکێت...»، هەموو ئەو شتانەی نوسیومن دەربارەی تۆ بوون، دەمتوانی چی بکەم  لە بەرزبوونەوەی ناڵە و عیبرەتەکان بکەم، کە شتانێک بوون نەمدەتوانی لە بوونی تۆدا ئازادیان بکەم و بایەخیان پێ بدەم؟ هەموو شتێک کۆچ بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە تۆ، من بە خواستی خۆم و ئارەزوومەندانە ئەم کارە دەکەم و هەرچەند بتوانم لە تۆ دووردەکەومەوە».

کافکا دەیویست کۆبەرهەمەکەی ناوبنێت «هەوڵێک بۆ هەڵهاتن لە جیهانی باوکانە«(7). لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ هەڵەیەک نییە درەبارەی ئەم جیهانە باوکانەیە: کافکا نەیدەویست بە ڕاستەقینە لەم جیهانە هەڵبێت. بە کردەیی ئارەزووی لەوە بوو لەنێو سنوورەکانی ئەم جیهانە باوکانەیەدا بژی – بەڵام وەکو ڕەزاگرانێک کە لە بنەڕەتدا دەزانێت دەرکراوە. ناتوانین بڵێین ئەو بەهۆی ئەوانیترەوە یان بەهۆی خۆیەوە دەرکراوە. ئەو بە سادەیی بەم ڕێگایە مامەڵە و هەڵسوکەوتی دەکرد، بۆئەوەی لەلایەن بواری بایەخدانی جیهانی پیشەسازی و بازرگانییەوە دزێو و بێفەڕ بێت: دەیویست لەنێو سنوورەکان یان لەنێو چوارچێوەی لاوێتیی خەوندا بمێنێتەوە.

ئەم هەڵهاتنەی کە کافکا، خەونی پێوەدەبینی هەر لە بنچینەوە جیاوازە لەو فۆڕمە تەقلیدییەی هەڵهاتنی

ئەدەبی، لەوەدا جیاوازە کە شکستی هێناوە – دەبوو شکست بهێنێت و دەیویست شکستبهێنێت. هەڵهاتنی باو و تەقلیدی بەهۆی ئەوەی پێویستی بە شتێکە ئەوا پابەندە بە چارەسەرێکی ناوەندییەوە، واتە بە «دووڕوویی»یەوە- بەڵام ئەوەی ئەم جۆرە هەڵهاتنە نییەتی هەستکردنێکی قووڵە بە تاوان، بە پێشێلکردنی ئەو یاسایەی ناکرێت خاپوور بکرێت یان لەنێو ببرێت، بە ڕوونیی بێبەزەییانەی ئاگایی سوبێکتەوە. ئەو مرۆڤەی کە لە ئەدەبدا هەڵدێت ئەو بانگکراوەیە کە دەزانێت خۆی سەرگەرم دەکات. ئەو هێشتایش ئازاد نییە –بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە ئازاد نییە، لەبەرئەوەی ئازادی ئازادبوونە لە کۆتوبەندەکان. بۆیە ئەو بۆ ئەوەی ئازاد بێت دەبێت لەلایەن کۆمەڵگەی باڵادەستەوە بە جۆرێک دانی پێدابنرێت کە وایە.

جیهانی کۆنی دەرەبەگایەتی نەمسایی، تاکە کۆمەڵگەیەک بوو کە دانی بە گەنجە یەهودییەکەدا دەن، ئەوەیش نەک لەبەر لە ئاستبەرزیی ئەدەبی، بەڵکو لەبەر کۆمەڵە هۆکارێکی دیکە، لە سەروو هەموویانەوە جیهانی کار و بسنزە تایبەتیەکانی باوکی بوو. ئەو جیهانەی کە تێیدا باوکی کافکا بە هەموو شێوەیەک دەستڕۆیشتوو بوو، سیمبولێکی

کێبەرکێی کار بوو کە لە پێناو هەواوهەوەسدا سازش ناکات، ئەگەرچی ئەم جیهانە، لە سنوورێکی دیاریکراودا، دەرفەت و بگرە مۆڵەتی بە خۆشویستنی منداڵیتی دەدا، بەڵام منداڵیتی وەک بنەما سەرکۆنە دەکرد و لە چوارچێوەی تەمەنی منداڵیدا کورتی کردەوە. ئەمە وامان لێدەکات ئاوڕ لە توندوتیژی و پەرگیریی کافکا بدەینەوە. ئەو دەیویست لەلایەن دەسەڵاتەوە کەمترین دانی پێدابنرێت، ئەمەیش لە ناخیدا بڕیاری لێ درابوو، هاوتا بە بڕیاری بنجبڕی تەسلیمنەبوون و سازشکردن. لە هەمانکاتدا، لەنێوبردن و سنووردارکردن و بگرە دژایەتیکردنی ئەم دەسەڵاتە، هەرگیز زۆر خۆی ڕانەگرت. نەیدەویست دژایەتی ئەدەب بکات کە تەنانەت لە توانای ژیانیش دایماڵیبوو. ئەو لای خۆیەوە، هەرگیز نەیدەویست پێگەیشتوو بێت یان ببیت بە باوک. بە هەموو تەمەنی و بە ڕێگای تایبەتی خۆی، بە بەکارهێنانی تەواوەتی هەموو مافەکانی، هەوڵیدا بۆ ئەوەدا بچێتە نێو کۆمەڵگەی باوکییەوە -بەڵام ئەم چوونە ناوەوە تەنیا بە یەک مەرج قبوڵکرا- ئەویش ئەوەیە کە منداڵە گاڵتەپێکراوە نابەرپرسەکە هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە کە هەیە.

ئەم لەوپەڕی توونديدا ئەم ململانێ نائومێدکەرەی درێژە پێدەدا. هەرگیز هیچ ئومێدێکی نەبوو: تاکە دەروازەی ئەوە بوو کە لە ڕێگەی مەرگەوە بچێتە نێو جیهانەکەی باوکییەوە، بەو واتایەی هەموو تایبەتمەندییەکانی و ئارەزووەکانی و منداڵێتییەکەی فەرامۆشبکات. ئەو خۆی لە سالی 1917دا ئەم چارەسەدرەی داڕشتووە و بەردەوامیش لە ڕۆمانەکانیدا دووبارە دەبێتەوە: «متمانە بە مردن دەکەم»، دەڵێت: «پاشماوەی ئیمان، گەڕانەوە بۆ باوک، ڕۆژی گەورەی ئاشتەوایی» (8). بەلای ئەوەوە تاکە ریگا بۆ ئەوەی ببێت بە باوک هاوسەرگیری بوو، بەڵام وازی لەم بیرۆکەیە هێنا و ئەم کارەی نەکرد، ئەگەرچی هۆکار و هەلی باشی هاوسەرگیریی بۆ هەڵکەوت: دووجار دەستگیرانییەکەی هەڵوەشایەوە. «دوور لە نەوەکانی پێشتر دەژیا» و «هەرگیز نەیدەتوانی خۆی ڕوو لە نەوە هاوسەردەمەکانی خۆی بکات»(9).

«لە نامەکەیدا بۆ باوکی نوسیویەتی: «ئاستەنگی گەورە لە ڕێگای هاوسەرگیریمدا ئەو قەناعەتە بنجبڕەمە بەوەی کە بۆ دەستەبەرکردنی بوونی

خێزان، بەر لە هەر شتێکیش ئاراستەکردنەکەی، مرۆڤ پێویستی بۆ کۆمەڵێک خاسیەتە کە دەزانم لە تۆ هەن...»(10). بە دەربڕینێکی دیکە، بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی مرۆڤ پێویستی بەوەیە بەو جۆرە بێت کە تۆ هەیت و خیانەت لەو جۆرە بوونە بکات کە من هەم. کافکا دەیتوانی یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرێت: یان بێئابڕوویی ئارەزووەکان و هەوەسە (بەڵام پێداگر و پابەندە) هەرزەکارییەکان، یاخود گاڵتەجاڕێتی دەسەڵاتگەرییانە. ئەو دووانە هیچیان بایەخ بە هیچ شتێک نادەن، هیچ شتێکیش ملکەچی بەختەوەرییەکی بەڵێنپێدراو، یان گەڕان بەدوای ئەم بەختەوەرییەدا ناکەن، بەختەوەرییەک کە وەک پاداشتی چالاکی ماندووکەرانە و ڕەنج و دەسەڵاتی پیاوانە، پێشبینیکراوە. ئەو هەڵبژاردنێکی هەبوو: ئەمەیشی سەلماند. ئەو دەیزانی، ئەگەر نەزانێت چۆن نکوڵی لە بوونی خۆی بکات و خۆی لە ئامێرگەرایی کارێکدا لە دەست بدات کە جێگای ڕێز نییە، ئەی چۆن دەتوانێت بە دڵسۆزییەوە ئەنجامی بدات. ئارەزوویەکی بێ کۆتوبەندی بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەمە هەڵبژارد، منداڵێتییان و بێباکییان، ڕەفتارە نەشیاوەکانیان و

درۆ ئاشکراکانیان. بە کورتی خوازیاری جیهانێکی نالۆژیکی بوو، کە لە پۆلێنکردن بترازێت و ئەو تاکە بوونەی کە دەشێت هەبێت لەو سنوورەدا دابینبکات کە پێویستە تێیدا بمرێت.

ئەو بە تەواوەتی و بە سەرسەختییەوە ئەمەی دەویست، ئەوەی ڕەتدەکردەوە توانای ئەوە بە بەهای تایبەت بدرێت، کە لە هەر هەل و دەرفەتێکی نکوڵیکردن و پۆشینی دەمامکەکاندا، دەسەڵاتی هەڵبژاردنی هەبێت. ئەو کە داوای ئەوەی دەکرد بایەخی تایبەت بە شتێک بدرێت، کە توانای ئەوەی نەبوو بەرزی بکاتەوە، تووشی لادان و سنووردارییی نەبوو. داخۆ ئارەزووە سەرپشککراوەکان لەلایەن یاسا و دەسەڵاتەوە لەو ئەرکانە زیاترن کە لە باخچەی ئاژەڵاندا خراونەتە ئەستۆی ئاژەڵە کێوییەکانەوە؟ ئەو پێیوابوو ڕاستگۆیی، کە واتای دروستیی و ڕەسەنی هیواتەکانە (النزوة)، پێویستی بە نەخۆشی و شڵەژانە. وەک مۆریس بلانشۆو(11) دەڵێت: جیاوکەکان (ئیمتیازەکان) پەیوەستن بە کردەوە، «لە هونەر (هیوایەت)دا هیچ ئیمتیازێک لەبەرامبەر کردەدا نییە«. جیهان بە زوورورەت موڵکی ئەو کەسانەیە، کە زەمینی

بەڵێنپێدراویان بۆ تەرخان کراوە، ئەوانە کە ئەگەر پێویست بێت بە هەموو هێزێکییانەوە یەکدەگرن و بۆ بەدەستهێنانی تێدەکۆشن. نەدەبوو هێزی بێدەنگ و نائومێدی کافکا دادگایی ئەو دەسەڵاتە یان گومان لەو دەسەڵاتە بکات، کە دەیویست ژیانی لێ زەوتبکات، یان نەدەبوو ئەو هەڵە باوەی کێبەرکێ لەژێر گوشاری دەسەڵاتدا نەکات.

ئەگەر ئەو جارێک براوەبوو بێت، دوای ئەوەی سەرکوتکردن و کۆتوبەند ڕەتدەکاتەوە، دەکەوێتە بەردەم خۆی و بەردەوام ئەوانیتر، وەکو ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دژایەتییانی دەکرد و ئەوانەی کە کۆتوبەندیان کردبوو. لاوێتی و هەرزەکاری، یان سەربەستی و ڕزگاربوون، هیوایەتی بێ هەژمار، هەرهەموویان شتانێکن کە ناتوانن هەر لە سەرکەوتندا بمێننەوە. دەشێت ژیانێکی سەرفرازانە هەبێت تەنیا بەو مەرجەی کە نابێت لە هێزدا کە کردەیە، لەپێشترێتی ئاییندە بەسەر کاتی ئێستادا، لەپێشترێتی زەمینی بەڵێنپێدراو بسەپێنرێت، بەڵام ئەستەمە خەبات بۆ ڕووخاندنی دوژمنێکی دڵڕەق نەکات، ئەوەیش واتای ئەوەیە ژیانی مرۆڤ بکرێتە دیاریی بۆ مەرگ. ڕزگاربوونی مرۆڤ بە

بێ ئەوەی خیانەت لە خۆی بکات، پێویستی بە تێکۆشان و خەباتێکی سەخت، شێلگیرانە، ئازاردەر هەیە: ئەمە تاکە هەلێکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر پاکژیی وڕێنەی پەتی کە هەرگیز پەیوەست نییە بە لۆژیکەوە و بە لۆژیک لە قاڵب نادرێت، هەرگیزیش ناتوانێت لەگەڵ میکانیزمی کردەدا بگونجێت – ئەمە ئەو پاکژییەیە کە پاڵەوانەکانی ڕادەکێشێت بۆ نێو زەلکاوی گەورەبوونی تاوان. کێ لە بێدەنگیدا لە «ک»ی «کۆشک»، یان لە «جۆزێف ک» لە «دادگایی»دا، منداڵانەترە و لەگەڵ شوێندا ناکۆکترە؟ ئەم کەسایەتییە دوولایەنە، «هەمان شتن لە هەردوو کتێبەکەدا، بەشێوەیەکی سەرسەختانە و ناعەقڵانییانە و بێ هەژمار دوژمنکارن، بەهۆی هیوایەتەوە لەدەستدەردەچن، بەهۆی عینادیی کوێرانەی مرۆڤەوە. ئەو چاوەڕوانی هەموو شتێک لە ڕێز یان بوونی دەسەڵاتە دلڕەقەکان دەکات. وەکو بوێرترین لەشفرۆش لە هۆڵی گشتیی تیاترۆدا (لەوەیش خراپتر، لە تیاترۆی تایبەت بە دەسەڵاتەکاندا)، لە ناوەندی قوتابخانەدا، لە بوونی پارێزەرەکەیدا... لە دادگای دادی باڵادا، هەڵسوکەوت دەکات»(12).

لە «حوکم»دا باوک دەبێتە جێگای ڕقی کوڕەکەی، بەڵام هەمیشە لەوە دڵنیایە کە قووڵایی، لەبەرڕۆیشتن، چارەنووس، نابوودبوونی ناچارییانە و خۆنەویستانەی دەسەڵاتەکەی، سزای خۆی وەردەگرێت. ئەو پیاوەی کە فەوزا بڵاو دەکاتەوە، سەگی ڕاوەکانی بەرەڵا دەکات بە بێ ئەوەی شوێنێک بۆ خۆ شاردنەوە بدۆزێتەوە، بۆیە خۆی یەکەم قوربانی ئەم کارەی خۆیەتی و لە تاریکیدا پارچەپارچە دەکرێت، بێگومان ئەمە چارەنوسی هەموو ئەو ترازانە مرۆییانەیە کە ڕوویانداوە. ڕزگاریخوازی بەوە ڕزگاری دەبێت کە یان نکوڵی لە خۆی بکات (تەنانەت بچووکترین خەیاڵکردن لەسەر ئاستی زەمینی: تەنیا شوێنکەوتەیی و زەلیلییە، لەپێشتریێتی شتی حیسابکراوە بەسەر بووندا)، یانیش لە ساتەوەختیی هەمیشەیی مردندا. مەرگ تاکە ئامرازە بۆ وەلانانی سازشکردن لەسەر سەرفرازی و ڕزگاریخوازی، لێرەدا هیچ زەلیلییەک لە مەرگدا نییە، لە مەرگدا هیچ شتێک نییە.

**• جیهانی پێکەنیناویی فرانز کافکا:**

کافکا ژیانێکی ڕزگاربووی ئازادانە ئامادە ناکات یان ناهێنێتە ئاراوە: بە پێچەوانەوە، ئەو ژیانەی ئەو دایدەهێنێت تەنانەت لەو ساتەیشدا کە وەک هیوایەتێک دێتە دی، بەبەردەوامی غەمگینانەیە. ئیرۆتیزم لە دادگایی یان لە کۆشکدا ئیرۆتیزمێکە بە بێ عەشق و ئارەزوو یان هێز، ئیرۆتیکێکی ساردوسر و بێتام، کە دەبێت بە هەر نرخێک بوە مرۆڤ لێی هەڵبێت، بەڵام هەموو شتێک جێگای سەرسوڕمانە. لە 1922(13)دا، کافکا لە یاداشتەکانیدا ئەمە تۆمار دەکات:

«هەرچەندە زیاتر ڕەزامەند بم دەمەوێت ڕەزامەند نەبم. بە هەموو ئامرازەکانی کات و گەڕانێک کە لە بەردەستمدایە بەدوای ناڕازیبووندا دەگەرێم: ئینجا ئارەزووی گەڕانەوە دەکەم. لەبەرئەوە منیش هەمیشە ناڕازیم، تەنانەت ناڕازیم لە ناڕازیبوونەکەم. سەیرە کە لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە تەواوەدا دەبوو هەندێک حەقیقەت لەم دۆخە سەخیفەوە بەرهەم هێنرابان. پەشۆکانە عەقڵییەکەم وەک گەمەیەکی منداڵانە سەریهەڵداوە، وێڕای ئەوەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە ئەوە گەمەیەکی بەردەوامی

منداڵانەیە، بۆ نموونە وا خۆم دەرخست، کە خەریکە جەڵتەی دەماغ لێم دەدا. بەملاوبەولادا دەڕۆیشتم و دەستم لە پشتە سەرم توونددکردبوو، شتێکی قۆڕ و ناشیرینی منداڵانە، بەڵام شتێکی سەرکەوتووبوو. هەمان شت بۆ پەرەدان بە نوسینەکانیشم ڕاستە، ئەو پەرەپێدانەی کە بە داخەوە دواتر تا ڕادەی وەستان لە بەردەستدا بوون. ئەگەر بشیایە نائومێدی بە شێوەی پیشەیی دروست بکرایە، ئەوا هەر بەم شێوەیە دروستدەکرا».

بەڵام لە شوێنێکی تردا فراگمێنتێکی بێ بەروار دەبینین(14): «ئومێدم بە سەرکەوتن نییە، چێژ نابینم لە ململانێ لەپێناو ململانێ خۆیدا، تەنیا بەو هۆیە ئەتوانم چێژی لێوەربگرم، کە تاکە شتێکە بتوانم بیکەم. تێکۆشان خۆی پڕم دەکات لە دڵخۆشی، کە ئەمە بە ڕاستی ئەوپەڕی ئەو شتەیە کە بتوانم بەکردەیی چێژی لێ ببینم، ئەو شتەیە کە بتوانم بیبەخشم، ڕەنگە لە دواجاردا ببمە ملکەچی دڵخۆشی، نەک ململانێ».

ئەو دەیویست لە ڕازیبوونی خۆی نائومێد ببێت: بەشە هەرە نهێنییەکەی ئەم نائومێدییە ئەو فۆڕمە هەرە زەقەی دڵخۆشییە کە لە پێناویدا قسەی

لەمەرگ کردووە. «سەری خۆی خوار کردەوە، قوڕگی دەرخست، کە برین لە گۆشتی هەڵتۆقیوی سوتاو و خوێنەوە بەرزدەبوویەوە، هۆی ئەمە ڕۆشنایی بروسکەیەکە هێشتایش بەردەوامە«(15). گومان لەوەدا نییە کە ڕۆشنایی گەش –ڕۆشنایی بەردەوام– واتاکەی لەو خەمۆکییە گەورەترە کە لە پێشییەوە باسکراوە.

ئەم بڕگە قەشەنگەی دواتر، لە یاداشتەکانی کافکادا دەبینین و هی ساڵی 1917(16)یە: هەرگیز نەمتوانیووە لەوە تێبگەم کە هەر کەسێک بنووسێت بەجۆرێک لە جۆرەکان دەشێت ئازار لەپێناو ئازاردا بپێکێت. بۆ نموونە، لە نائومێدیی تایبەتی خۆمدا، بە سەروکەللەم کە هێشتایش لە نائومێدیدا دەسووتێت، دەتوانم دانیشم و بۆ کەسێک بنووسم: من نائومێدم. دەتوانم تەنانەت لەوەیش دوورتر بڕۆم، لە زەخرەفە و گوزارە ڕەوانبێژییە جیاوازەکانمدا، بە گوێرەی تواناکانی خۆم، کە لە هیچ شتێکدا لە نائومێدییەکەم ناچن، دەتوانم لەم بابەتەدا بەشێوەی دژیەکی (طباق)ی ڕەوانبێژانە، یان بە ئۆرکسترای تەواوی پێشهاتەکانی واتا و بیرۆکە و هزرەکان، بە ڕێگایەکی سادە سەرپێیی

و ڕاگوزەر بم. ئەمە درۆیەک نییە، ئەمە ئازار کەمناکاتەوە و ناشکێنێت: ئەوە هێزێکە زێدەڕەویی تێدا کراوە، لە ساتێک لە ساتەکاندا هاوەڵی فەزیلەتە، ئەو کاتەی کە ئازار بەشێوەیەکی بەرچاو هەموو وزەی من، تا ئەوپەڕی قوڵایی بوونم، هەڵدەمژێت و بەردەوام کەوڵم دەکات. ئەم زێدەڕەوییە چییە؟

لێگەڕێن با گرنگی بەم پرسیارە بدەین: ئەم زێدەڕەوییە چییە؟ لە هەموو چیرۆکەکانی کافکادا، چەند دانەیەکیان بە هەمان ئەندازەی «حوکم» چێژبەخشن. لە یاداشتەکانی 23ی سێپتێمبەری 1913(17)دا دەخوێنینەوە: ئەم چیرۆکەم بە بێ پچران لە شەوی 22 و 23دا نوسیوە، لە سەعات دەی ئێوارەوە بۆ شەشی بەیانی. قاچم لە ژێر مێزەکەوە وشک بووبوون، بۆیە زەحمەت دەمتوانی ڕایانبکێشم. هەوڵی ترسێنەر و دڵخۆشکەر بۆ تەواوکردن و بینینی کۆی چیرۆکەکە لە مندا هەتا بێ زیادیاندەکرد، -چۆن ڕێگاکەم لە ئاودا بۆ بکرێتەوە؟ چەندینجار لە وەختی شەودا، هەموو قورسایی لەشم ئەخستە سەر سمتم. چۆن دەکرێت هەموو شتێک بووترێت، چۆن هەموو ئایدیایەک بە زەینمدا بێت، تەنانەت ئایدیا هەرە سەیرەکانیش،

تاوەکو ئاگرێکی گەورە چاوەڕوانی بێت بۆ ئەوەی لەنێو بچێت و سەرلەنوێ زیندووبێتەوە؟ چیرۆکەکە وەڵامی ئەمانە بوو.

کارۆجیز(18) دەڵێت: ئەم حیکایەتە نوێیە چیرۆکی گەنجێک دەگێڕێتەوە کە لەسەر بوونی یەکێک لە هاوڕێکانی، لەگەڵ باوکیدا دەبێتە دەمەقاڵێی و بە خۆکوشتن کۆتایی پێدێت. لە چەند دێڕێکی کەمدا، کورت بە ئەندازەی وەسفکردنی دەمەقاڵێکە، دەزانین کە گەنجەکە چۆن خۆی دەکوژێت:

«بەخێرایی بەرەو دەرەوە تەکانی دا، لە دەرگاکە تێپەڕی و لە بەربەستەکانیش تێپەڕی، بە جۆرێک بەرەو ئاوەکە ڕۆیشت کە نەدەکرا بەری پێبگیرێت. بەر پەرژینەکە کەوت وەک چۆن پیاوێکی برسی لە خواردن دەنیشێت. بەسەر پەرژینی سەلامەتیدا بازیدا، وەکو وەرزشەوانێکی پیشەگەر کە لە گەنجیدا بەو جۆرە بووە و جێی شانازی باوک و دایکی بووە. بۆ ساتێک پاڵیدا بە قەراغێکی لاوازەوە، سەیری ئەو لۆرییانەی دەکرد کە لە بەینی قەراغەکانەوە تێدەپەڕین، نرکەیەک کە بە ئاستەم لێوەی دەردەچوو دەنگی کەوتنەکەی شاردەوە، بە

هێواشی گریا: «دایک و باوکی ئازیزم، هەمیشە خۆشم ویستوون»، ئینجا خۆی شلکرد تاوەکو بکەویێت. لەو ساتەدا کە هاتوچۆ لەسەر پردەکە نارەحەت بوو، هەموو واتای وشەکە زۆر تێکەڵ بووبوو.

میشێل کارۆجیز لەسەر هەقە کاتێک جەخت لەسەر بەهای شیعری ئەو بڕگەی پێشوو دەکاتەوە. کافکا خۆی لەلای «ماکس برود»ی خوداناس تەفسیرێکی دیکەی بۆ کردووە، لێیپرسیووە: «دەزانیت ئەو گوزارەیەی کۆتایی واتای چییە؟ لەو ساتەدا کە دەمنوسی بیرم لە بازێکی توند دەکردەوە«(19). داخۆ «ئەم لێدوانە نائاساییە« شتێکمان لە بارەی «باکگراوندی سێکسی ئیرۆتیکی»یەوە پێدەڵێت؟ دەبێت واتای ئەوە بێت کە «لە کردەی نوسیندا جۆرێک لە قەرەبووکردنەوەی بەزین لەبەردەم باوکدا و شکستی خەونی نێردراوی ژیان هەیە«(20). نازانم، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ئەم «لێدوان»ەدا، گوزارەکە گوزارشت لە باڵادەستی دڵخۆشی دەکات، بەربوونەوە یان کەوتنەخوارەوەی باڵاترین بوونەوەر لەو عەدەمەدا کە لەمنەکانی تر پێکهاتووە.

حەقیقەتی ئەبستراکتی مردن شتێکە وەکو قەرەبووکردنەوەی سەروەریی دڵخۆشی(21). ئەشکەنجە بەر لە دڵخۆشی دێت، وەکو ئاگاییەکی تایبەت بە حەتمییەتی دۆزێک، وەک بڵێی هەر بە ڕاستی دەرککردنی ساتی مەستییە، سەرمەستی بەو جۆرەی کە سەرئێشەی ڕزگاری-یان مەرگ هەیەتی، بەڵام نائومێدی بەتەواوی مانا ئەشکەنجە نییە. لای کافکا، مەرگی «جۆرج بێندمان»ی هاوەڵی، واتای بەختەوەریی هەبوو: ئەو حەتمییەتە خۆبەخشانەی زێدەڕەویی درێژبوویەوە، بەڵام ئازارەکە بۆیە نەما چونکە خۆشەویستییەکی ڕوون و ئاشکرا و ڕێزێکی ئاشکرای بەخشییە باوکی. هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەبوو بۆ یەکخستن و تەباکردنی نێوان ڕێزێکی قووڵ و نەقسێکی ئەنقەست لە ڕێزدا. ئا ئەمە باجی سەرفرازییە: تەنیا مافی لە مردندا هەیە: بە جۆرێک کە نە توانای ئەوەمان هەیە بە یەکجار بیکەین و نە توانای ئەوەمان هەیە تەنیا داوای ئیمتیازاتی کردەکە بکەین، ئەو کردەیەی کە بە شێوەیەکی ڕەسەن ئازادیبەخش نییە بەهۆی ئەو سیفەت یان خاسییەتە کۆیلایەتییە زەلیلییەوە کە ڕەنگی لە هەر هەوڵێک بە دوای دەرەنجامەکاندا

هەیە، ئەو کردەیەی کە هەمیشە شوێنکەوتە و ملکەچە. ئایا هیچ شتێکی چاوەڕواننەکراو لەم تێکەڵبوون و پێکەوەسازانەی مەرگ و چێژدا هەیە؟ چێژ – ئەو شتەی کە وێڕای بوونی هەژمار بە بێ هەژمار مایەی دڵخۆشییە- چونکە ئەو سیفەتە تایبەتییە یان دروشمی بوونەوەری ئازاری خۆسەروەر، مەرگ وەک سزایەک بۆسەی بۆ دادەنێت، وێڕای ئەوەی ئامرازیشییەتی.

ئەوەی دەتوانین بیڵێین هەر ئەمەیە. «ئیشراق و شادی» بەرەنجامی ساتە ئیرۆتیکییەکان نین. ئەگەر ئیرۆتیکایەک هەبێت، ئەوا لەبەر دەستەبەرکردنی بوونی فەوزا بوونی هەیە، وەکو کرژبوونی درۆیینەی شانەدەمارەکانی مێشک کە کافکا دەیویست وا پیشانبدات گوایە جەڵتەی مێشک لێیداوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە «نائومێدی دروستبکات». تەنیا خەمباری زیاتر و شێوازی ژیانێک کە بۆ پاساودان ناشێت زەرورەتی تێکۆشان و ئەم ئازارە بەرهەم دەهێنن کەدەست دەنێتە بینەمان، ئازارێک کە ئەگەر بوونی نەبێت نە باڵایەتی و نە فەزیلەت بوونی نییە. نائومێدی و خراپەکاری بە کردەیی لە خۆیاندا تێکۆشانن.

تێکۆشان، کە پاکیزەیی واتا قووڵەکەیەتی، تێکۆشانێک کە بە دەرەنجامەکانی ناپێورێت و خۆی ناخاتە مەحەکی ئاکامەکانییەوە. ئەگەر پێویستمان بە ئازارە ئەوا تێکۆشان «هەموو ئەو شتانەیە کە لە توانامدا هەیە بیانکەم». تەنیا ئەو کاتەی کافکا لە حاڵەتی نائومێدیدایە و بە هۆی ئەو نائومێدییەوە، پڕی دەبێت لە «شادییەک لەوە زیاترە کە (ئەو) بتوانێت بە کردەیی چێژی لێ ببینێت، لەوە زیاترە کە (ئەو) بتوانێت بیبەخشێت». ئینجا شادی تا ئەوڕادەیە زۆرە کە وای لێدێت لە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت نەک لە تێکۆشانەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە چاو بۆ مردن دەگێڕێت.

**• سەرزیندوویی منداڵێکی بەختەوەر:**

(بەرجەستەبوونی هەژموونی ئازادی لە مەرگدا)

یەکێک لە بڕگەکانی کافکا لە «منداڵان بە ڕێگای شارەوە»دا، ڕواڵەتێکی پارادۆکسیکاڵی زیندوویێتییە بەختەوەرانەکەی پیشان دەدات. وەکو هەموو ئەو ساتەوەختانەی دیکەی بەرهەمەکانی کە وەسفمان کردن، لەم بەرهەمەیشدا هیچ شتێک بە توندی پەیوەست و پەیوەندیدار نییە بە نەزمێکی پتەوەوە یان

پەیوەست نییە بە کۆمەڵێک پەیوەندیی دیاریکراوی پێناسەکراوەوە. هەمیشە هەمان پارچەپارچەبوون هەیە کە فۆڕمی نییە، بەهۆی ڕەشەباوە هەندێجار بەهێواشی و هەندێجار بە خێرایی بەسەر تەمێکی تەنکدا دێت. ئەو ئامانجێکی ڕوونی بۆ خۆی دیاریی نەکرد چاوی لە ئامانجێک نەبڕی کە بە ئاشکرایی پشتیوانی لێکردبێت، تاوەکو ئەم ئامانجە واتایەک بە نەبوونی ئەو سنورە بدات کە بە نەرێنییەکی تەواوەوە سەرفرازی (یان ڕزگاری) دەبینێت. ئەو کاتەی کافکا منداڵ بوو چووە تیپێکی یارییەوە:

«لە ئێوارەدا ڕاماندەکرد و سەرمان دانەواندبوو. شەو و ڕۆژ چیتر بوونیان نەمابوو. زنجیری پاڵتۆکانمان وەکو ددانەکان لەرزە لەرزیان بوو، هەر یەکێکمان بە جێپێی ئەویتردا دەڕۆیشتین، دەممان وەکو ئاژەڵە کەمەرەییەکان گڕی گرتبوو. وەکو سوارچاکە زرێپۆشەکان لە جەنگە کۆنەکاندا خۆمان هەڵدەدا بۆ ئاسمان و بەرزدەبووینەوە، هەر یەکێکمان ئەوانی دیکەمان دەبرد بۆ کۆتایی گەڕەکە بچووکەکە و بۆ سەرەوە بەرەو ڕێگا سەرەکییەکە. ئەو کەسانەی لە یەک جیابوونەوە بازیان بۆ بانکەکەدا، بەڵام بە زەحمەت لە تاریکیی پردەکەدا دیار نەدەمان، ئینجا دواتر لە ڕێگەکەوە

لە قەراغی کێڵگەکانەوە دەردەکەوتنەوە، هەر وەکو غەریبەکان گرنگییان بە ئێمە نەدەدا...».

ئەم لێکدژییە (هەر ڕێک وەک ئەوەی هەتاو دژی تەمێکە کە نارەوێتەوە، حەقیقەتیش بەو جۆرە شاراوەیە) یارمەتیماندەدات، تاوەکو لەو کارەی کافکا تێبگەین کە بە ڕواڵەت غەمگین دەردەکەوێت. لە دواتردا، برینە سەختەکەی لە منداڵیدا و گریانی تێکەڵ بە پێکەنین لە مەرگ تێردەبن. تەنیا مەرگ خۆی بە ئەندازەی پێویست فراوانە و مەوداکەی بەرینە، بە باشی و بە تەواوی لە «کردە – شوێنکەوتن – ئامانج»، لە وروژاندنی نهێنییانەی شادی شەیتانییانەی کافکا، شاراوەیە. بە واتایەکی دیکە، کافکا لە قبوڵکردنی مردندا، لەنێو سنورەکانی مەرگدا، لەنێو ملکەچی بۆ ئامانجدا، ئەوەی بینی کە هەڵوێستی ڕزگاری کە چاوی لە هیچ نەبڕیوە و خوازیاری هیچ شتێک نییە، لە یەک چاوتروکاندا، لە پڕێتییەکەی و تینوێتییەکەی تێهەڵدەچێتەوە. کاتێک بیندمان بەسەر پەرژینەکەدا بازی دا پاڵنەرەکەی هی منداڵییەکی دەربەدەر بوو. هەڵوێستی ڕزگاری قەرزدارە، بە ئەندازەی هەوڵدانی بۆ هەڵهاتن لە مەرگ نائومێدە، بەڵام ڕێک ئەو کاتەی ئەم هەڵوێستی ڕزگارییە دەگیرێتە بەر، جارێکی دیکە هەستکردن

بە تینوێتی منداڵێتی لە دەریای ئازادییەکی بێ سووددا دەکەوێتەوە مەلەکردن. ژیان ژیانێک کە بۆ کەمکردنەوە و کورتکردنەوە و نوقسانکردن ناشێت، ئەو شتە ڕەتدەکاتەوە کە مەرگ پێشکەشی کردووە. مەرگ بە تەنها خۆی بە دەست دەسەڵاتی شاراوەی کردەوە دەدات، بەڵام بە دەستییەوە ئازار ناکێشیت.

• **پاساودانی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم:**

دەتوانین لە کارەکانی کافکادا ڕەهەندێک، یان ڕواڵەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریی بکەین. لایەنێکی سێکسی و لایەنێکی خێزانی و دواجار لایەنێکی ئایینی. بەڵام بەلای منەوە ئەم جۆرە دابەشکارییانە زیادە و ناپێویستن: هەتا ئێستا هەوڵمدا ڕوانگەیەک لە هەموو ئەم لایەنانەوە بخەمەڕوو، بێگومان لە چیرۆکەکانی کافکادا، تەنیا دەکرێت لە کۆنتێکستی گشتیی دەقەکاندا لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی تێبگەین. دەتوانیت «داستانی لەکارکەوتووان» ببینیت، یاخود «یەهودییە ستەملێکراوەکان» لە (کۆشک)دا ببینیت، «داستانی سکاڵا لێکراوێک لە سەردەمی بیرۆکراسییەتدا» لە (دادگایی)دا، ئینجا دەتوانین ئەم حیکایەتانە یان ئەم وەسوەسە

سەرقاڵکەرانە لەگەڵ جیهانی زۆر وردەکار و چڕی «پروست»دا بەراورد بکەین، بەڵام هەرگیز ئەمە پاساوێک نادات بە دەستەوە. بەڵکو کارۆجیز بانگەشەی شیکارکردنی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم دەکات؛ ئەو پێماندەڵێت کە ڕەنگە بەرگریکردن لە کافکا ئاسان بێت: «ئەگەر کەسێک بیەوێت وەک ئەوانیتر بە دژایەتیکردنی شۆڕش تۆمەتباری بکات، ئەوا دژ بە هەموو ئەو تۆمەتانەی کە لەم بارەیەوە دەدرێنە پاڵی، ئەو خۆی لە وێنەگرتن یان لە وەسفکردنی دۆزەخی سەرمایەداریدا قەتیس کردبوو»(22). «خۆ ئەگەر هەڵوێستی کافکا وا دەربکەوێت «ژمارەیەکی زۆری شۆڕشگێڕەکان ڕقیان لێیەتی»، ئەوا خۆی دەڵێت «لەبەرئەوە نییە بە ڕوون و ڕاشکاوی تەنیا هێرش دەکاتە سەر بیرۆکراتییەتی بۆرژوازی و دادپەروەری بۆرژوازی –هێرشێک کە دەشێت ئەوانیش لەمەدا هاوڕای بن–، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە هێرشی کردۆتە سەر هەموو جۆرەکانی بیرۆکراسییەت و دادپەروەریی ساختەیش»(23). داخۆ کافکا ویستوویەتی ڕەخنەی خودی ئەو ئەو دامەزراوانە بکات، کە دەبێت بیانگۆڕین بە دامەزراوەی نەرمتر

و کەمتر وەحشی؟ دیسانیش کارۆجیز دەنووسێت: «تۆبڵێی لە شۆڕش ئاگاداری کردبینەوە؟ یان هیچ کەس وەکو ئەو هاندەری شۆڕش نەبووە. ئەو تەنیا جەختی لەسەر دارمانی مرۆڤ دەکردەوە: ئایا هەموو خوێنەرێک دەتوانێت لە ڕوانگەی خۆیەوە هەندێک بڕیار لەبارەی بەرهەمەکانییەوە بدات؟ ئەی چۆن مرۆڤ ناتوانێت بەسەر ئەو دەسەڵاتە قێزەونەدا یاخی ببێت کە پانتایی زەوییەکانی کارکردن زەوت دەکات و هەموو شتێک دەکات بە موڵکی تایبەت؟»، لەلایەکی دیکەوە، من پێموایە خودی ئایدیای شۆڕش بە ئەنقەست لە (کۆشک) کراوەتە دەرەوە. کارۆجیزیش ئەمە دەزانێت، شتێکی کەمێک لەمە زیاتریش دەڵێت(24): «تاکە ڕەخنەیەک کە مرۆڤ بتوانێت ئاراستەی کافکای بکات ڕەخنەکردنی گومانی ئەوە لە هەوڵی شۆڕش، چونکە ئەو باس لەو کێشانە دەکات کە وەکو کێشە سیاسییەکان نین، بەڵکو کێشەی مرۆڤن، کێشەی مرۆڤ دوای شۆڕش و بۆ ئەبەدیش»، بەڵام قسەکردن دەربارەی گومانی کافکا، هەروەها پێدانی واتایەکی پەیوەست بە وشە و کردارە مرۆییە سیاسییەکان بەو کێشانەی کافکا باسی

کردوون، بە ئەندازەی پێویست لە بەرژەوەندی هیچ یەکێک لە لایەنەکان ناشکێتەوە، نە کافکا و نە ئەوانیتر.

دوور لە ئاخاوتن دەربارەی ناکۆکی، دەبینین دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی دیاریکراوەوە لە کافکا و هزرەکانی ئەو. من دەمەوێت لەمەیش زیاتر بڕۆم؛ هەڵوێستی کافکا بەرامبەر دەسەڵاتی باوکی ئاماژەیە بۆ دژایەتیی بەرامبەر هەموو دەسەڵاتێک کە لە چالاکییەکی کارایانەوە پەیدا ببێت. چالاکیی کارا، کە تا ئاستی دیسپلین و کۆنترۆڵکردن دەڕوات وەک سیستەمێکی لۆژیکی لەبابەتی ئەوەی کۆمۆنیستەکان، کە بە ڕوونی وەک چارەسەری هەموو کێشەیەک دەیخەنە ڕوو. لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵوێستی ئەو بە گشتی ئەوەیە، کە ئەگەرچی بە ڕوونی پشتگیریی لە شۆڕش نەکردووە، بەڵام ڕزگاریی ڕاستەقینەیشی سەرزەنشت نەکردووە، ڕزگارییەک کە ئەم ساتەوەختانەی ئێستا دەبەستێتەوە بە ساتەوەختەکانی دواتریانەوە. ئەمە هەڵوێستێکی سەخت و قورسە بۆ حزبێک کە تەنیا ڕێز لە عەقل دەگرێت و پێیوایە ئەو

بەها نالۆژیکیانەی لە «مەسرەفکردن» و «بێ ئامانجی» و «منداڵێتی»دا خۆی دەنوێنێت، کۆمەڵێک ماسکن بەسەر ڕووی بەرژەوەندی تایبەت و کەسییانەوە. تاکە هەڵوێستێکی ڕزگاری کە کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە ڕێگای پێدراوە ڕزگارییەکە بۆ منداڵ بەڵام لە شێوەی چکۆلەییدا. ئەوە بۆ ئەو منداڵانە ڕەوایە کە ناتوانن بگەن بە جددییەتی کەسانی پێگەیشتوو، یان توانایان نییە ئەم ئامانجە بەدیبهێنن. ئەگەر کەسێکی پێگەیشتوو واتایەکی گەورە بە منداڵێتییەوە دەلکێنێت، ئەگەر دەستیکرد بە نوسین و وا هەستی کرد کە بەهای ڕزگاری گەورەتر دەکات، ئەوا هەرگیز لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا جێی نابێتەوە. لە جیهانێکدا کە تێیدا بۆرژوازییەتی تاکەکەسی سەرکوتکراوە ناتوانین بەرگری لە شادیی هەرزەکارانەی کافکای پێگەیشتوو بکەین یان تەفسیری بکەین یان پاساوی بۆ بهێنینەوە. کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا نکوڵیکردن و نەفزیکردنەوەیەکی تەواوە و سەراپاگیرە، پێچەوانەیەکی ڕیشەیی مەبەست و خواستەکانی کافکایە.

• **بەڵام کافکا خۆی ڕازییە:**

هیچ شتێک نییە کە بشێت کافکا خۆی ساغیبکاتەوە، یان شتێکی یەکلاکەرەوە بە ناوی ئەوەوە بووترێت. ئەوەی کافکا ویستوویەتی، کە لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نەویستووە، تەنیا ئامادەبوونە لەو پنتەدا کە لێیەوە «ئەکتی ڕاستەوخۆی»ی سەرزەنشت کردووە. ئەوەیش هیچ نییە جگە لە پووچەڵکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەکتی ڕاستەوخۆ لە یەککاتدا. ئەمە ئەو هۆکارە بوو کە وای لێکرد لەبەردەم دەسەڵاتێکدا بچەمێتەوە کە خۆی سەرکۆنەی دەکرد، بەڵام شێوازی نوشتانەوەی ئەو زۆر لە هاتوهاوارکردن توندوتیژتر بووە. ئەو دەنووشتایەوە، بەڵام لە کاتی نووشتانەوەدا ئەوینداری دەکرد و دەمرد، ئەو بێدەنگیی عەشق و مەرگ و هاوتاکەی خۆی، کە هەرگیز نەیدەتوانی وای لێ بکات تەسلیم ببێت، لە ئاستی یەکتردا دادەنان، چونکە لە ڕوانگەی ڕزگارییەوە ئەو عەدەمەی کە هەرگیز ناتوانێت بە بێ عەشق و مەرگ تەسلیم ببێت، هەر کافکا خۆیەتی(25).

**پەراوێزەکان:**

1- Kafka, Tageviicher 19101932-, Fischer Verlag 1951- Heinemann, 19481949-.

2- ناتوانم وەڵامێکی دیکەی ژۆزێف جابل بدەمەوە، کە ئەم تیۆرەی بۆ من وروژاند. (دەربارەی ڕەخنە، ژمارە 87، نۆفێمبەر 1953). سیرک ئۆکلاهوما بەس نییە بۆئەوەی ڕوانگەیەکی مێژووییمان دەبارەی کافکا پێبدات.

3 - Franz Kafka, Hochzeitsvorberitungen auf dem Lande und andere Prosa uas dem Nachlass, Fischer Verlag, 1953.

4- Michel Carrouges, Franza Kafka, Labergerir, 1949.

5- Kafka, Hochzeitsvorberitungen.

6- دەربارەی ژۆزێف ک، پاڵەوانی دادگایی، کە بە ڕوونی جمکی نوسەر بووە.

7- Carrouges, op. cit.

8- F. Kafka, Tageviicher, My italics.

9- Carrouges, op. Cit.

10- Kafka, Hochzeitsvorberitungen.

11- Du Feu, Gallimard, 1949, La Part.

12- Carrouges, op. Cit.

13- F. Kafka, Tageviicher.

14- F. Kafka, Hochzeitsvorberitungen.

15- هەمان سەرچاوە.

16- Kafka, Tagebucher.

17- هەمان سەرچاوە.

18- Carrouges, op. cit.

19- هەمان سەرچاوە.

20- هەمان سەرچاوە.

21- پێموایە لێرەدا دەبێت ئاماژە بە بڕگەیەک بدەم، کە بۆ کتێبێکی دیکە نوسیومە: ئیمە هەڵەین کە بایەخێکی زۆر بە گۆڕانی بوونەوەر لە فۆڕمێکەوە بۆ فۆڕمێکی دیکە دەدەین. نەخۆشییەکەمان ناسینی ئەوانیترە، بەو پێیەی گوایە لە دەرەوەماندان، ئەگەرچی لە ناوەوە شتێک دەربارەی خۆمان ناڵێن. ئەگەر خەیاڵی مەرگ بکەین، دەبینین ئەو بۆشاییەی کە مەرگ لەدوای خۆی جێیدەهێڵێت، بەهۆی نیگەرانی لە گیانی خۆمان تووشی وەسوەسەمان دەکات، ئەگەرچی جیهان لە پڕێتییەکانیش پێکهاتووە، بەڵام مەرگی ناڕاستەقینە ئەو مەرگەیە کە وامان لێدەکات هەست بە بۆشایی بکەین، لە یەککاتدا هەم سەرنجمان ڕادەکێشێت و هەمیش بێزارمان دەکات، چونکە ئەم بۆشاییە پەیوەندیدارە بە پڕێتی بوونەوەرەوە. عەدەم، یان بۆشایی، یان ئەوانیتر، وەکو یەک شێوازی جۆراوجۆری پڕێتی نا-کەسییانەن کە ناتوانین دەستیان بەسەردا بگرین.

22- Carrouges, op. cit.

23- هەمان سەرچاوە.

24- هەمان سەرچاوە.

25- بڕوانە سەرەوە.

**سەرچاوە:**


- جورج باتاي، هل يجب احراق كافكا؟ ترجمة: محمد هاشم عبدالسلام، مجلة (انتهاكات) «أقواس: نصوص أيروسية»، دورية عربية في الفكر و الإبداع, العدد 2, 2015، ص102-117.

# دیالەکتیکی مەرگ و ژیان لای ژۆرژ باتای

محەممەد عەلی ئەلکوردی

هیچ گومان لەوەدا نییە ئەو کێشە فیکرییەی کە بیرمەندێکی گەورەی وەکو «ژۆرژ باتای»(1) دەیوروژێنێت، کێشەیەکی هەم سەرسامکەر و هەمیش نیگەرانکەرە. ڕەنگە ئەم جۆرە سەرسامییەی کە ئەم بیرمەندە دەیوروژێنێت، لە خۆیدا فاکتەرێکی گرنگ بێت لە فاکتەرەکانی بیرتیژی و پاڵنانی زەین بەرەو کردنی کۆمەڵێک پرسیارک لە ڕوانگەی ئەویترێتی و جیاوازییەوە، ئەوەیش وەکو «فۆکۆ» پێماندەڵێت، ڕوانگەیەکی زۆر جێی بایەخە و ڕوانینمان بۆ خۆمان و ئەوانی تر دەوڵەمەندتر دەکات.

«باتای» هەر بە ڕاستی فەیلەسوفی پارادۆکسەکانە، پارادۆکسە سەختەکان کە ئەدەبەکەی و فیکری ئەم بیرمەندە تا سنوری قەدەغەکان دەبات، واتە دەیخاتە نێو ئەو ناوچە لێڵ و تەمومژاوییە تەڵزگەییەوە، کە لەنێوان ئاگایی (شعور) و نائاگایی (لاشعور) یان هەست و نەستدا دێت و دەچێت، ئینجا هیچیش سەیر نییە کە میتۆدە فیکرییەکەی ئەو تایبەتمەندییە ناوازەیەی هەبێت و وا بکات جیهانە ئەدەبی و تیۆرییەکەی زۆر جیاواز و ڕەنگە سەیریش بێت. ئەمەیش لەبەرئەوەی ئەم میتۆد

و شێوازە، بەپێچەوانەی ڕێگا و میتۆدە عەقڵانییە باو و ئاشناکانەوە کە زانست لە ڕێگایانەوە ئوبێکتەکانی لەسەر بنەمای وردەکاری و پێکەوەسازان دروستدەکات، بە ڕێگایەکی زۆر کاریگەر لەسەر بنەمای دەرککردنی ئەویتری جیاوازەوە دامەزراوە، بە گوزارشتێکی تر، هەوڵێکی بێووچانە بۆ گرتنی ئەو شتەی کە لە دەستی مەعریفەی ئوبیکتیڤیستی، یان فینۆمینۆلۆژیی پەتی دەخزێت(2).

بەم جۆرە دەبینین «باتای»، لە بواری تیۆریزەکردنی ئابوریدا، لە جیاتی ئەوەی پشت بە چەمکەکانی سود و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ببەستێ، مەیلی لە دارِشتنی جۆرێک لە بەفیرۆدانی ڕوخسارگەرییانە و بەربادکردنی وزەی مرۆیی هەیە، لە بواری کۆمەڵناسیشدا، دەیەوێت توێژینەوە لە هۆکارەکانی هەڵوەشانەوە و جیاوازی بکات لە بری ڕۆشنایی خستنە سەر ڕەگەزەکانی پێکەوەسازان و پێکەوە گونجان، لەو بوارەیشدا کە غەمی هەرە گەورەی کارەکانی و تەوەری تێڕامانە قووڵەکانی بووە، واتە بواری توێژینەوەی ئایینی و دیاردەی «پیرۆزی»، گرنگی بەو شتە دەدات، کە پێیدەڵێت «جەمسەرەکانی ناکۆکی»(3).

بۆ کۆکردنەوەی هەندێک لەو ئایدیایانەی باسمان کردن، دەڵێین: ئەگەر ئایدیای سود ڕێسا و بنچینەی یەکەمی ئابوری بازاڕ بێت، ئەوا بێگومان پێویستی بە جۆرێک لە هاوسەنگییە لەنێوان «بەرهەمهێنان» و «بەکاربردن»دا، هەروەها ئەگەر ئامانجی درێژەدان بێت بە مانەوە و بەردەوامێتی کۆمەڵگە، ئەوا بە خێرایی پێویستی بە سەرکوتکردنی بنەمای «چێژی سەرکێش» (چێژی توندوتیژ) هەیە، ئەوەیش بە پاساوی داواکردنی میانەڕەوی و هارمۆنی و دواخستنی چێژ، تا ئەو کاتەی کە بتوانرێت بۆ کۆمەڵگەیش دابینبکرێت، چونکە چێژی سەرکێش تاوانی پۆخڵ و لادانی قێزەونی تێدایە. لە کاتێکدا کە ئەم بۆچوونە سودگەرییە پەتییانە، بە پلەی یەکەم و لە چوارچێوەی «بنەمای واقیع»دا، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینە باڵادەستەکان دەکات، ئەوا ئەم نوسەرە پەردە لەسەر بوونی جۆرێک لە ئارەزووی نائاگایانە و چەپێنراو لای تاکەکان و کۆمەڵە مرۆییەکان هەڵدەماڵێت، ئەوەیش ئەو شتەیە کە ناوی دەنێت «بەفیڕۆدانخوازی» یان «سەرفکردن» (بە گشتی واتە مەسرەفکردن)، ئەم ڕێبازەیش لە ڕوانگەی ئەودا لێکجووتە لەگەڵ چەند

پاڵنەرێکی بەهێزدا، کە تاراڕدەیەک لە «ئیرۆتیکا» دەچێت. زۆرجار ئەم پاڵنەر و هەڵقوڵانە نائیرادییانە سەردەکێشێت بۆ بەفیڕۆدان و مەسرەفکردن «یان بەفیڕۆدان لە پێناوی بە فیڕۆداندا» – وەک ئەو دەڵێت- لە ڕێگەی هەندێک دیاردەی ئاشناوە، وەکو حەزی دەرکەوتن و بەفیڕۆدان و دەستبڵاویی و شەهوەت بۆ کوشتوبڕ و هەوەسی ئایینی و هەموو شێوازەکانی تەزووی هەستەوەرانە و ویژدانییانە(4).

ڕەنگە لە بواری ئابوریدا، سەرنجی ئەوە بدەین، کە سیستەمی سەرمایەداری، لایەنیکەم لە کاتی دەرکەوتنی چینی بۆرژوازییەوە، سود و قازانجی کردۆتە دوا ئامانجی باڵای کۆمەڵایەتی لەپێناو بەرهەمهێناندا، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەم دیاردەیە ڕێسا گشتییەکە نییە، چونکە لە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی پێش سەرهەڵدانی ئابورییەکانی بازاڕدا، پرۆسەی بەرهەمهێنان ملکەچی بنەمای «بەفیڕۆدانی بێ بەرهەم» یان بەفیڕۆدانی خۆشگوزەرانییانە بووە، ئەمەیش سیفەت و تایبەتمەندی چینەکانی سەرەوە، یان چینە باڵادەستەکان بووە. لێرەدا لە پەیوەندییە تەقلیدییەکەی نێوان سامان و دەسەڵات و خانەدانیی تێدەگەین. بگرە «باتای» لەمە زیاتر

دەڕوات و بە پشت بەستن بە توێژینەوە کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژییە بەناوبانگەکانی «مارسێل موس» لەبارەی «دیاری»(5)یەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئابوریی سەرەتایی، ئاشنای سیستەمی ئاڵوێر نەبووە بەو جۆرەی، کە ئێمە دەیزانین و بەو مانایەی کە لەمڕۆدا هەیە، چونکە ئەم چەمکە بە هیچ کلۆجێک دەلالەتی لە ئاڵوگۆڕ نەکردووە، هەرگیزیش چاوی لە دەستبەسەرداگرتن نەبووە، ئاڵوێر لە زۆربەی کاتەکاندا، لێکجووت بووە لەگەڵ دیاردەی بەخشین و دیاریی و بەخششدا، یان لەگەڵ ئەو شتەدا کە «موس» ناوی دەنێت «پۆتلاچ» (6)(Poutlach)، ئەوەیش گوزارشتە لە ئارەزوویەکی بەهێز بۆ بەفیڕۆدانی کێبەرکێکارییانە. ئەمەیش لە ڕوانگەی «باتای»ەوە، تەفسیری ئەوەمان بۆ دەکات، کە چۆن دیاردەیەکی وەکو بەفیڕۆدانی خۆشگوزەرانییانە -لایەنیکەم تاوەکو دەرکەوتنی چینی بۆرژوازی بە پێوەرە سودەگەرییەکانییەوە- تا ئاستی بەها پۆزەتیڤەکان بەرزبۆتەوە، چۆنیش لای چینە خانەدان و باڵادەستەکان پەیوەستبووە بە بنەماکانی شەرەف و سەربەرزی و بنەچەی خانەدانییەوە(7).

بەڵام لە بواری «پیرۆزی»یە سەرەتاییەکاندا، کە زۆربەیان لەسەر چەمکەکانی وەکو ناونشینیی (Immanence) و یەکێتی بوون (Panthéisme) دامەزراون، نوسەر بنەمای «بەفیڕۆدانی خوشگەزارنییانە« دەبەستێتەوە بەو شتەوە، کە پێیدەڵێت «پیرۆزیی رەش»، ئەم جۆرە پیرۆزییەیش لە ڕوانگەی ئەودا لێکجووتە لەگەڵ هەرێمی «پیسی» یان «پۆخڵ»ی نێو ئایینە بتپەرستییە کۆنەکاندا(8). وا دەردەکەوێت ئەم جۆرە پیرۆزییە، کە بە تەواوی جیاوازە لە چەمکی خودایەتیی دامەزراو لەسەر بنەمای ترانسێندنس (Transcendance)، ئەو شتەیە کە لە دواجاردا لەگەڵ دیاردەی سیحردا تێکەڵبووە، بە تایبەتیش لەگەڵ سیحری «رەش»دا، بۆئەوەی جیا بکرێتەوە لە «سیحری سپی»، کە ئەمەی دووەمیان پەیوەستە بە لایەنی چاکەوە لە پەرستشە کۆنەکاندا. بەهەرحاڵ مەسەلەکە هەرچۆنێک بێت، بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە پیرۆزییە، کە پڕییەتی لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ، پشتی بەستووە بە دەردراو و دەرهاویشتەکانی جەستە وەکو خوێنی دامەن (خوێنی حەیز)، واتە هەموو ئەو شتانەی کە لە واقیعدا بابەتەکانی حەرامکردن یان «تابوو» بوون.

ڕوون و ئاشکرایە، کە ئامانج لەم جۆرە حەرامکردنە، بە گوێرەی گوزارشتی نوسەر، پاراستنی کۆمەڵ بووە لە «سنووربەزاندن لە بەفیڕۆداندا»، واتە بۆ کەمکردنەوەی تەڵەکانی خراپە و تاوان بووە، ئەوەیش لەو ڕوانگەیەوە کە تاوان بە بەزاندنی سنوورەکانی «بەفیڕۆدان»ی ڕێگەپێدراو دادەنرێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵگە لەگەڵ یاساکاندا.

لەگەڵ ئەوەیشدا باتای بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئایدیای سنوور یان سنوورەکان، کە بابەتی قەدەغەکردن پێکدەهێنن، لەسەر ئاستی «هەڵچوون» کە کرۆکی دیاردەی پیرۆزییە و بەهۆی ئەو ترس و دڵەڕاوکی و نیگەرانییەوە کە دروستیدەکات، تەنیا ئەو کاتە کاریگەریی دەبێت، کە لەگەڵ دژەکەیدا بوونی هەبێت، واتە بە پاڵ بنەمای «بەزاندن» یان قەدەغەشکاندنەوە بوونی هەبێت، کە باتای بەم جۆرە پێناسەی دەکات:

«لە ئەنجامی ئەمەوە مرۆڤ ناتوانێت بژی بە بێ تێشکاندنی ئەو بەربەستانەی کە دەخرێتە سەر ڕێگای پێویستییەکەی بۆ بەفیڕۆدان، ئەم بەربەستانە لە هەموو لایەنێکییەوە ترسە ئاواتخواستن، لەبەرئەوەی

لێرەدا هەموو بوونی مرۆڤ، واتە ئەو شتەی کە یەکسانە بە سەرجەمی بەفیڕۆدانی تواناکانی، لەو شتەدا بەرجەستە دەبێت، کە لە شڵەژانە پڕ هەراو زەناکان دەچێت، کە چارەنووسەکەی دەکەویتە نێوان مەرگ و قوڵپە هەرە دڕدۆنگەکانی ژیانەوە»(9).

بەم جۆرە، دیاردەی ژیان لای «ژۆرژ باتای»، لە وێنەیەکی نوقسانی دیالەکتیکیدا، یان لە دووالیزمێکی زۆر ناکۆک لەنێوان دوو لایەنی ململانێکاردا، دەردەکەوێت: لەلایەک بنەمای زەوتکردن و ڕێگریکردن و قەدەغەکردن، لەلایەکی دیکەیش بەزاند و پێشێلکردنی ئەم بنەمایە. بێگومان لێرەدا ئێمە لەبەردەم دووالیزمێکداین کە هۆنینەوەی ژیان و بەربەستکردنی ژیانە، بگرە لەبەردەم دیالەکتیکی ژیانداین کە لە دڵی مەرگ خۆیدا جەخت لەسەر خۆی و بوونی خۆی دەکاتەوە(10). پێموانوایە ئەم ئایدیایەی کۆتایی، ئایدیی پەیوەستبوونی ژیان بە مەرگەوە، وەک ئەوەی «باتای» لەم کۆنتێکستەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، وامان لێدەخوازێت کە برێک ئاگادار و چاوکراوە بین، لەبەرئەوەی لە واقیعدا، ئەو بۆچوونی خۆی دەربارەی هەردوو دیاردەی مەرگ و ژیان لەسەر دوو ئاستی تەواو

لێکجیاواز دادەڕێژێت: لەلایەکەوە ئاستی بوونی هەمەکی پەیوەندیدار، لەلایەکی دیکەیش ئاستی بوونی تاکەکەسی دابڕاو. گومان لەوەدا نییە، کە ئەستەمە دیاردەی مەرگ و ژیان، لە هەردوو حاڵەتە گشتی و بەشییەکەیدا، بیانگەڕێنینەوە بۆ هەمان چوارچێوەی مەرجەعی، هەروەها ئەستەمیشە لەسەر ڕێگایەکی ڕاستەهێڵییانە بە یەکیان بگەیەنین. ئینجا هەر گۆڕان یان پەڕینەوەیەک لە دابڕاوەوە بۆ پەیوەندیدار، یان لە تاکەوە بۆ هەموو، یان لە بەشەوە بۆ گشت، تەنیا دەتوانین بە ئاگاداری و بە مەزەندەکردنەوە وێنای بکەین. سەرەڕای ئەوەیش، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت قبولکردنی ئەم گۆڕانە، وەک واقیعێک یان وەک سیفەتێکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە -بەو جۆرەی کە لە فیکری باتایدا هەیە-، گونجاو لەگەڵ «پاڵنەری مەرگ»دا لای «فرۆید»، واتای قبووڵکردنی لێکدژییەکی ڕادیکاڵیشە کە مەرگ لە ژیان جیادەکاتەوە، لەبەرئەوە پێمانوانییە بنەمای بەزاندنی سنوورەکانی و قەدەغەکراوەکان، کە هەر بە ڕاستی دەلالەتە لەسەر سەرێژکردنی ژیان و تۆخکردنەوەی پاڵنەرەکەی لە ئەکتی تێپەڕاندن خۆیدا، دەشێت ئارەزووی مەرگ

و لەنێوچوون لەسەر ئاستی تاکەکەس دروستبکات و لە هەمان کاتیشدا، لەسەر ئاستی بوونی هەمەکی جەخت لەسەر ژیان بکاتەوە. ئەم لێکدژە ناتوانینک کە بەڕاستی تێپەڕێنین و بازی بەسەردا بدەین یان قبوولّیبکەین ،تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە لە دواجاردا ئەوەمان قبولّبێت ئارەزووی مەرگ، لای باتای، تەنیا واتای ئارەزووی ژیان خۆیەتی، ئارەزووی ژیان لە پالّنەر و هەلّچوونەکەیدا، کە هەر کاتێک نزیک دەبێتەوە لە ئارامبوونەوە و هێدیبوونەوە، سەرلەنوێ دەخرۆشێنرێتەوە و بەهەدەر دەدرێتەوە.

کەواتە تێگەیشتنی «باتای» بۆ دیاردەی مەرگ لەسەر ئاستی واقیع یان مەجاز هەرچۆنێک بێت، دەتوانین –بێ هیچ گومانێک- بلّێین ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و فیکری ئەودا ترۆپکی بایەخدان و غەمی ئەو داگیردەکات. بگرە خەریکە بلّێین وێنەی مەرگ غەمی یەکەمی نوسەرێکە کە بایەخ بە قووڵاییەکانی دەروونی مرۆیی و قوولّبوونەوە بۆ نێو تاریکاییەکانی «ئەزموونی ناوەکی» دەدات، ئەمەیش ئەزموونێکی سۆفیگەرانەی ناوازەیە، ئەزموونێکی جیاواز و دەگمەن، کە خاوەنەکەی خوازیاری ئەوە نییە لە «زاتی خودایی»دا یان لە سەرێژکردنی نورانییانەی

شانشینی باڵادا، «فەنا» ببێت و بتوێتەوە، بەڵکو تێیدا، لە ناوەندی هەستەکانی فەوزا و سەرگەردانی و جۆشداندا، هەوڵی نابوودی و لەدەستچوون و پەرشبوونەوەی خود دەدات، ئەویش لە ڕێگەی دووجۆر ونبوونەوە: ونکردنی «زەمان» و ونکردنی «هەست» (شعور)(11).

گومانی تێدا نییە کە ئەم ئەزموونە بیری ئەو شتەمان دەخاتەوە کە لە کەلەپوری مەسیحیدا بە «لاهوتی سلبی» ناسراوە، کە ناوەڕۆکەکەی پەیوەندیدار نییە بە ئەزموونی ڕۆحانییەتی پۆزەتیڤ یان «ترانسێندنتال»ەوە، چونکە لەوێدا کە پێویستی بە مومارەسە و دۆزینەوە کەسییەکان هەیە، ڕێک –ڕێک وەک ئەو– بەر ئەزموونی لەش یان جەستەدەکەوێت، کە مەبەست لێی سەرکوتکردنی شەهوەتەکان و چەپاندنی غەریزەکانە، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا –کە ئەمەیان خاڵە جەوهەرییەکەیە– تایبەتە بە سروشتی پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆح، لەبەرئەوەی ئەو ئامانجەی کە «باتای» لە ئەزموونی ناوازەی سۆفیگەریدا هەوڵی بۆ دەدات، وەدیهاتنی ڕزگاریی و پاکژی و بڵندبوونەوەی ڕۆح نییە، بەڵکو مردن و فەنابوونە

لە ڕێگەی تووندوتیژی و بەفیڕۆدانی وەزەوە، یان بە گوزارشتێکی دیکە لە ڕێگەی بەخشینی ناکۆتای سوبێکتەوە، لەبەرئەوەی ئەزموونی ناوەکی، بەو جۆرەی کە «باتای» خوازیارییەتی، بەندە بە پەخشکردنەوەی هەستەکانی دڕدۆنگی و ترس و دڵەڕاوکێ لە دەروونداا، بەندە بە توندوتیژی بەهەدەردراو دژ بە وشکی و بەستەڵەکێک کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا دروستی دەکات، یان با بڵێین بەندە بە توندوتیژییەکی نزیک لە کردەی مردنەوە، کە تاکەکەس لە حاڵەتە سنووردارەکەی دادەماڵێت و –لە ساتێک لە ساتەکانتی هەڵچوون و دەرپەڕیندا– دەیخاتە نێو ئامێزی گشتێتیی یۆنیڤێرسالییەوە. بەڵام وەک نوسەرەکەمان دەڵێت، تووندوتیژی، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر خود و پەلاماردانی تایبەتمەندییە یەکپارچەکەیەکی، بگرە ئازار و ئەشکەنجە و دەردەسەرییە، ئینجا توندوتیژی هەرگیز لەخۆیدا خوزاراو نییە، لەخۆیدا مەبەست و ئامانج نییە. لە ڕوانگەی باتایدا تووندوتیژی –هەر بە شێوەی قوربانیکردنی مرۆڤ لە ئایینە کۆنەکاندا– نزیکە لە ئامادەسازییەکی خوێناوییەوە بۆ مەرگ و کۆچکردنی سوبێکت لە پێناو هاوئامێزییەکی قووڵتر

و فراوانتردا، لەپێناو هاوئامێزییەکدا کە خەریکە هەموو بوون دەگرێتەوە. ئینجا، «باتای» ئەزموونی عەشق لەو پەڕی گەرموگوڕیدا لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێنێت کە «کرانەوەیە بەسەر مەرگدا»، هەروەها مەرگیش لەسەر بنەمای «کرانەوە بەسەر عەدەمییەتی بەردەوامێتی تاکەکەسی» دادەمەزرێنێت(12).

لەگەڵ ئەوەیشدا، داخۆ ناکرێت هەندێکات حاڵەتی ئازار و ئەشکەنجە، لەخۆیاندا سەرچاوەی چێژ بن و پێکهاتە مازۆشییەکە تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەزموونی عەشق بێت، چ لە خۆیدا یان لە پێچەوانەبوونەوەی لە کردەی سادیستیدا؟ ئەگەرچی ڕقمان لە مردنە و بەو هۆیەوە سەرزەنشتی دەکەین کە لەگەڵ هەڵچوونی هێزە بەهەدەردەرەکانی ژیاندا لە دژییەکیدایە، ئایا هەندێکات وا ڕوونادات، کە هاوئامێزیی لە قووڵترین خولیا لە خۆگیراوەکانمان دەربارەی ئاسودەیی و ئارامیی، یان ئەو شتەی کە پێیدەوترێت «نێرڤانا» (کە وێنەیەکی نائاگایانەیە لە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ دایک)، بەدەمەوەچوون نییە بۆ منداڵدان و بنچینەی هەموو ئارەزوویەک؟ بێگومان لێرەدا ئێمە لەبەردەم جوڵەیەکداین،

کە لەنێوان پاڵنەری ژیان (ئیرۆس) و پاڵنەری مەرگ (تاناتۆس)دا دێت و دەچێت، لەبەردەم جووڵەیەکیشدا، کە لەنێوان سادیزم و مازۆشیزمدا سەرهەڵدەدات، بێگومان پێکەوەسازانی هەریەکە لەم دوو دوالیزمە پێویستییەکی هەنوکەیین بۆ تێگەیشتن لە قووڵترین پێکهاتە ناوەکییەکانمان- ئەگەرچی لە لای «دۆلۆز»(13) ئامانجەکانیان جیاوازن.

ئەی ئاخۆ «باتای» چۆن هەردوو چەمکی «توندوتیژی و مەرگ» و هەردوو چەمکی «حەرامکردن و شکاندنی حەرام» پێکەوە دەبەستێتەوە؟

پەیوەندی نێوان حەرامکردن و شکاندنی حەرام و نێوان ژیانێکی ڕێکخراو و دیسپلینکراو بەهۆی ڕێسا و سنوورەکان لە لایەک و توندوتیژی و مەرگی کاتی کە ئەم توندوتیژییە دروستی دەکات لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندییەکی شێوە دیالەکتیکی زۆر دڕدۆنگە، لەبەرئەوەی حەرامکردن، بە بێ گەڕاندنەوەی ئارەزووی چەپێنراو و چێژی دواخراو بۆ سروشت، یان بۆ ژیان ڕوودەدات، واتە بە بێ ئەوەی چەپاندنی ئارەزوو و دواخستنی چێژانە بدەینە پاڵ سروشت یان ژیان، چونکە ئەم پرۆسەیە

فشاری پێویستییە ئوبێکتییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کار دەیسەپێنێت(14)، بەڵام پرۆسەی شکاندنی حەرام، کە لایەنی نێگەتیڤی ئارەزووە، هێندەی کار دەکات بۆ تازەکردنەوەی حاڵەتی ترس و نیگەرانی بۆ دەستپێکردنەوەی، هێندەیش کاردەکات بۆ شکاندنی سنوورەکان و پێشێلکردنی حەرامکراوەکان، نەک تەنیا بۆ ئەتککردنی ئەم بەربەست و کۆسپانە، بەڵکو بۆئەوەی -بە هۆی خودی کردەی تێپەڕاندنەوە- جارێکی دیکە زەرورەتی هەبوونی ئەم بەربەست و کۆسپانە بەم کردەیەوە بلکێنێتەوە، ئینجا ئەم پرۆسەیە، بەو پێیەی ئەو وزە و توانستە دەروونیانەی کە دەریان دەپەڕێنێت و دەیانتەقێنێتەوە، توانایەکی زۆر گەورە بەدەستدەهێنێت بۆ کەشفکردنی میکانیزمەکانی «لەدەستدان» و «مەسرەفکردن» و «بەخشین» کە هەندێک دیاردەی نێوان سروشت و کولتوور لێیانەوە پەیدادەبێت، لەسەرووی هەموویشیانەوە بەلای باتایەوە، دیاردەکانی عەشق و سێکس و پیرۆزیین(15).

واپێدەچێت وەزیفەی حەرامکردن، لەسەر ئاستی مەعریفەی ناوەکی، واتە پەیوەست بە ژیانی ویژدانی

و تاسە هەڵچوونییەکانییەوە، دوورخستنەوەی بابەتی نیگەرانی و حاڵەتەکانی دیکەی دڕدۆنگی و ترس بێت، لەبەرئەوەی ئەم دوورخستنەوەیە زۆر پێویستە بۆ وەدیهاتنی ئاگایی بەخود و گواستنەوەی ئەم خودە لەسەر ئاستی پاڵنەرە هەڵچوو و پڕ-جۆشەکانەوە بۆ ئاستی دەرککردن و ڕێکخستن و ڕوونی، کە دەرفەت بە مرۆڤ دەدەن زانست و مەعریفە دروستبکات و حەقیقەتە ئوبێکتییەکانی ئەم جیهانە دابمەزرێنێت، بەڵام هەڵقوڵانی بنەمای حەرامکردن لە دڵی پرۆسەی بەزاندندا، بە زۆری فۆڕمی ئاستەنگێکی دەرەکی یان بەبەستێکی نیگەرانکەر و ترسێنەر وەردەگرێت، واتە ئەو هەستانەی کە بە ناچاری پەیوەستن بە هەموو مومارەسەیەکی تاوان و ئەنجامدانی گوناهەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، دوای ئەوەی پرۆسەی بەزاندنی سنوورەکان سەردەگرێت، یەکسەر نێگەتیڤیتی حەرامکردن دادەمەزرێت و لە ڕواڵەتەکانی ڕەتکردنەوە و سەرکوتکردندا دەردەکەوێتەوە، ئەمەیش لەو ڕێگەیەوە ئەنجامدەدات کە کاریگەری دوولایەنە لەنێوان تەقاندنەوەی هەستەکانی نیگەرانی و ترسی پاڵنان بەرەو دروستکردنی سنوورەکان

لەلایەک و زیندووکردنەوەی پاڵنەرەکانی ئارەزوو بۆ پێشێلکردن و تێپەڕاندنی خودی ئەم سنوورانەدا دابنێت، ئەمەیش لە ڕوانگەی نوسەرەوە، چێژ و نیگەرانی پێکەوە کۆدەکاتەوە و ئارەزوو و مەرگ لە هاوپەیمانێتییەکی زۆر وروژێنەر و ئاڵۆزدا، لە یەکتر تێهەڵکیش دەکات(16).

سەرەرای ئەوەیش، دژایەتیکردنی حەرامکردنی توندوتیژی و هەموو تێپەڕاندنێک، کە بنەمای سنوورەکان دەخاتە مەترسییەوە، لە ڕاستیدا دژایەتیکردنی خودی مەرگ و جووڵە لەنێوبەرە حەتمییەکەیەتی، بەڵام ئەوە لەنێوان مەرگ و ئیشی سوبێکتی ئارەزووکەر و پاڵنانی ئەم سوبێکتە بەرەو لێواری چاڵەکە ڕوونادات، واتە ئەو شوێنەی کە دوو پاڵنەرەکە لەسەری ناکۆکییانە و ناتوانین یەکیان بخەین: پاڵنەری فەنابوون لە بوونی هەمەکیی پەیوەندیداردا لەلایەک، پاڵنەری زیندووکردنەوەی حەرامکردن کە شێوەی فاکتەرەکانی دامرکاندنەوەی ئارەزوو هەڵچوونی ئارەزوو وەردەگرێت، لەلایەکی دیکەوە.

ئینجا ئەو پەیوەندییە پتەوە دەردەکەوێت، کە حەرامکردن وەک لەمپەری بەردەم توندوتیژی

دەبەستێتەوە بە کردەی پێشێلکردنی ئەم حەرامەوە کە تەقاندنەوەی ئەم توندوتیژییە خۆی ئەنجامی دەدات، هەروەها پەیوەندیی دیالەکتیکی نێوان یاسا و پێشێلکردنی یاسا دەردەکەوێت، واتە ئەو دووالیزمەی کە لە بەردی بناغەی مرۆڤی مۆدێرن دەچێت بە هەردوو ڕێساکگەیەوە: واتە کار و حەرامکردن. مەبەست لەمەیش، لای «باتای»، ئەوەیە کە چالاکیی سێکسی، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی «مرۆڤی خاوەن عەقڵ»(17) (Homo Sapiens)ـەوە لەم سەر زەوییەدا، بەردەوام لە دەوڵەمەندترین و توندوتیژترین ڕوخساریدا دەرکەوتووە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە –لە مێژووی کارکردنی مرۆڤایەتیدا– مەترسییەکی گەورەبووە لەسەر هێزە بەرهەمهێنییەکان و لەسەر پاڵنەرە سەرەکییەکانی پێکهێنانی شارستانییەت، ڕەنگە لە هەموویشی گرنگتر، لە ڕوانگەی «باتای»یەوە، پرۆسەی دواخستنی چێژ بێت، ئینجا هەست بەوە کرا، کە پێویستە بنەماکانی حەرامکردن دابمەزرێنرێت، بۆئەوەی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سنوورەکان، چ بە ڕووی مەگدا و چ بە ڕووی چالاکییە سێکسییەکاندا، مامەڵە بکات.

هەرە دیارترین ڕواڵەتە زیندوو و بەردەوامەکانی ئەم سنوورانەیش حەرامکردنی زینای نزیکان و ڕیتواڵەکانی مەرگن.

کەواتە تاوان نییە ئەگەر مردن، کاتێک بەسەر بەردەوامیێتی بوونی هەمەکیدا دەکرێتەوە، لایەنەکەی دیکەی ژیان پێکبهێنێت، مەرگ ئەگەرچی لە ئاستی بوونی ئێستا و ڕاستەوخۆدا نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی ژیانە، بەڵام لە دوورمەودادا شتێکە وەکو جەختلێکردنەوە و پشتیوانیکردنی هێزی ژیان.

جا لەبەرئەوەی مەرگ ئەو شتەیە کە ژیان ڕێکدەخات، ئەوەیە کە سنوورەکان بۆ کردەکانی بەزاندن و تەقاندنەوەی زێدەڕەوییەکان و هەڵقوڵانەکانی ژیان جێگیردەکات. ڕەنگە زەقترین بەڵگە، کە نوسەر پیشانمانی دەدات، زەرورەتی جۆرێک چالاکیی سێکسی بێت، کە بۆ مەسرەفکردن و بەکارهێنانی وزەیەکی زۆر، سنورەکان دەبەزێنێت و وەک هێزێکی نێو پاڵنەری ژیان خۆی، لەنێو خۆیدا تۆوی ماندووکردن و لەنێوبردنی هەڵگرتووە. لێرەدا دەبێت بنەمای قەدەغەکردن لەمپەرەکانی خۆی لە دڵی ئارەزوودا بچەقێنێت، لە پێناو پاراستنی ژیاندا لە بەهەدەردان و لەدەستچوون، بەڵام

هەموو پەیوەستبوونێک بە سنوورەکانەوە لەنێو خۆیدا فریوودانێکی هەڵگرتووە بۆ تێپەڕاندنی و بانگهێشتێکی ڕاشکاوانەی تێدایە بۆ بەزاندنی، وەکو ئەو پەندە باوەی کە دەڵێت: «میوەی ژەهراوی شیرینە« (کل ممنوع مرغوب).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی باتایەوە فریووی تێپەڕاندن و بەزاندن لێکدژ نییە لەگەڵ بنەمای قەدەغەکردندا، بەڵکو «تێیدەپەڕێنێت» و «تەواوی دەکات». سەرەڕای ئەوەیش ئەم فریووە، دەرفەت بە گەڕانەوەی سوبیکتی ئارەزووکەر دەدات و دوای قۆناغی چەپاندنێکی درێژخایەن دیسان تۆخی دەکاتەوە، ئەویش بە پێچەوانەی «کۆجیتۆ»ی دیکارتی، یان سوبێکتی داهێنەر و خولقێنەری «سارتەری»یەوە. سوبێکتێکی پڕ نییە. لەبەرئەوەی ئەم سوبێکتە مەعریفەی ئوبێکتی یان ئاگایی دەربارەی بوون یان زانست دروستناکات و سیستەم تۆخ ناکاتەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ئەم سوبێکتە خاڵ و پنتی بایەخدانی حاڵەتە نەناسراوەکان نییە، بەڵکو پنتی حاڵەتەکانی بەزاندنی بەردەوامە و لە جوڵەیەکی بێووچان و ماندوونەناسانەدایە، ئینجا «باتای» تەنیا ئەو کاتە سیفەتی ڕاستگۆیی و ڕەسەنی و جددیەت

دەخاتە سەر ئەزموونی ویژدانی یان ناوەکی، چ لە تایپە سۆفییەکەیدا بێت یان سێکسییەکەیدا – لەبەرئەوەی هەر یەکێکیان ئەزموونێکە کە بەندە بە جۆرێک لە عەشق و فەنابوونەوە لەویتردا، یان لە بوونی هەمەکیدا– کە ئەم ئەزموونە ڕۆچوون و فەنابوون بێت لە ئەزموونی گشتگیردا، ئەوەیش بەو ڕادەیەی کە بوونەوەری تاکەکەسی تەقینەوەیەک بێت لە تەونی بوونی هەمەکیدا، بەو ڕادەیەی کە ئەم تەقینەوەیە مەیلی لە دەرپەڕین و پەرشبوونەوەیە لە یەکێتییەکی سەرەتایی و ئەبەدیی ئەم بوونەدا. خۆ ئەگەر پرۆسەی شکاندنی حەرامکراوەکان لە حاڵەتە ویژدانی، یان هەڵچوونییە پەتییەکان حسێب بکرێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەیشدا حەرامکردن جۆرێک لە عەقڵانییەتی پەتی یان کامڵ نییە. حەرامکردن، وێڕای ئەوەی لەنێو ئەو پێوەرانەدایە، کە پشت بە بابەتگەرایی و هاوبەندی و سیستەم دەبەستن، کەچی ناتوانێت بە تەواوەتی لە هەستکردن و هەڵچوونەکان دەربازببێت، ئەوەیش بەو ڕادەیەی کە بوونی خۆی –کە بە ناچاری لە پێش عەقڵانییەتەکەیەوە– بەسەر هەستەکانی ترس و دڵەڕاوکێی و نیگەرانیدا دەسەپێنێت، واتە ئەو هەستانەی کە لە دڵی ئەزموونی «تیاژیان»دا،

ناوەرۆکی ڕاستەقینە و کردەیی دیاردەی پیرۆزی پێکدەهێنن(18).

بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، وا پێدەچێت بەزاندنی حەرامکراوەکان، یان پەلاماردانی سنوورەکان تەنیا خاڵیکردنەوەی وزەیەکی زیادەی هەڵچوونە توندوتیژییەکان بێت، نەک تەنیا ڕزگاربوون لە دڕدۆنگیی پاڵنەرە غەریزییەکان بە شێوازێکی عەفەوی و خۆکرد، چونکە، بە پێچەوانەوە، ئەم کارە پێویستی بە کەمێک هۆشیاری و ڕێکخستنە، پێویستی بە جۆرێک لە ڕێسا و ماقووڵیەتە(19)، لەبەرئەوەی کردەی دووبارەبوونەوەی بەردەوامی بەزاندن جۆرێک لە ڕێکخستنی شیاو یان زیدەڕێکخستنی بەسەردا دەسەپێنرێت،ئەمەیش ئەو توندوتیژییە دەریدەپەڕێنێت کە تێیدایە، ئینجا دەبینین و تێدەگەین کە چۆن ڕێسای هاوسەرگیری «ئارەزووی سێکسکردن» ڕێکدەخات و دەینرخێنێت، چۆن جەنگ و زۆرانبازی و ڕاپەڕین فۆرمە ڕەواکان و پاساوە عەقڵانییەکان بۆ شەهوەتی کوشتن و ئازاردان بەرهەمدەهێنێت، هەروەها وەک نوسەر دەڵێت، دەبینین کە چۆن حەرامی خۆکوشتن لە بواری پیرۆزییە «هەرە باڵاکانی ڕیتواڵی ئایینیدا»، لەڕێگەی ڕیتواڵی قوربانیکردن و سەربڕینی نێو

ئایینە کۆنەکانەوە شکێنراوە. لەبەرئەوەی ڕێتواڵە ترسناکەکانی قوربانیکردن دەتوانێت لەڕێگەی توندوتیژییە خوێناوییەکەیەوە، سنوورێک بۆ مۆرکی هەنووکەیی دابنێت و لە ئاگایی بوونەوەری تاکەکەسی دابڕێت، ئینجا لە فەزای بێدەنگییەکی ترسێنەردا، لە ژینگەی گشتێتی گەردوونیدا نغرۆی بکات. «باتای» پێیوایە درز یان کەلێنێک کە شکاندنی حەرامەکان لە ژیانی بوونەوەری تاکەکەسیدا دروستی دەکات و لەویتردا دەیتوێنێتەوە و لە هاوئامێزیی بوونی هەمەکیدا فەنای دەکات، رایەڵەیەکی هاوبەشە کە کردەی عەشق و کردەی قوربانی و فیداکاری پێکەوە دەبەستێتەوە، لەبەرئەوەی، وەک ئەو دەڵێت: «ئەگەر قوربانیکردن ژیانی ڕێکوپێکی ئاژەڵ دەگۆڕێت بە کاڵبوونەوە کوێرانەکانی ئەندامەکانی»، ئەوا تەزووی عەشق «ئەندامەکان ئازاد دەکات» و «جووڵەی جەستە« دەکاتە کردەیەک کە ئیرادە تێدەپەڕێنێت و ژیان تیغ دەکات(20).

پەیوەندی نێوان کردەی بەزاندن و بنەمای حەرامکردن، بە ڕوونی لە دیاردەی هاوسەرگیرییدا ڕووندەبێتەوە، کە وەک نوسەر دەڵێت، گریمانەی ئەنجامدانی «بەزاندن دەکات و ڕەوایەتیی پێدەدات»،

لەبەرئەوەی هاوسەرگیری هەمیشە بە شتێکی وەکو «دەستدرێژی ڕەوا» دەستپێدەکات و زۆرجاریش لە ژێر سیفەتی «شەرم و ئابڕوو»دا ئەنجامدەدرێت، بەڵام ڕێکوپێکیی نەریت و هۆگرێتی بە زوویی ڕێکخستنی بەزاندن خۆی بەرهەمدەهێنن و لە هەموو وزە هەڵچوونییەکانی بەتاڵی دەکەنەوە، بەڵام لە ڕوانگەی باتایەوە، بەزاندنە هەرە تووندوتیژییەکان، بێ ئەملاولا، لەو کەرنەڤاڵ و ڕیتواڵانەی داوێنپیسی (Orgie)دا دەردەکەونەوە، کە هەندێک تاقمی ئایینی کۆن ممارەسەی دەکەن و تێیاندا «هیستریا»ی بە کۆمەڵ دەگاتە ڕادەیەک، کە تەنانەت ژیانی ئەنجامدەرانیشی دەخاتە مەترسییەوە. «باتای» پێیوایە ئەم ڕیتواڵانە، کە شوێنکەوتوانی گنۆسییەت لە سەرەتاکانی سەردەمی مەسیحییەتدا پەنایان بۆ بردووە، حاڵەتێک بووە لە حاڵەتەکانی غیابی ئاگایی دەستەکۆیی کە لە دۆخی ئیمانانسییانەی «پیرۆزی»ی ئایینە کۆنەکان دەچێت. لەم دۆخە ئیمانانسییەدا کۆمەڵ و سروشت بە جۆرێک پێکەوە دەنووسان، ئیدی خەریکبوو دەگەیشتە ڕادەی توانەوەی تەواوەتی لەنێو یەکتریدا، کەواتە ئەوەی لێرەدا ڕوودەدات، بە هیچ شێوەیەک، جۆرێک

لە نابوودبوون نەبووە لە چێژ و خۆشییەکاندا، بەڵکو جۆرێک بووە لە جەزبە و تووانەوەی «هیستری»یانە، ئەگەر ئەم دەربڕینە دروست بێت، کە لە مومارەسە میللیەکاندا شێوەیەکە لە شێوەکانی خۆونکردن، ئەوەیش بە مەبەستی تێپەڕاندنی جیهانی دروستکەری کار و قەدەغەکان و حەرامکراوەکان، ئینجا گەڕانەوە نەک بۆ جۆرێک لە سروشتی بۆهیمییانەی کوێرانە، وەک ئەوەی هەندێک لێکۆڵەر بۆیچوون، بەڵکو بۆ جۆرێک لە یەکێتیی بەرایی و ئارامیی گشتگیر(21).

مەسەلەکە هەرچییەک بێت، مەسیحییەت بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوە چاکسازی و ڕاستکردنەوەیەی، کە قەشە ئۆگەستین (354-430ز) سەرپەرشتیی کرد، دوای پاکژکردنەوەی لە شوێنەوارە مانەوی و گنۆسییەکان، وەک حەقیقەتێکی باوەڕپێکراو قبووڵی بنەمای بەزاندنی نەکردووە، بۆیە بە چەمکی «خودایەتی» (Le Divin) قەرەبووی چەمکی «پیرۆزی» (Le sacré) کردۆتەوە، بەمەیش چەمکی «پەیوەندی» یان «بەردەوامێتی» لە ناوەڕۆکە هەڵچوونییە توندوتیژەکانی و دەلالەتە یەکێتییە پەتییەکانی خاڵی کردەوە، لێرەیشەوە

واتا بڵندەکانی وەکو خۆشەویستی و لێبووردەیی خستە سەر ئەم چەمکە، ئەمەیش لە ڕوانگەی «باتای»ەوە بۆتە مایەی تێپەڕاندن و بەجێهێشتنی قۆناغی «بەزاندن» و پێگە دێرینەکەی ئەم چەمکە، بەرەو ڕوانگەیەکی نەرمتر و ئاشتیخوازتر. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە مەسیحییەت بە تەواوەتی چەمکی «بەردەوامێتی» هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەڵکو لە ئاستی سروشتییانەی یەکێتیی هەڵچوونییەوە، لەرێگەی ئەتککردن و توندوتیژی و مەرگەوە لە فۆرمە جیاوازەکانیاندا (قوربانیکردنی مرۆیی و ئاژەڵی، ڕێوڕەسم و ڕیتواڵە غەیبییەکانی ئاگایی و..هتد) گواستوویەتییەوە بۆ ئاستی ئیمانێکی باڵا بە خالق و زیندووکردنەوەی تاکەکان. ئاکامی ئەم گۆڕانەیش ئەوەبوو کە بنەمای «بەزاندن» توانای خۆی بۆ یەکگرتن لەگەڵ خوایەتیدا لەدەستدا، بۆیە گەڕاندییەوە بۆ پیسی و پۆخڵی پیرۆزییەکان، هەروەها پەیوەندیی عەشق بە جەستەوە لە زۆربەی کاتدا، هێمای خراپەکاری و گوناهباری و جیهانی تاوان و هەڵە بووە(22).

بەڵام وا پێدەچێت کردنەدەرەوەی بنەمای بەزاندن لە بواری سروشت و هەڵچوونە گەرموگوڕەکانی

مرۆڤ، بە تەواوەتی ڕەتنەکراوەتەوە و لە ڕۆڵ دانەماڵراوە، بەو واتایەی سنووریکی یەکلاکەرەوە بۆ هێزە تێکشکێنەرەکەی دانەنراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕوونتر و درەوشاوەتر بەستراوەتە بە جیهانی زمان و خەیاڵەوە، ئەوەیش بەو ڕادەیەی کە جوانیی تێڕوانینە ئەدەبی و هونەرییەکان فۆڕمێکی سەرنجڕاکێشی پێدەداوە، ئەمەیش تاڕادەیەکی زۆر پێگە کردەییەکەی لە جیهانی واقیعدا تێدەپەڕێنێت. ڕەنگە لەم بارەیەوە کتێبەکانی «مارکیز دو ساد» -وەک سۆلەرز بۆی چووە(23)- بەرپەرچدانەوە و درزێکی زۆر توندوتیژ بێت لە دڵی ئایدیالیزمی دیکارتی و عەقڵانییەتی ماتریالیدا کە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەسەرییەوە دامەزراوە. وا پێدەچیت ئەم درزە، هیچ نەبێت، جگە لە کاردانەوەیەکی تراژیدی ترسناک بەڕووی نیگەتیڤیتی یان عەدەمییەتی ئارەزوودا کە عەقلانییەتی ڕۆژئاوایی، ئایدیالیزمی کانت یان ماتریالیزم، لە سەروەختی دامەزراندنیدا کۆمەڵگەی لیبرالیستی مۆدێرندا، هەوڵیداوە بیسڕێتەوە(24). بێگومان لێرەدا ئەوەی دەسڕدرێتەوە یان ئەوەی دەچەپێنرێت هیچ نییە جگە لە سوبێکتی ئارەزووکەر خۆی لە دۆخی هەڵچوونە کوێرانەکەیدا، لە

دۆخی ناسینی سروشتەکەیدا، یان ماهییەتەکەیدا وەک سوبێکتێکی نێگەتیڤ و خاپوورکەر، بەڵام دەرکەوتنی ئەم سوبێکتە لە شێوەی سەرپێژکردنی وزەی بەهەدەردەر یان مەسرەفکەر لای «ساد»، ئەوە ناشارێتەوە کە هەڵچوونە توندەکەی جۆرێکە لە ڕابوون یان هەڵسانەوە کە ڕادەی داخرانی نەزمی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە بەسەرخۆیدا کەشف دەکات. لێرەدا خراپە، لە فۆرمە گشتییەکەیدا وەک پێشێلکردن و بەزاندنی نەریتەکان و پەیوەندیی هێزە باڵادەستەکان، بەها پۆزەتیڤە گەورەکەی خۆی وەردەگرێت، ئەویش هێزە ناکۆکەیەتی بۆ گۆران لە هێزی بەزێنەر و وێرانکەرەوە بۆ هێزێکی شۆڕشگێڕانە کە لەگەڵ ئاگاییدا دەگونجێت و گڕ لە خەیاڵ بەردەدات و داهاتوو ڕزگار دەکات.

پاشان، تێدەگەین کە چۆن ئارەزووی سادیزم لە دۆخە توندوتیژییەکەیدا تا ڕادەی خاپوورکردن و ڕاماڵینی هەموو چەمکەکانی ئاستەنگ و سنوورەکان دەڕوات و، چۆن ئەو کەسەی کە ئەم هەڵچوونانە بەرجەستە دەکاتەوە، دەبێتە نموونەی تێپەڕاندن و بەزاندنی حەرامکراوەکان، ئەمە تا ئەو ڕادەیە درێژ دەبێتەوە کە «پاڵەوانی سادیستی»، بە هیچ جۆرێک

قبوڵی یەکسانی لەگەڵ قوربانییەکەیدا ناکات بۆئەوەی ئەو شێوازی ئازار و ئەشکەنجە و پەلاماردانانەی کە بەسەریدا مومارەسە دەکات، هەموو ئەو شتانەی بۆ وەدی بهێنێت کە حەزی لێیانە، بۆ نموونە: بەخۆنازین و جەختکردنەوە لەسەر یەکێتییەکەی خۆی و بەرزبوونەوەی بەسەر هەموو نەریت و یاسایەکدا. بێگومان ئەم جۆرە کەسایەتییەی کە تەنیا حیساب بۆ چێژ و خۆشییەکانی خۆی دەکات، لە خراپترین جۆرەکانی ئەو تاوانانەیش ناگەڕێتەوە کە ئارەزووەکانی ڕازی دەکەن و شەهوەتی تێر دەکەن، ئەمەیش ئەو شتەیە کە تاوانی سادیستی دەکاتە وێنەی هەرە زەقی شێوەکانی تێپەڕاندن و مەسرەفکردنی وزە، ئینجا هەرە خراپترین ڕواڵەتی ئیرادەی خاپوورکردن کە سڵ لە هیچ ڕێسایەکی ئەخلاقی و ئایینی ناکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەیش، تاوان لە ڕوانگەی کەسایەتی سادیستییەوە، جۆرێک نییە لەو ڕەفتارەی کە تەنیا بۆ وەرگرتنی چێژ و خۆشی، لە ڕێگەی توندوتیژی و یاخیبوونی پڕجۆش بەسەر نەریت و یاساکانی کۆمەڵگەدا، مومارەسە دەکرێت، چونکە لەگەڵ ئەمانەیشدا، ئەم جۆرە کەسایەتییە هەموو ئەو شتانە

کۆدەکاتەوە، کە لە زەین و خەیاڵییەوە دەتەقێتەوە، ڕەفتارگەلی وەکو: ئەشکەنجە و ئازاردان تا ئەو ڕادەیەی، کە دەگاتە ئاستی سێکسی بە کۆمەڵ و خراپەکاری و سواربوونی یەکتر و بگرە لە کوشتن و پۆخڵکردنی پیرۆزییەکانیش سڵ ناکاتەوە. «مۆریس بلانشۆ»(25) شتێکیتریش باسدەکات و پێیوایە تاوانی سادیستی نابێت بەرهەمی هەست وسۆز، یان هەڵچوونێکی کوێرانە بێت، بەڵکو دەبێت دوور بێت لە هەر هەڵچوونێک و بە ساردی و ئارامییەوە ڕووبدات، چونکە دەلالەتن لەسەر یەکێتییەکی تەواوی نێوان ئیرادەی خراپە لای تاوانبار و شوێنەواری ئەو خاپوورکاری و وێرانکارییەی کە دروستیدەکات، ئەمەیش بەو ئەندازەیەی کە ئەم تاوانە بەرهەمی ویستێکی پتەو و و نیازێکە کە لەبەردەم مەحاڵدا نە پاشەکشە دەکات و نە سازشدەکات. ڕەنگە هۆکاری هەموو ئەمانەیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئەو چێژە دۆزەخییەی پاڵەوانی سادیستی بەدوایدا دەگەڕێت، بە تەواوەتی لەسەر ئوبێکتەکە خۆی نەچەسپێت، ئەگەرچی ئوبێکتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و فریوودەریش بێت. گەر وابێت ئەم چێژە، لە زۆربەی کاتەکاندا، چێژێکی دابڕاوە لە ئوبێکتەکەی و تا ڕادەی

نکوڵیکردن له چییەتییەکەی و ڕووبەڕووبوونەوەی فەنابوون تێیدەپەڕێنێت، ئینجا له دواجاردا تاوانی سادیستی، تەنیا وەک خەونی وێرانکارییەکی گشتگیر دەمێنێتەوە، تەنیا خەونێک کە بەردەوام دێتەوە سەرێ، ئەمەیش له سنووری زمان و خەیاڵدا قەتیسی دەکات، لەبەرئەوەی چێژی ڕەها و تاوانی ڕەها له سەر زەمینی واقیع بوونیان نییە(26).

بەم جۆرە، واقیع دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی وێناکردن و وەزیفەی ئاخاوتن (یان قسە)، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی «باتای»، بەر له دەرکەوتنی «ساد» وشە تایبەتمەندی مرۆڤی شارستانی بوو، کە دەیزانی چۆن تووندوتیژی ڕاستەقینە دەچەپێنێت یان بیهێنێت بەسەر ئەویتردا، واتە سەرهاویشتەی مرۆڤی «هەمەجی» و «سەرەتایی» بکات، یان لەوەیش زیاتر بیخاتە سەر «بێگانە« و «غەریبە« له وڵاتە ڕۆژئاواییە هەرە پێشکەوتووەکاندا. «باتای» دەڵێت: بەم واتایە «پێناسەی زمان ئەوەیە، کە گوزارشتی مرۆڤی شارستانییە له بەرامبەر تووندوتیژییەکی بێدەنگدا»(27)، بەڵام له کاتی دەرکەوتنی دیاردەی سادیستییەوە له ئاستی نوسیندا، گوتاری تووندوتیژی تەنیا بۆتە دووبارەکردنەوە و

جووینەوەی واقیعێک، کە هەڵقوڵان لە ئاستی ئاگاییدا دەهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتایش هەڵوێستی سادیستییانە مایەی شۆک و سەرسوڕمانە، چونکە لە ڕاستیدا پێدانی دەرفەتی قسە بە جەلاد تۆتۆلۆژییە،لەبەرئەوەی گوتاری سادیستی بەندە بە لۆژیکی باڵادەستی و هەژموونەوە، وەک دەزانین ئەوەیش لۆژیکێکە، کە پشت بە ستەمکردنێکی ڕەها دەبەستێت و بنەماکەیشی ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ و مشتومڕە، هەروەها لەبەرئەوەی دیاردەی توندوتیژی، مومارەسەکەرەکەی و قوربانییەکەی بۆ تێپەڕاندن و پێشێلکردنی ئەو قەدەغەکراوانەی کە حەزیان لێیانە، تا لێواری چاڵێکی قووڵ پاڵدەنێت.

به گوێرەی تەفسیری»باتای«، وەزیفەی ئەو وشەیەی بە قوربانی دەدرێت، ئەوەیە جۆرێک نارەزایەتی توند دژ بە ڕەوایەتی سزاکەی وەدیبهێنێت. رەنگە لەڕوانگەی ئێمەوە، پێدانی مافی قسە بە قوربانی، شتێکی لەوە قووڵتر بێت و نزیکتر بێت لە جەختکردنەوە لەسەر ئەم سادیزمە هەڵگەڕاوەیەی کە لەو شتەدا هەستی پێدەکەین، واتە ئەو شتەی کە بە مازۆشیزمی سادیستی پێناسەی دەکەین، لێرەدا دەبینین ترۆپکی چێژ و خۆشی و موچووڕکی ئەم

حاڵەتە لە دانپێدانانەکانی قوربانییەکە خۆیدایە، لەوەدا کە بە هەناسەسواری و تەنگەنەفەسییەوە دۆخی خۆی لە کاتی مومارەسەکەیدا، دەگێڕێتەوە، لێرەدا هەر وەکو جیهانی فەلسەفیی —نیچە— لەبەردەم خۆشەویستییەکی «سادیستی»ی ئازار و ئەشکەنجەی ئەوتۆدایین کە دەرفەتی ئەوە بە «پاڵەوانە سەرووئاساییەکە« دەدات، مۆرکە تراژیدییەکەی ئەم ژیانە تێپەڕێنێت، ئەوەیش بەو پێیەی تراژیدیا تەنیا لادان و ئاوارتە لە ڕێگا و ڕێساکەی نییە، بەڵکو بەشێکی ئەسڵییە لە سروشتەکەی. بگرە «بلانشۆو» لەمەیش زیاتر دەڕوات و پێماندەڵێت پاڵەوانی سادیستی، وێرای مەیلە سروشتییەکەی بۆ ئازاردانی ئەویتر، لە بەردەم چێژ و سزاداندا پاشەکشە ناکات، بەڵام نەک لە ژێر هێمای زەرورەتێکدا ڕەوایەتی بە دۆخی چەوسێنراوان و لاوازەکان بدات و پشتیوانی لە داماڵینی چێژ بکات و بەشێوەیەکی نەخۆشانە سەرسام بێت بەوانەی کە بەهێزتر و چاپووکترن، بۆیە گوتاری ئازار و ئەشکەنجە لە لای نوسەری سادیستی لە سروودێکی درێژ دەچێت، کە تێیدا پاڵەوانەکە دەستدەکات بە ستایشکردنی خراپە و ئەو ئیرادەی پۆلایینەی کە دەیجوڵێنێت و ئاراستەیدەکات(28).

سەرەڕای ئەوەیش، دەکرێت گوتاری توندوتیژی، بەو پاساوانەی کە بۆ ئەم کردەی توندوتیژییە دەیخاتەڕوو و بەو شیکارییانەی کە بۆ هۆکارەکانی و ئامانجەکانی دەیکات، لەسەر ئاستی واقیع تێپەڕێنرێت، ئەمەیش وا دەکات ئەم گوتارە جۆرێک بێت لە هاندان کە بەتاڵێتی خۆی دەردەخات، یان جۆرێک لە زیادکردن بنوێنێت، کە میکانیزمە دەروونی و خەیاڵییە پەتییەکانی دەردەخات. ڕەنگە وەک «سیمۆن دی بوڤوار» بۆی چووە، مەبەست لێی شتێکی دیکە بێت، کە بوڤوار پێیوایە جۆرێکە لە چێژی دووبەرامبەر لەسەر ئاستی ئاگایی خۆی، چێژێک کە چێژی زەینی و چێژی هەستەکی لەنێو یەک چوارچێوەدا کۆدەبنەوە(29)، هەروەها دەشێت، «ساد» لە ڕێگەی قسەکردن لە توندوتیژییەوە ویستبێتی ئاستی ورورژاندنە دەروونییەکەی تا ترۆپک بەرزبکاتەوە و ئاستی هەستکردنی، یان هۆشیاربوونی لە لادان لە ڕێسا ئەخلاقییە گشتییەکان، تاڕادەی پیاهەڵدان بە بڵندیی خراپە و چێژی سەرکێش، بەرز بکاتەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە «باتای» باوەڕێکی پتەوی بەوە هەبووە کە ئارەزووی شکاندنی قەدەغەکان، هەستێکە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێت و لە دەرەوە بە سەریدا ناسەپێنرێت(30).

خۆ ئەگەر ئەم ئارەزووە بێسنوورەی تێپەڕاندن و پێشێلکردنی «بڤەکان» لە ناخی مرۆڤەوە هەڵبقوڵێت، ئەوا – بێگومان- لەبەرئەوەیە کە پەیوەندییەکی پتەوی بە دیاردەی «پیرۆزی»یەوە هەیە، واتە پەیوەندیدارە بە پاڵنەرەکانی مەسرەفکردن و بەربادکردن و فەناکردنی خودەوە لە گەڕان بە دوای ئامێزانبوونی یەکێتی سەرەتایی سروشت و گەردوون لە کۆمەڵێک ساتەوەختی ترس و دڵەڕاوکێدا. ئینجا، بەلای «باتای»یەوە، پەیوەستە بە دەرکەوتنی ئەم ئارەزووە خۆیەوە لە دیاردەی عەشقی دڵخوازانەدا بۆ ناڕەحەتییە سۆفیگەری و هەستییەکەی، بەڵام وەک «باتای» بۆمانی ڕوون دەکاتەوە، بۆئەوەی لەمە تێبگەین نابێت وەکو ئەوەی زۆرجار دەروونشیکارەکان دەیکەن، دەلالەتێکی سێکسی بە دیاردەی یەکگرتنی سۆفیگەرییانە بدەین، چونکە بەلای ئەوەوە پێچەوانەکەی لە ڕاستییەوە نزیکترە. لەبەرئەوەی یەکگرتنی سێکسی دەتوانێت بەهۆی باڵایەتی ڕۆحییەوە واتایەک وەربگرێت کە لە مۆرکە هەنوکەییە ڕاستەوخۆکەی و واقیعە نزمەکەی تێپەڕێت. ڕەنگە ئایدیای فەنابوونی خود، یان تێپەڕاندنی خود وەک سروشتێکی پەیوەست بە بوونەوەری سنووردارەوە، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە جیهانی ئیمانانس و بەردەوامیێتیدا ژیان بە

مەرگەوە دەبەستێتەوە، هەلی وێناکردنی پەیوەندیی هاوئامێز لەنێوان سۆفیگەری و سێسکدا بڕەخسێنێت. هەر لە سەردەمی ئەو دابڕانەیشەوە، کە ئایینە ترانسێندنتالییەکان لەنێوان پیرۆزیی «چاکەکار» و پیرۆزیی «خراپەکار»دا دروستیانکردووە، ئەم پەیوەندییە تاکو ئێستایش ڕوون نەبۆتەوە. «باتای» پێیوایە ئەم دابڕانە بۆتە مایەی دابەشکردنی ژیانی سێکسی بۆ دوو لایەنی لێکدژ: لایەنێکی چاک و ڕەوا کە پەیوەستە بە وەچەخستنەوە و منداڵبوونەوە، لایەنێکی خراپ و بێزراو کە پەیوەستە بە چێژی پەتی و سەرنجڕاکێشی و کاری شەیتانەوە، ئەمەیش لە ڕوانگەی نوسەرەوە، بۆتە پاڵنەری ئەوەی کە زاهید و سۆفی لە مەرگ و لەنێوچوونی جەستەدا و، لە خۆگرتنەوەی تەواو لە هەموو خۆشی و چێژەکانی ژیاندا، بە دوای ڕزگاری و بەختەوەری ئەبەدیدا بگەڕێن(31).

بەڵام لە ڕوانگەی «باتای»ەوە، مردنی جەستە، کە زاهیدەکان و راهیبەکان بەدوایدا دەگەڕێن، هیچ نییە جگە لە ماسکێک کە لەژێرەوەیدا حەزی سێکس و ژیان شاراوەتەوە، لەبەرئەوەی مەرگ جۆرێکە لە مەسرەفکردنی زێدەژیان، چ ئاراستەی ئەویتر بکرێت و چ ئاراستەی خود(32). ئەمەیش واتای ئەوەیە

کە سۆفی لەنێوان دوو ئارەزوودا دێت و دەچێت: ئارەزوویەکی سروشتی و غەریزی بەرەو ژیان و سێکس، ئارەزوویەکی باڵا کە دژ بە ئارەزووی یەکەم، پێویستییەکاتی باڵایەتی و بڵندبوون تێردەکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بانگی ژیان و حەزی ژیان بە شێوەیەکی زێدەڕەوانە بنوێنێتەوە، ئەوا ئەوەی دووەمیان هیچ نییە، جگە لە هەڵپەکردن بۆ مەرگ، کە لە جەوهەریدا جۆرێک زێدەژیانە و تا ناکۆتا درێژ بۆتەوە، ئینجا لەوە تێدەگەین، کە لە کوێدا لای «باتای» قەدیس و عاشق بە یەک دەگەن: عاشق، بەو ئەندازەیە عاشقە کە ئارەزووی تێپەڕاندنی خودی هاوئامێز و ئێستایی پاڵی بنێت بۆ دامەزراندنی ژیان لە دڵی مەرگ و فەنابووندا.

کەواتە مەرگ وێنەیەکی گەورەی مەجازییە کە بونیادی تیۆریی «ژۆرژ باتای» لەسەری بەندە، ئەمەیش ئەوەیە کە لە کتێبەکانیدا ڕۆڵی ئەو «خوازە« (استعارة) بنەڕەتییە دەگێڕێت کە ئەو پێمانی دەدات، لەلایەکەوە بۆ تێگەیشتن لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی گشتگیر، کە پاڵنەری ژیان بە پاڵنەری مەرگەوە دەبەستێتەوە و، لەلایەکی دیکەیش بۆ تێگەیشتن لە زۆرێک لە چەمکەکانی وەکو دیاری و لەدەستچوون

و تێپەڕاندن و ئاڵوگۆڕی گشتی و سنووردار، بێگومان لە هەموو ئەوانەیش گرنگتر بۆ تێگەیشتن لە چەمکی «بەفیڕۆدان».

گومانی تێدا نییە، لە کارەکانی «باتای»دا چەمکی «بەفیڕۆدان» ڕۆڵێکی زۆر گرنگی ئایدیۆلۆژی دەگێڕێت، لەبەرئەوەی لە فۆڕمی سەرێژکردندا، بە پشتیوانی ئەرگومێنتێکی بەهێزی سەرەکیی ئۆنتۆلۆژیای دەیخاتەڕووو ئەم ئەرگومێنتەیش گوتاری بەردەوامیێتی و پەیوەندی لای نوسەر هەڵگرتووە. ئەمەیش لە سەر ئاستی ئەو خەیاڵە تیۆرییەی، کە بەشەکانی ئەم کتێبانە پێکەوە دەبەستێتەوە، بواری پڕکردنەوەی کەلێنی ئارەزوو و پڕکردنەوەی بۆشاییە پچڕپچڕەکانی دەڕەخسێنێت تاوەکو بگاتە یەک «ئارامی»، بەڵام ئارەزوو، وەکو «فرانسوا فال» دەڵێت، ملکەچی یەک لۆژیک نابێت، بەڵکو مەیلی لە پەخشکردنەوە و وردوکردنەوەی بابەتەکانی هەیە تا دوایین ڕادە، ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی دیمەنی چێژ و ئازار لە بەرهەمەکانی «ساد»دا بەردەوام دووبارە دەبنەوە. ئەم فەیلەسوفە دەڵێت: «سێکس مەرگ نییە – واتا ئەم یەکێتییە کەلێندارە (ئەم ئایدیایە)ی کە دەمانگەیەنێت بە لایەنەکەی دیکە، بۆ ئەودیوی سێکس و ژیان، لەوێدا کە شتێک نییە شایەنی بەرهەمهێنان بێت، لەپێناو جەستەیەکدا کە

خۆی بۆتە شت- بەڵكو پەرشبوونەوەیە لەمیانەی شتانێکی هەمیشە جیاوازەوە، ئەگەرچی لە پێکهاتەکەیدا دووبارەیش بێت»(33).

بەڵام داخۆ –جارێکی تر- ئەم مەرگە نامانخاتەوە بیری ئەفسانەی «تاناتۆس» لای فرۆید، واتە ئەو شتەی کە لە هەیکەلی بۆچوونە شیکارگەرییەکانی «باتای»دائاستەنگێکی ئەپستمۆلۆژی دروستدەکات؟ بە هەرحاڵ، دەروونشیکارێکی بەناوبانگ(34) هەوڵیدا ئەم تەنگژەیەمان بۆ چارەسەربکاتک کە مەرگ دەخاتە نێو دڵی ژیانەوە، ئەوەیش دەربارەی تێگەیشتنی «فرۆید» بۆ لێکدژیی نێوان چێژ و ئازار لە ڕێگەی دیاردەی مازۆشیزمەوە. کورتەی باسەکە ئەوەیە کە «فرۆید» دوو جۆری لێکجیاوازی چێژ، یان دوو جەمسەری لێکجودای چێژ دیاریی دەکات: یەکەمیان ئاماژەیە بە چێژێکی ئۆرگانی، یان پاڵنەرانە کە ئاستێکی چەندێتی هەیە و بەندە بە خرۆشاندن و بەتاڵکردنەوەی بەشێک لە زێدە- وزەوە، دووەمیان چێژێکی خۆشیبەخشانەی پەتییە کە مەیلی لە چەسپان و جێگیرییە و جۆرێکە لە خۆشیوەرگرتن لە «ئازار». لەم بارەیەوە، فرۆید ئەفسانەی «تاناتۆس» دەبەستێتەوە بە هەوڵی وەستان و جێبەخۆگرتنی جوڵەی خودی پاڵنەرە ئۆرگانییەکان و مۆرکە دووبارەکەیەوە. واپێدەچێت

«فرۆید» هەوڵبدات، لە ڕێگەی ئەم ئەفسانەیەوە، مەیلی سروشتی مرۆڤ بۆ دووبارەبوونەوە، یان دووبارەکردنەوەی ئەو حاڵەت و ڕەوشانەی کە یەکەمجار پێیاندا تێدەپەڕێت و ئەزموونیان دەکات، ببەستێتەوە بە هێزێکی گەردوونییەوە کە هەم لە کایەی دەروونی و هەم لە کایەی ئۆرگانییش تێدەپەڕێت. وا دەردەکەوێت ئەم هێزە بە سروشتی خۆی ویستی لەوە بێت نەزمی ژیانی ئۆرگانی لە لێکدراوییەوە بگەڕێنێتەوە بۆ سادەیی، لە جوڵەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ جێگیربوون.

لەلایەکی دیکەوە، هەر ئەم دەروونشیکارە پێیوایە ئەگەر فاکتەری « دوژمنکاری بەرامبەر خۆ» (auto-aggression)، کە دیاردەی مازۆشیزمی سەرەتایی پێکدەهێنێت و لەو کاتەدا پەیوەندییەکی پتەوی بە دروستبوونی سێکسەوە هەبووە، بخەینە پێش فاکتەری «دوژمنکاری بەرامبەر ئەویتر»ەوە، ئەوا دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی لە دڵی بنەمای چێژدا، فاکتەری ئارەزووکردنی پلە سفر —واتە ئارەزوو بۆ «مەرگ»- لەپێش ئارەزووی هێشتنەوەی حاڵەتی دڵەڕاوکێوەیە(35)، بەڵام ڕەنگە ئەم ئایدیایانە زۆر قەناعەتمان پێنەهێنن، چونکە مەرگ دەخاتە نێو دڵی ژیان خۆیەوە. لەوانەیە

«دانیال لاش»(36)ی دەروونشیکار لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت کاتێک جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەنێو خواست یان مەیلدا شتێک نییە فشار و توندیی دڵەڕاوکێکەمان کەم بکاتەوە، بەڵکو – زۆربەی کات- جۆرێک لە «لینجی»ی دەروونی یان «شلێتی» دەروونی بوونی هەیە. «لابلانش»(37) پێیوایە «فرۆید» لەم بابەتەدا قۆناغی سفر و قۆناغی جێگیریی ئۆرگانیی (کە پەیوەندی بە سفرەوە نییە) لەیەک جیانەکردۆتەوە و ئەم دووانە لە بیرکردنەوەیدا تێکەڵ بوون، چونکە حاڵەتی وەستاوی و جێگیریی ئۆرگانی، بە ئامانجی گەیشتن بە هاوسەنگی، هەم کار بۆ هەڵچوون و دەرکردنی وزە دەکات و هەمیش بۆ هاندان و وروژاندنی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناتوانین یاسای جێگیری لەو پرۆسە بەراییانەدا بژمێرین کە نائاگایی دەیانناسێت، لەبەرئەوەی زۆربەی کات، تەنیا میکانیزمێکە بۆ گونجاندن، لەپێناو پاراستنی ژیاندا، ئینجا دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ببەسترێتەوە بە دەرکەوتنی «منی دوایین»ەوە.

لە کۆتاییدا ئایا ئەم مەرگە، کە «باتای» گرنگیی پێدەدات و هەوڵ بۆ دەرخستنی واتاکەی

و پیشاندانی حەقیقەتەکەی دەدات، ئەو سنوور و ئامانجەی خودی ئارەزوو نییە، کە هەوڵە بێووچانی ئارەزوو بۆ تێربوون پێیدەگات؟ بە هەرحاڵ ئەم مەرگە هەرچییەک بێت و هەر وێنەیەکی شاعیرانە بهێنێت بە زەینماندا، بەلای نوسەرکەمانەوە، هەوڵێکی نیگەرانکەر و سەرسامکەرە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەویتردا بە هەموو ئەو نهێنییە ڕەها و بێ سنوورانەوە کە هەڵیگرتوون. ئەم هەوڵەیش هەم ترسێنەر و هەمیش خوازراوە، بەڵام وەک «باتای» وێنای دەکات، ئەگەر ئەم مەرگە، دەرگا بێت و بگرە تاکە دەرگایش بێت بۆ چوونە نێو ئەویترەوە (جا ئەم ئەویترە مەعشوق بێت یان پەستراو)، ئەوا ئەم کارە بەهۆی ئەزموونی ناوەکیی زۆر تایبەت و کەسییانەوە ئەنجامنادرێت، چونکە بە داخەوە ئەمە لەسەر لێواری دەرەوە بەجێمان دەهێڵێت، پاشانیش ئێمە لەم هەوڵەی ئەودا تەنیا هەوڵێکی بێ ئومێد و تراژیدی دەبینین بۆ دەرککردنی مەحاڵ، ئەم مەحاڵەی کە مرۆڤ ڕەتیدەکاتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەیخاتە ئەستۆی ژیانەوە.

**پەراوێزەکان:**

-1 ژۆرژ باتای (-1897 1962): لە ساڵی 1918 قوتابخانە دیکۆمێنتەکان دەرچووە، لە ساڵی 1922دا کرایە بەڕێوەبەری کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس. بۆ ماوەیەکی کەم چووە ڕیزی سوریالییەکانەوە، پاشان لە ساڵی 1929 ەوە دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ سەر «ئەندرێ بریتۆن»ی پێشەنگی سوریالیستەکان. «باتای» لەچێر کاریگەریی هزرەکانی «نیچە« و «هیگڵ»دا بووە، بەڵام ئەو «هیگڵ»ەی کە کۆژێف شرۆڤەی کردووە. جگە لەمانیش لەژێر کاریگەری «مارسیل موس»ی ئەنترۆپۆلۆژیستدا بووە. ناوبانگی باتای تەنیا لەو کاتەدا بڵاوبوویەوە کە گەیشتە تەمەنی شەست ساڵی، کاتێک سێ بڵاوکەرەوەی بەناوبانگ (گالیمار و مینوا و بوفێر) بە یەکجار سێ بەرهەمی پێشتری ئەم نوسەرەیان بڵاوکردەوە. ئەوانیش: «ئەدەب و خراپە«، «ئیرۆتیزم» و ڕۆمانی «شینیی ئاسمان» بوون،

-2 نالێکچوونناسی، باتای ناوی دەنێت «Le Hétérologie». ئامانجی نوسەر لە دامەزراندنی ئەم زانستە، دەرککردنە بەو شتەی کە لە چوارچێوەی ئوبیکتگەرایی دەخزێت و تیشکخستنەسەر ئەو شتەی کە مەعریفەی لۆژیکی ناتوانێت حسابی بکات و پاشان دەکەوێتە ژێر چەتری «نا-مەعریفە«وە. بڕوانە:

Georges Bataills, oeuvre Complétes, Paris, Gallimard, 1970, pp. 61-62.

-3 هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، لا302-319.

4- هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، ل303.

5- Marcel Mauss, Essai sur le Don. (1923-1924), in Sociologie et Anthropologie, Paris, P.U.F., 1966.

ئەم کتێبە گرنگترین کارەکانی «مارسیل موس»ی لە خۆگرتووە، و ئەنترۆپۆلۆژیستی گەورە «کلۆد لیڤی-شتراوس» پێشەکیی بۆ نووسیوە.

6- ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی «هیندی-ئەمریکییە«، بە تایبەتیش «شیتوک». بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا151-152.

7- ژورژ باتای، کۆبەرهەم (سەرچاوەی پێشوو)، بەشی دووەم، ل310.

8- Georges Bataille, Théorie de le Religion, Paris, Gallimard, 1973, pp17,84,95,97.

باتای پێیوایە چەمکی «پیرۆزی» یان «خودایەتی» لە ئایینە کۆنە سەرەتاییەکاندا، بەشێوەیەکی پتەو مرۆڤ و سروشتی لە یەک گرێداوەتەوە، چونکە ئەم چەمکە لەسەر بنەمای ئیمانانس یان «هاوئامێزی» دامەزراوە. «لوسیان لیڤی-بروهل» ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە «باتای، بنەمای ئیمانانس یان هاوئامێزی دەکاتە خاسییەتی سەرەکی عەقڵییەتی سەرەتایی یان سیحری. ئینجا دەیخاتە تایبەتمەندی سەرەکی «ترانسێندنس»».

9- باتای، کۆبەرهەم، بەشی دووەم، لا333.

10- Georges Bataille, L’Erotisme, Paris, Ed.

De Minuit, 1957, p. 18.

11- R. Narthes, J-L. Baudry, Bataille, Paris, U.G.E., (1018/), p.43.

12- Georges Bataille, L’Erotisme, op. cit, p. 29.

13- Gilles Deleuze, Présentation de Sacher-Masoch, Paris, Ed. de Minuit, 1967, p.92.

14- J.-L. Baudry. «Bataille et la Science », in Bataille, Cit., p. 139.

15- «فرانسوا فال» هیچ پەیوەندییەک نابینێت لەنێوان چەمکی «پیرۆزی» و «حەرامکردن» و «بەزاندن»دا، ئەگەرچی بوونی دابەشکارییەکی هاوبەشی قبوڵە لەنێوان ئەزموونی عەشق و پیرۆزیدا بە واتا کۆنەکەیان کە پەیوەستبوون بە بنەمای ئیمانانسەوە. ڕەنگە ئەو لەمەدا دژی بۆچوونەکانی خۆیشی بێت. بڕوانە وتارەکەی:

François Wahl, «Nu, ou les impasses d’une sortie radicale» in Bataille, op. Cit., p.202.

16- Georges Bataille, L’Erotisme, p.43.

17- هەمان سەرچاوە، ل56.

18- هەمان سەرچاوە، لا58-71.

19- جارێکی دیکەیش فەیلەسوفی هاوچەرخ «فرانسوا فال» پێیوایە کە «باتای» شکستی هێناوە لە لێکبەستنەوە «قەدەغەکردن» بە «دەستەواژەکەی»یەوە، واتە لەلایەکەوە بە دەقەکەیەوە لەلایەک و، بە دەستەواژەکەیەوە لەلایەن سوبێکتی ئارەزوومەندەوە لەلایەکی دیکەوە. واتە بە کورتی،

بەستنەوەی چەمکەکە بە دۆزی زمانەوە، بە تایبەتیش بە «دال»ـەکەوە، ئەم داله ئەو مەدلوزلانە بەرهەم دەهێنێت کە مەرج نییە بە ئەزموونی واقیعی و کردەییدا بڕۆن. ڕەنگە ئەمە بەوهۆیە بێت کە چەمکە بونیادییەکان لە زمانی «باتای»دا، چونکە ئەو زیاتر گرنگی داوە بەو بۆچوونانەی کە زیاتر لە دووکەرتبوونی سوبێکتی ئارەزوومەند دەچ، ئینجا کرانەوەی زمان بەسەر جەستەی بایۆلۆژیدا، ئەمەیش دژ بە «نووسینی میکانیکی»، کە «ئەندرییە بریتۆن»ی پێشەنگی بزووتنەوەی سوررزیالیزم بانگەشەی بۆ دەکرد. (بڕوانە ستایشکردنی ڕۆڵی سروشت و پاڵنەرە بایۆلۆژییەکان لە دڵی زمان و بەرهەمهێنانی زماندا بەشێوەیەکی زۆر میکانیکی، لای باتای. بڕوانە: پەراوێزی ژمارە 15 ی کتێبەکەی، ل238.

20- Georges Bataille, L'Erotisme, p. 102.

21- هەمان سەرچاوە، ل128. هەروەها بڕوانە:

Georges Bataille, Théorie de le Religion, Op. Cit., pp. 17.84.

22- Georges Bataille, L'Erotisme, p.132137-, et p. 18.

23- Philippe Sollers, «L'Acte Bataille », in Bataille. Op. Cit, p. 18.

24- ئەم کەلێنەی کە «عەدەمییەت»ی ئارەزوو لە دڵی سیستەمی عەقلانییەتی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدا دروستی دەکات دروستی دەکات، دەمانخاتەوە بیری عەدەمییەتی شێتی لە دلی ئەزموونی کلاسیکیی عەقلدا لای «میشێل فۆکۆ».

بڕوانە توێژینەوەکەمان: «د، محەمەد عەلی ئەلکوردی، تیۆری مەعریفە و دەسەڵات لای میشێل فۆکۆ، خانەی مەعریفەی زانکۆیی، ئەسکەندەرییە، 1992، ل159–244.

25- Maurice Blanchot, Lautréamont et Sade, Ed. de Minuit, Paris 1963, pp. 4445-.

26- Georges Bataille, L'Erotisme, p. 192194-.

27- هەمان سەرچاوە، ل206.

28- Maurice Blanchot, Op. Cit, p. 131.

29- Georges Bataille, L'Erotisme, p. 213215-.

30- هەمان سەرچاوە، ل216–217.

31- هەمان سارچەوە، ل246.

32- هەمان سەرچاوە، ل255 و ل 276–286.

33- ois Wahl, in Bataille, Op, p. 225.

34- Jean Laplanche, Vie et Mort en Psychanalyse, Paris, pp. 178198-.

35- هەمان سەرچاوە، 182.

36- هەمان سەرچاوە، ل184.

37- هەمان سەرچاوە، ل198.

**سەرچاوە:**

-محمد علي الكردي: جدلية الحياة و الموت عند جورج بطاي، ضمن كتاب «جورج باتاي، الجنون المتنقل بين الفلسفة و القداسة»، تأليف مجموعة مؤلفين، دار دراسات العربية، (د. س) (د. م). صص 35–58.

# نامە بۆ ڕۆنی شار
# دەربارەی پارادۆکسەکانی نوسەر

جۆرج باتای

ئایا پارادۆکسێک (ناکۆکییەک) هەیە؟ سەرەڕای ئەوەی بە تەواوی ئەم جۆرە پرسیارە لەمڕۆدا بێ سوودە، کەچی ئەگەر بە ئەنجامگیرییە ناسراوەکان حوکم بدەین، ئەوا کەرەستە دیالەکتیکییەکان ڕێ بۆ ئەوە خۆشدەکەن، بە بەڵێ وەڵامی هەموو شتێک بدەینەوە(1)، بەڵام وەڵامدانەوە بە بەڵێ (پۆزەتیڤ) واتای ئەوە نییە بە ڕاست وەڵامانداوەتەوە. گۆڤاری ئەمپادۆکلیس(2) پێشنیاری ئەوە دەکات، کە بە وردی و سەرنجەوە مەسەلەی ناکۆکییە مۆدێرنەکان بپشکنین، مۆدێرن بەو مانایەی لە هەلومەرجی بوونی ئەم زەمەنەماندا(3) کارایە -با لەسەر ئەم خاڵە هاوڕابین-، ئەمەیش لە یەککاتدا هەم جێیگومانە و هەمیش بەردەوام هەڵدەقوڵێت. لە چەندین گۆشەوە، لەوەدڵنیا دەبینەوە، کە هەندێک لە وەزیفەکانی ئاگایی، هەندێک چالاکی لێکدژ، دەشێت بە بێ زیانگەیاندن بە حەقیقەتی زانستی و دروست (حەقیقەتە سیاسییەکان، ئابورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و هەر ئەخلاقیێکیش..) کە کۆمەڵە مرۆییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، لای یەک کەس کۆببنەوە و کاربکەن. ئەمە شتێکی مومکینە، بەڵام سەد لە سەدیش نییە، لەبەرئەوەی گلەییەکان، داواکارییە ڕاستەکان بەرزدەکرێنەوە، ململانێکان بەرپادەبن و چارەسەرەکان دادەڕێژرێن، ئایا پێتانوانییە جیهانی ئێستا، ئەگەر بیەوێت هاوبەندی و

سازگارییە ڕێژەییەکەی و هەمەجۆرییە بەندکراوەکەی وەربگرێتەوە، ئەوا ئەم پێویستییە بەشێوەیەکی هەندەکی (جوزئی) لە گرەوی توانای چارەسەکردن یان –لایەنیکەم– لەگرەوی ئەوەدایە بە جددی کێشەی ناکۆکییەکان، وەک کێشەی زیندوو، سەرەکی بخاتەڕوو، کە بەو پەڕی ئاسوودەییەوە تێیاندەپەڕێنین؟

وەک دەزانین، لە هەموو مرۆڤێکدا گەردێک ئارییێل و گەردێک کالیبان(4) هەیە، لەگەڵ پارچەیەکدا کە لە شتێکی نەناسراوی بێ فۆرم دروستکراوە، با بۆ سادەکردنەوەی بابەتەکە بڵێین پارچەیەک خەڵوز، کە ئەگەر ئارییێل لەسەری پێداگر و بەردەوام بێت، بە مەحاڵی دەبێتە ئەڵماس، یان ئەگەر واز لە ئەرکەکەی بهێنێت، دەبێتە نەخۆشییەک کە مێشومەگەز دەیگوازنەوە.

بایەخدان بە وردەکارییەکی ڕوون، لۆژیکبوون یان لۆژیکنەبوونی پرسیارەکەمان، تێڕوانینە گشتگیرەکەی، بۆ ئەو کەسانە جێدەهێڵن کە دەیانەویت بە پۆزەتیڤ بەشداریی لە وەڵامدانەوەیدا بکەن.

ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن: ئەمە ڕاپرسییەکی بێمانا و ناڕوونە، بەڵام ڕاپرسیەکە و وەڵامەکان چاوەڕوانی ڕۆشنایی و ڕوونکردنەوە ئێوەی دوژمن یان هاوڕێیە.

ڕۆنی شار

مایۆ 1950

**ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەی**

**«ڕۆرژ باتای»یەم بۆ وەڵامی ئەم ڕاگەیاندنەی «ڕۆنی شار».**

**هاوڕێی ئەزیز:**

ئەو پرسیارەی کە ئێوە لە گۆڤاری «ئەمپادۆکلیس»دا خستووتانەتە ڕوو «ئایا پارادۆکسەکان لە ئارادان؟»، لای من سیفەتی بێدارکردنەوەی ئەرکێکی چاوەڕێکراوی وەرگرت، کە سەرەڕای هەموو شتێک، لە چاوەڕوانییەکەی نائومێد بووبووم. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، باشتر ئاگام لەوەیەم کە ئەم جیهانەی تێیداین، ئارەزووەکانی خۆی لە غەفڵەتدا کەمتردەکاتەوە، بەڵام، لە کاتی پێویستدا، وشەیەک هەیە کە ئامادەدەبێت و لە بە دەستەوەگرتنەوەی جڵەو دەچێت.

لە ئێستادا، لە زۆر کاتدا، ئەگەر ئەنگوستیلەکان لە نزیک یەکترییەوە دەردەکەون: ڕێک لەم ساتەوەختەدا، ئارەزوویەک هەیە بۆ لەبیرکردن، بۆ کارلێکنەکردن، کە بەسەر چێژی بەردەوامبوون لە ژیاندا هەژموون دەکات.. بەڵام بیرکردنەوە لە شتی حەتمی، یان هەر بە سادەیی هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەئاگاهێنانەوە، شتانێکن کە خەوتن لە هەردووکیان باشترە. ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەوانەم بینی، کە

هەڵوێستی زێدەڕەوانەی قورس بەجێیدەهێشتن. بەڵام ئایا کەسانێک هەبوون کە بەوپەڕی ئاگاییەوە هاوار بکەن؟ ئەوەی کە دێت زۆر سەیرترە، زۆر فراوانترە، یاخود زۆر کەمترە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت... کاتێک ئەو قەدەرە دەردەکەوێت کە لە پێشییانەوەیە، زۆرینەی مرۆڤەکان دەچنەوە دۆخی غیاب و بێهۆشی. ئەوانەی بێ هیچ وشەیەک وەک کەسانی پێداگر، هەڕەشەکەر، دەردەکەوتن، بە ویستی خۆیان لە شەوێکی پرشنگداردا لەدەستچوون، بەڵام شەوێک کە ئێستا زۆربەی بەشە تارک و ڕوونەکانی زەوییشی تێدا نووستووە: لە بەرامبەر خەوتنی دۆگمایی هەندێک کەسدا، لای هەندێک کەسیتر ژاوەژاوێک هەیە کە زۆر خوێنساردانەیە، لە کایۆسی دەنگە خۆڵەمێشییە زۆروزەبەندەکاندا(5)، هەندێک لە هێزەکان ئەم ژاوەژاوە بۆ بێهۆشکردنی بیسەرەکان بەکاردەهێنن.

ڕەنگە گاڵتەجاڕییە بێ سوودەکەم شێوازێک بێت بۆ خەوتنێکی قووڵتر... بەڵام دەنووسم، دەدوێم و، تەنیا دەتوانم دڵخۆش بم، چونکە دەرفەتێکم بۆ وەڵامدانەوەتان بۆ هەڵکەوتووە، بگرە کاتم بۆ ئارەزوویەک تەرخانکردووە، کە لە ساتی بێداریدا

لەگەڵتانی بەشدەکەم، لەوێدا کە لایەنیکەم قبوڵی ئەم ژاوەژاوە گەردوونییە ناکات، کە تەنانەت فیکریش دەکاتە لەبیرکردن، قسەی پووچ، وەڕینی سەگ لە کەنیسەدا.

لەمەیش زیاتر، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئێوە کردووتانە، لە دواجاردا ئەو هەستەی تێدا دروستکردم کە لایەنە دژەکەمم پێکاوە -کە بە دڵنیاییەوە فلانە کەس و فیسارە کەس نییە، بەڵکو هەموو شێوازی بوونەیە کە ئارەزوو(6) دەچەقێنێتە قووڕ و دەیخەوێنێت و نغرۆی دەکات- لە کۆتاییشدا لە خاڵێکدا پێکاومە کە دەبووا بیپێکم. ئێوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن و هانی ئەوە دەدەن کە لە ژاوەژاو دەرچین.. ڕەنگە پێشبینییەک هەبێت کە زەمەنی داهاتوو ڕابگەیەنێت. لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا، چۆن دەبێت لێگەڕێین دەرەنجامەکانی ئەکت، لە فۆڕمە هەرە کارەساتبارەکانیدا، «شاردنەوە«ی ژیان بێت؟ واتە بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە سەرزەنشتی هەر دۆخێکی شوێنکەوتەیی، هەر دۆخێکی ملکەچی بکرێت کە ژیانی مرۆڤایەتی لەگەڵیدا ناکۆک بێت: شوێنکەوتەیی، هەر لە ئەزەلەوە دۆخێکی قبووڵکراو بووە، بەڵام لەمڕۆدا زێدەڕەویی تێدا کراوە، ئەمەیش ناچارمان

دەکات، کە بە چاوکراوەییەوە لێی دووربکەوینەوە. بە چاوکراوەییەوە! هەر بە ڕاستی ئەم مەسەلەیە لەم ئاستەدا یەک گەرد ئومێدی تێدا نییە.

هەر بە ڕاستی، ئەم جۆرە قسەکردنە هەمیشە خەریکە فریوومان دەدات، بەڵام تۆ دەمناسیت و ئەوە دەزانین کە من دژ بە بێهۆشکردنم نەک دژ بە «ئومێد». هەر بە سادەیی ئەوەم هەڵبژارد بژیم: لە هەر ساتێکدا سەرم لەو کەسانە دەسوڕمێت کە هەڵپە و پەلەی ئەکتییانە و گاڵتەیان لە چێژی ژیان دێت -گوایە ئەکت کەرەستەیەکی پێویستە بۆ پاراستنی ژیان- بە بێ ئەوەی هەرگیز ئاگاداری ئەوە بن کە تەنیا ئەو کەسەی دەچەمێتەوە قبوڵدەکرێت، تاکە قبووڵکراو ئەو کەسەیە کە خەریکە لەبەردەم ئەو «هەمەجۆرییە زیندانیکراوە«دا دەنووشتێتەوە کە تۆ قسەی لێدەکەیت، هەمەجۆرییەک کە هەرگیز ناکرێت و بە هیچ کلۆجێک ناتوانین بە پێوەری «سوودبەخشی»هەڵیسەنگێنین(7).

ئاستەمی لکاندنی ئەکت بە ئامانجەکەیەوە لەوەوەیە، کە تاکە قبووڵکراو ئەوەیە کە بەخێرایی دەچەمێتەوە و ملکەچ دەکات. لەبەرئەمە، لە بنەڕەتدا، جیاوکێک دروست دەکات کە کەسەکە بە بێ دیدگا

خووی پێوە دەگرێت، درۆ و بایەخدان بەرهەم دێنێت. ئەگەر هەموو خەڵکی هەر بە ڕاستی بەوە ڕازیبن، کە کەمترە لەوەی زەرورەت بە حەتمی دەیخاتە سەر ئەستۆیان، ئەوا درۆ و هەڵخەڵەتاندن بێ سوود دەبوون. «ئارەزووی سەرکێش بۆ ئەکت» و «دوژمنایەتی» دوو هۆکارن کە سەرکەوتنێکی زیاتر بە درۆ و کوێرانەیی دەبەخشن. ئینجا، لە ژێر سایەی هەلومەرجی باودا، توانای ئەوەمان نامێنی لە ناوجەرگەکەی دەربچین: بۆ تیمارکردنی خراپەی ئەکتی زێدەڕەوانە، دەبێت و ڕەنگە پێویست بێت، کردە بنوێنین! کەواتە تەنیا دەتوانین بە زارەکی و بێ سوود، سەرزەنشتی ئەوانە بکەین کە درۆ لەگەڵ خەڵکانی خۆیاندا دەکەن و کوێرییان دەکەن. هەموو شتێک لەگەڵ ئەم دەستخەڕۆکردنەدا تووشی فاسدبوون دەبێت. هیچ کەسێک ناتوانێت ئەکتەکە سەرزەنشت بکات، گەر کاری وایش بکات، مەگەر بێدەنگی، یان بە شیعرێک بیکات، کە پەنجەرەی بەسەر بێدەنگیدا کردۆتەوە. دەرخستن و سەرپێچیکردنیش ئەکتن، لە هەمانکاتیشدا بە دوای پێویستییەکانی ئەکتدا دێن!

پێموایە، هەرگیز بە جددییەتەوە ناکۆکیی یەکەم و

بنەڕەتی، لەم ژیانە ناهاوسەنگەدا لەنێو نابەین (لێردا بە گشتی، مەبەستم ئەو شتەیە کە لەودیوی چالاکیی بەرهەمهێنانەوەیە، ناجێگیرە و هاوتای پیرۆزییە)، کە وەک بەرهەمی ئەکتی نا-هاوسەنگ لە خۆیدا، بە تەنیا خووی پێوە دەگیرێت و بە تەنیا خۆی مانا بە هەموو مرۆڤایەتی دەدات. ڕوون و ڕۆشنە، کە ئەکت تەنیا ئەو کاتە بەهای هەیە کە چاوی لە مرۆڤایەتی بڕیبێت و خزمەتی مرۆڤایەتی دوا ئامانجی بێت، بەڵام ئەمە زۆر بە دەگمەن قبوڵ دەکرێت: ئەکت، لەنێو سەرجەم جۆرەکانی ئەفیووندا(8)، دەمانخاتە خەوێکی هەرە قوورس. ئەو پانتاییەی کە ئەکت داگیریدەکات، دەمانخاتەوە بیری ئەو درەختانەی کە هەتا دارستانیان نەبینووە بەخۆیاندا دەنازن و خۆیان وەک دارستان پیشان دەدەن.

لەبەرئەوە بەلای منەوە زۆر باش دەبێت، ئەگەر دژ بەو ناڕوونی و لێڵییە بین، زۆر باش دەبێت ئەگەر کاتێک نەتوانین بگەینە ئاستی ئەکتی ڕاستەقینە، بێ هیچ دوودڵییەک درێژە بە کاتەکە بدەین. لێرەدا بە ڕاناوی کۆ قسەدەکەم، بەڵام بیر لە تۆ و لە خۆم و لە هاوشێوەکانمان دەکەمەوە. مردووەکان بۆ مردووەکان (مەگەر لەو کاتەدا نەبێت کە ئەم کارە

مەحاڵ بێت) و (ئەگەر مومکینیش بێت) ئەکت بۆ ئەوانەی بە تەنگەوەبوونی ژیان لایان بۆتە شتێکی سەرلێتێکدەر.

نامەوێت بڵێم کە پێویستە لە هەموو دۆخەکاندا واز لە هەموو ئەکتێک بهێنین، بێگومان هەرگیز ناتوانین واز لە دژایەتیکردنی کارە تاوانکاری و پێشێلکارییەکان بهێنین، بەڵام شتێک هەیە کە دەبێت بەڕوونی دانیپێدابنێین: کاتێک کردەی عەقڵانی و قبوڵکراو (لە ڕوانگەی تەواوی مرۆڤایەتییەوە)، بەو جۆرەی کە دەتوانین پێشبینییبکەین، دەبێتە بەشی ئەوانەی کە بە بێ هاوسەنگی ئەنجامیدەدەن، دەبێتە ئیشی ئەوانەی کە عەقلانییەتی سەرەتای ئەکتەکە دەگۆڕن بە دژە دیالەکتیکییەکەی، ئەوا تەنیا بە یەک مەرج دەتوانین دژ بەم کارە بین: ئەویش ئەوەیە جێگای ئەوانەی بگرینەوە، یان بوێری و توانامان هەبێت بۆ جێگرتنەوەی ئەوانەی کە ڕێگاکانیانمان پێ دروستنییە.

«ویلیەم بلێک» بە جۆرێک لە جۆرەکان بەم وشانە گوزارشت لەم دۆخەی سەرەوە دەکات: «قسەی بێ کردار، بۆگەنیی بەرهەم دەهێنێت». ژیان بە بێ هاوسەنگی بە تەواوەتی لەگەڵ ئەکتی

زێدەڕەوانەدا (تا ڕادەی توندوتیژی کوێرانە) ناکۆکە، لە ڕوانگەی منەوە ئەمە بجبرە و یەکلایی بۆتەوە. ئێمە لێرەدا دەست لەو کێشەیە دەدەین کە بێ هیچ گومانێک بەشداریی دەکات لە «دزین»(9)ی هەوڵە کوێرانەکانی هەموو مرۆڤایەتی هاوچەرخدا. ئەگەرچی لە سەرەتاوە مەسەلەکە نامۆ و نائاساییش بێت، بەڵام من پێموایە ئەم دزییە بەرەنجامێکی حەتمیی ئەو شکستەیە کە بەسەر ئاییندا هاتووە. ئایین ئەم کێشەیەی دەخستە ڕوو، بگرە لەوەیش زیاتر، ئەم کێشەیە پڕاوپڕ کێشەی خۆی بوو، بەڵام هێدی هێدی لە کایەی فیکری دونیایی دوورکەوتەوە کە چیتر نەیدەزانی چۆن بیخاتەڕوو. بۆ ئەمەیش بەداخنین، لەبەرئەوەی کاتێک ئایین بە باڵادەستییەوە ئەم کێشەیەی دەخستەڕوو، کەوایە بە شێوەیەکی خراپ دەیخستەڕوو. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی دەیکرە بابەتێکی پڕ لە گومانی جیهانی میتافیزیک. ئەکت لە بنەما سەرەکییەکەیدا بارمتەیەکە لە دەستی ئەو جیهانەدا... هەموو مەبەستە ڕاستەقینەکانی، ئاسمانی بوون، بەڵام لە دواجاردا دەبێت ئێمە(10) لە فۆڕمە هەرە تۆکمەکەیدا بیخەینەڕوو.

پرسیارەکەت کە دووپاتی دەکەمەوە زۆر

گشتگیرە، لە ڕوانگەی خۆمەوە، ئیجتیهاد دەکەم بۆ وردبینیکردنی پێداراوەکانی ئێستا و هەڵکۆڵین و قووڵکردنەوەی ئەو ناکۆکییەی کە من پێموایە ناکۆکییەکی سەرەکییە.

ئێمە لە دۆخی ئێستادا، جگە لە گفتوگۆیەک دەربارەی «ئەدەب» و «ئیلتیزام» هێشتا هیچ شتێکمان قبووڵ نەکردووە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە ئەم گفتوگۆیە زۆر یارمەتیدەر و یەکلاکەرەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا، ناتوانین هەر لەمەدا گیربخۆین. پێموایە دەبێت یەکەمجار ئەو شتەیە دیاریبکەین کە ئەدەب گرەوی لەسەردەکات، ئەویش ئەوەیە ناکرێت ئەدەب لە خزمەتکردنی سەروەر (ئاغا)دا کورت بکرێتەوە. وەک دەڵێن، «خزمەت ناکەم» دروشمی شەیتانە، کەوایە لەم حاڵەتەدا ئەدەب شەیتانییە.

ڕێک لەم خاڵەدا دەمەوێت بێ هیچ ئەملاولایەک بە ڕاشکاوی قسەبکەم، لێگەڕێم ئەو تاسەیەی کە لە سینەمدایە خۆی قسەبکات. بابەتەکە سەختە. وەک بڵێی گوێڕایەڵی لە بێتوانایی ئەو ئارەزووانە دەکەم کە زۆر گەورەن. حەزم دەکرد، هەتا ئەو تاسەیەی بۆ قسەکردنم هەیە وام لێبکات، کە پەنا نەبەمە بەر

گوزارشتە سواوە عەقڵییەکان. بە هەرحاڵ، لایەنیکەم تۆ پێش هەموو شتێک دەتوانیت هەست بەوە بکەیت، کە ئەمە بۆ من هەوڵێکی بێئەنجامە و بگرە مەحاڵیشە. خۆ ئەوە زۆر ئاڵۆز نییە کە وتم هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەم لەو ئایدیای کە بە پێچ و پەنا دەربارەی ئەم بابەتە قسەدەکات، بەڵام تۆ دەبینیت، من بە هەموو هێزمەوە رووت لێدەکەم، لە ڕێگەی پووچی قسە بێ ئەنجامەکانەوە، ئەو شتە دەبینیت کە عەقلی من تەنیا وەک وەهم دەرکی دەکات.

من چۆنم، ئەوانی تری هاوشێوەی من چۆنن، یان ئەو جیهانە چۆنە کە ئێمەی تێداین، پێموایە دەبێت بە ئەمانەتەوە بە توندی جەخت لەوە بکەینەوە کە هیچ شتێک نییە بتوانم لێیەوە دەرک بەوانە بکەم: ڕوخسارێک کە ناتوانین بیگەینێ، ڕۆشناییەکی کز و دوور لە شەوێکدا کە سنوورەکانی بۆ دەرککردن ناشێن. شەوێک کە لە هەموو لایەنەکانەوە دەوری گرتووین. من لە بێتواناییە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆمدا دەستم بەم پەتەوە گرتووە. نازانم داخۆ لەبەرئەوەیە شەوم خۆشدەوێت کە بەها فشۆڵە مرۆڤایەتییەکان لە سنوورێکی بەرتەسکدا، تەنیا هێندە کاریگەرییان دەبێت کە وام لێدەکەن بزانم

ناتوانین بچینە قووڵایی شەوەوە تاوەکو دەرک بەوە بکەین، کە لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێت، یان نا. بەڵام ئەو ڕوخسارە دوورەم خۆشدەوێت کە ئەدگاری مرۆڤانەیە و هەر بە زوویی لەم تاریکییانەدا کاریگەری لەسەرخۆیان دادەنێن! ڕوخسارێک کە ئەگەر زێدەڕەوی لە خۆشویستنیدا بکەم، دیلم دەکات و شەیداترم دەکات و لە زۆر کاتیشدا ئازارم دەدات: مرۆڤایەتیی پیس و ناسک و هەمیشە لە دەستچوو، تەنانەت لە خراپییەکانیشیدا، لە کارەسات و تاوانەکانیشدا بەلای منەوە هەر تەحەدایەکە کە دەبێتە مایەی دامەزراندن و بونیادنان. ئەوە شکسپیر نییە کە هاوار دەکات، بەڵکو ئەوە مرۆڤایەتییە کە دەیەوێت لە هاواردا وردوخاش ببێت، ئەگەر ئەو خیانەت لە دۆخی هەبووی خۆی بکات و تێیپەڕێنێت ئەوانیش چیتر ئاوا نابن. کاتێک شەو قێزەونتر دەبێت، کاتێک دزێویی شەو، بوونەوەرەکان دەکاتە کەسانی ئاستنزمی ئاسوودە، ئا لەو کاتەدا ئەو شتێکی زیاترە لەوەی کە هەستوسۆزە پووچەکان ببزوێنێت.

کەسێک هەیە دەربارەی جیهانەکەم(11) قسەم لەگەڵدا دەکات و پێمدەڵێت «تەحەمول ناکرێت»، وەک بڵێی من ویستوومە لە کتێبەکانمدا برینەکان

کەشف بکەم، هەر بەو جۆرەی کە بیمارەکان دەیکەن. لە ڕواڵەتدا ئەوە ڕاستە -حەز دەکەم نکوڵی لەمە بکەم یان لایەنیکەم فەرامۆشی بکەم- کە هەندێک لە چێژەکان یارمەتیدەرن بۆ بەرگەگرتن تا ڕادەی لەناوچوون. جا من لەوە کەمتر ڕقم لێیەتی کە دەردەکەوێت، بەڵام، بە دڵنیاییەوە، پەلەمە لەوەی دووبارە کەمێک لە ژیان پەخشبکەم، لەو ژیانەی کە بەشێوەیەکی خودایی لە بەردەمماندا وندەبێت، لەو ژیانەی کە لە بەردەم ویستی کورتکردنەوەی جیهان لە سەرکەوتوویی عەقڵدا وندەبێت. بە بێ ئەوەی ڕەخنە لە عەقل و نەزمی عەقڵانی بگرن (لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا کە ئەم دووانە بە تەواوی گونجاون لایەنگیرییان لێدەکەم)، لەم جیهانەدا من هیچ شتێکی دڵگیر شکنابەم، مەگەر ئەوانە نەبێت کە چونەتە ئەودیوی پێویستیی بەکارهێنانانەوە، سنووریان بەزاندووە، ئەفسوونگەرانە شتێکیان هێناوەتە لەرزین، بە کورتی ئەوانەی کە ئیتر خەریکە تەحەمول ناکرێن. ڕەنگە من هەڵەبم، کاتێک بە ڕوونی دەزانم ئەتایستییەکەم سنووردارە، لەوەدا کە هەرگیز هیچ شتێکم لەم جیهانە نوێنەرەوەیە نەخواستووە کە زیاتر بێت لەوەی مەسیحییەکان لە

خودای داوا دەکەم. هەر خودی ئایدیای خودا، کاتێک کە دوا ئامانجە لۆژیکییەکەی پاساودانی جیهان بێت، ئایا شتێکی تێدا نییە کە هەڵپەسێردرێت و لەکاربخرێت؟ ئایا ئەویش لە خۆیدا، وەک ئایدیایەک، شتێکی ناتەحەمولکراو نییە؟ لەبەر هۆکارێکی زۆر دیار، ئەو مەسەلەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە هیچ شتێک لەبارەیەوە نازانین (تەنیا چەند بەشێکی پەرشوبڵاو نەبێت)، ئەوەی کە عەقڵییانە پاساو نادرێت، کە بێتوانایی یان مەرگی مرۆڤ باشترین گوزارشتی لێدەکات. لەوە بێگومانم کە بە ئەندازەی دوورکەوتنەوەمان لە یەقین و دڵنیایی، ئەوەندەیش لە خۆمان دیینە خوارەوە، لەو ساتەوەختە خوداییەی کە لەنێوماندا دەمرێت، کە سەرسوڕهێنەرییەکی پێکەنیناویی هەیە، جوانییەکی بێدەنگی ترسناک. ئێمە سەردەمێکی درێژە دەزانین کە هیچ شتێک لە خودادا دەرناکەوێت ئەگەر ئەو شتە پێشتر لە ئێمەدا دەرنەکەوتبێت. بە دڵنیاییەوە، لەبەرئەوەی ئەکتی ڕاستەقینە هێشتایش لەنێونەچووە، کەوایە مرۆڤ خودایە(12)، مرۆڤ لەو ڕووەوە خودایە کە لە جۆشوخرۆشێکی بێکۆتاییدا، لەبارەی دڵخۆشییەکەوە هۆشدارییمان پێدەدات کە «تەحەمول

ناکرێت»، بەڵام لایەنیکەم مرۆڤی بێلایەن چیتر هیچ شتێکی لەم شکۆمەندییە ترسێنەرە تێدا نەماوەتەوە: لەمڕۆدا، بە بەرچاومانەوە، تەنیا هونەر میراتگری ڕۆڵ و مۆرکی وڕێنەیی ئایینەکانە: لەمڕۆدا هونەر ئەو شتەیە کە شێوەمان دەگۆڕێت و دەمانخاتە گومانەوە، دەمانکات بە خودا و گاڵتەمان پێدەکات، لەڕێگەی درۆکانییەوە حەقیقەتێک دەگوازێتەوە، کە لە دواجاردا لە هەر مانایەکی ورد خاڵییە.

ئەوە دەزانم کە هەموو فیکری مرۆیی چاو لەم بابەتە دەپۆشێت، کە من قسەی لێدەکەم، ئەمەیش ئەو شتەیە کە ئێمە بە سەروەرییەوە لەبەردەمیداین. فیکری مرۆڤایەتی بەیەکجار چاو دەپۆشێت، هەر بەو جۆرەی کە کاتێک سەیری خۆر دەکەین ناچار دەبین یەکسەر ڕوو لەودیوو بکەین.

ئەوانەی کە دەیانەوێت نیگای خۆیان لە چاوە بێڕەونەقاکاندا قەتیس بکەن، مەسەلەکە پەیوەستە بە وڕێنەی نوسەرەوە... لێرەدا خۆم لە سەرپێچیکردن و گازاندە دەگرمەوە، بەڵام قسەت لەگەڵ دەکەم و لە ڕێگەی تۆیشەوە قسە لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆماندا دەکەم، تۆ لە منیش شارەزاتریت لەو بابەتەی کە قسەی لەسەر دەکەم، لەگەڵ ئەو سوودەیشدا کە

بۆ تۆی هەیە، کەچی هەرگیز ئاوڕت لەم بابەتە نەداوەتەوە. ئایا پێتوایە بابەتێکی لەم جۆرە پێویستی بەوە نییە کە ئەوانەی ئاوڕی لێدەدەنەوە، هەڵی بژێرن؟ زۆرجار کتێبێک هەیە(13) ڕقمان لێیەتی —بەڵام سەرەڕای ئەوەیش لە هەندێ ساتەوەختی سەختدا و لەو کاتەدا کە چارەنووسی مرۆڤایەتی بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، گەشە دەکات- دەڵێت: کەس ناتوانێت خزمەتی دوو ئاغا بکات. من لەوەیش رادیکاڵتر دەڵێم، هیچ کەسێک، هەرچەندەیش ئارەزووی لێی بێت، ناتوانێت خزمەتی یەک ئاغایش بکات، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت، کە لە خۆیدا نکوڵی لە شکۆی ژیان بکات. ئەو ناکۆکییەی کە ئینجیل — وێرای سوودبەخشییەکەی بۆ خودا، وەک حەکەم و چاکەکارێک دایدەڕێژێت- هیچ نییە جگە لە ناکۆکیی چالاکیی کردەیی و ئەو بابەتەی کە لەبارەیەوە دەدوێم، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر.

بە دیاریکراوی، ناتوانین دەست لە ئەکتی سوودگەرانە هەڵبگرین، بەڵام وەڵامدانەوە و بەدەمەچوونی زەرورەتی غەمگین و پەیڕەویکردن لەو حوکمانەی کە ڕەفتارەکانمان دیاریدەکەن، شتێکی دیکەیە. شتێکیتر ئەوەیە کە ئازارەکانی

مرۆڤ بکەینە بەها و حوکمێکی جەوهەریی و تەنیا لەم بابەتەوە باوەڕ بە سەروەێتی بهێنین. ئێمە لە لایەکەوە لە دۆخی ملکەچیدا ژیان قبوڵ دەکەین، وەک بارێکی گران و سەرچاوەی کینە: لە وەختی خۆیدا وەڵامی ئەخلاقییاتە نەرێنییەکانی زەرورەتی ملکەچیی ناچارییانە دەداتەوە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە بێ ئەنجامدانی تاوان ناتوانین گازاندەی پێ بگرین. لەلایەکی دیکەیشەوە، ژیان ئارەزوویەکە بۆ ئەو شتەی کە بە بێ هیچ گومانێک دەکرێت خۆشبویستریێت، لە وەختی خۆیدا ئەخلاقیاتە ئەرێنییەکانە، کە بە تەواوی بەها بە ئارەزوو و ئوبێکتەکەی دەدات. هەڵبەت شتێکی باو و ئاشنایە کە جەخت لەسەر ناکۆکی نێوان ئەدەب و ئەخلاقییاتە سەخیفەکان بکرێتەوە (وەک دەڵێن، ئێمە ئەدەبی باش لە هەستی باش بەرهەمناهێنین)(14). بۆئەوەی ڕاشکاو بین، ئایا نابێت بە پێچەوانەوە، ئاماژە بەوە بکەین کە ئەدەب وەک خەون، گوزارشتە لە ئارەزوو —لە ئوبێکتی ئارەزوو— کەواتە لێرەدا گوزارشتە لە نەبوونی جەبر، لە سووکە یاخیبوونێک؟

«ئەدەب هەر بە ڕاستی لە مردندایە»(15) هەموو جددیەتێکی پرسیارەکە نەفیی دەکاتەوە:

«ئەدەب چییە؟»(16)، کە «هەمیشە وەڵامی بێمانای دراوەتەوە«. ئەدەب.. پێدەچێت ڕەگەزێکی بەتاڵ بێت.. بیرکردنەوە، بەو هێزی کێشکردنە ڕەسەنەی خۆیەوە، ناتوانێت لە دەوری بسوڕێتەوە بە بێ ئەوەی جددییەتی خۆی لە دەستبدات، بەڵام دەربارەی ئەم ڕەگەزە، ئایا ناتوانین بڵێین ڕێک ئەمە بابەتی قسەکردنمە، بابەتی شکۆدار بە ڕەهایی، کە تەنیا زمان دەردەخات، هیچیش لە زماندا نییە بە تاڵی نەبێت، لەبەرئەوەی زمان «دەلالەت» دەکات و ئەدەبیش لە ڕستەکان دەسەڵاتی ئاماژەکردن بۆ شتێکی تری جگە لە بابەتەکە، دەکێشێتەوە؟ مادام وایە، گەر بۆ من سەختە لەبارەی ئەم بابەتەوە قسە بکەم، لەبەرئەوەیە کە وا پێدەچێت زمان: «ساتەوەختێکی تایبەتی کردەیە و لە دەرەوەیەوە تێناگەیشترێت» (سارتەر).

لە سایەی ئەم مەرجانەدا، بێتوانایی ئەدەب زۆر زەق و دیارە: فەوزایەکە هەژاریی زمان بەرهەمی هێناوە، واتە بێتوانایی زمان لەوەی ئاماژە بە شتێکی تری ناسوودبەخش (بێ بەرامبەر)، بە زیادەیەک کە لە پێویستی زیاترە، بکات: بێتوانایی زمان لە

زانینی دۆخی مرۆیی کە لە چالاکیی سوودگەرییانە زیاتر دەڕوات (یان لە چالاکی پێشبینیکراو بە پێی شێوازە سوودگەرییەکە)، بەڵام بەلای ئێمەوە، بەلای ئەوانەمانەوە کە ئەدەب ترۆپکی بایەخدانمانە، جگە لەو شتەی کە وەک بارمتە دادەنرێت، هیچ شتێک لە کتێبەکان زیاتر بە زەینماندا نایەت —ئەو کتێبانەی کە دەیانوسین یان دایان دەنێین-: ئێمە ئەم بێتواناییە حەتمییە دەخەینە ئەستۆی خۆمان.

نوسین لە ئێمەدا هیچی کەمتر نییە لە توانای زیادکردنی تایبەتمەندیی بۆ تێڕوانێکی پەرشوبڵاو، نایاب، ترسێنەر —کە لەوەدا دەرکەوت دەکات مرۆڤ هەمیشە موڵکی خۆیەتی. زۆر باش دەزانین دەکرێت مرۆڤایەتی دەستبەرداری ئەو ڕواڵەتانە ببێت کە زۆر بە ئاسانی دروستیان دەکەین: تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە تەواوی گەمەی ئەدەبی لە شتێکی تردا قەتیسکراوە، خراوەتە خزمەتی ئەکتەوە، ئەوا لێرەیشدا پەرجووەکە ماوەتەوە و لە هەموو حاڵەتەکاندا خۆی دەنوێنێتەوە! تەنانەت بێتوانایی کاتییانەی سەرکوتکردن و درۆ، گەورەترە لە بێتوانایی ڕەسەنی ئەدەب لە ساتەوەختی خۆیدا: زۆر بە سادەیی بیڵێین، بێدەنگی و تاریکیی درێژە دەکێشن.

بەڵام ئەم بێدەنگییە و ئەم تاریکاییە بۆ ژاوەژاوی پڕ کەلێن و بروسکە خێچ و خوارەکانی زریانە نوێیەکان ئامادەکراون، بۆ گەڕانەوەی ڕەفتارە باڵاکان ئامادەکراون، ناتوانین لە چاڵی بەرژەوەندیدا ئەمانە قەتیسی بکەین. نوسەر مافی خۆیەتی کە پەنا بۆ بێدەنگی بەرێت وەک تاکە بژاردەیەک، یان پەنا بەرێتە بەر ئەم شکۆ زریانئاسایە. نوسەر، جگە لە غەمە گەورەکانی دیکە، تەنیا دەتوانێت ئەو ڕواڵەتە سەیروسەمەرە -ئەو ڕواڵەتە فرە و ساختانە- دروستبکات، کە پەنابردن بۆ «دەلالەت»ی زمان لەنێوی دەبات، بگرە لەوێدا مرۆڤایەتیی سەرلێشێواو خۆی دەبینێتەوە. نوسەر هیچ شتێک لە زەرورەتی دابینکردنی شێوازەکانی ژیان -و دابەشبوونی لەنێو خەڵکیدا- ناگۆڕێت، هەروەها چیتر ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە دەبێت بەشێک لە زەمەنی بەردەست بۆ ئەم ئامانجانە تەرخان بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا ڕێک سنوورەکانی گوێڕایەڵیش کەشف دەکات، کە مەرج نییە لە حەتمییەتەکەی سنووردارتر بێت. لە نوسەردا و لە ڕێگەی نوسەرەوە، مرۆڤ فێری ئەوە دەبێت، کە بۆ هەمیشە دوور لە دەرککردن دەمێنێتەوە، چونکە لە جەوهەرەکەیدا پێشبینیی ناکرێت، چونکە دواجار دەبێت لە سادەیی هەڵچووندا

چارەسەریک بۆ مەعریفە بدۆزریێتەوە. لە نوسەردا و لە ڕێگەی نوسەرەوە، بوون بە گشتی، ئەو شتەیە کە کچێک پیشانی ئەو پیاوەی دەدات کە حەزی لێیەتی، چ خۆشی بویێت یان فەرامۆشی بکات، چ چێژی پێبدات و چ نائومێدی بکات. ناکۆیی ئەدەب و «ئیلتیزام»، بە ناچاری، کتومت ناکۆکیی دوو لێکدژە. «مولتەزیمەکان» هەرگیز شتێکیان نەنووسیوە کە لە درۆ نەچووبێت، یان لە «ئیلتیزام» تێنەپەڕیبێت، ئەگەرچی دۆخەکە بە ئاراستەیەکی جیاوازیشدا ڕۆیشتبێت، بۆیە لێرەدا «ئیلتیزامی مانا» بەرەنجامی هەڵبژاردن نییە، هەڵبژاردنێک کە لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئەرکەوە هاتووە، بەڵکو کاریگەرییەکی شەیدایانەیە، ئارەزوویەکی بەرگەنەگیراوە، کە لەگەڵیاندا هیچ هەڵبژاردنێک نامێنێتەوە. ئەو «ئیلتیزام»ەی کە مانا و پاڵهێزەکەی لە ترس لە برسێتی، بەکۆیلەکردن، مردنی ئەوانی تر و لە ئازارەکانی مرۆڤدا دەردەکەون، بە پێچەوانەوە، لە ئەدەب دوورمان دەخاتەوە. ئەدەبێک کە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەکتی پڕلەسەرداگیراوی بێ ئامانج سەرکوتبکەن، سووک —یان خراپتر— دەردەکەوێت، ئەکتێک کە ئەگەر لە ترسنۆکی و پووچێتییەوە بێت نابێت هەموو وزەکانمانی بۆ تەرخان بکەین. ئەگەر

هۆکارێک بۆ ئەکت هەبێت، دەبێت و دەکرێت بە شێوازێک بووترێت کە توانایەکی کەمتری بوویت لەوەی کە ئەدەب بیڵێت.

ئاشکرایە نوسەری ڕەسەن، بۆ هۆکاری پیس و ڕزیوو نانوسیت، بە بێ ئەوەی بکەویتە نێو ئاستنزمییەوەناتوانێتبەرهەمەکانیبکاتەبەشدارییەک لە مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سوودەگەرادا. بە ئەندازەی سووکایەتیکردن بەم بەرهەمانە خۆیان، هیچ حەقیقەتێکی باڵای بۆ نامێنێتەوە. تەسلیمبوونم سەردەکەوێت بۆ گوێڕایەڵی، نەک تەنیا دەستکاری ژیانی مرۆڤ لەنێو ئەوانی تردا دەکات، یان دەست لە ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دەکات، بەڵکو دەستکاری هەموو ئەو شتانەیش دەکات کە لە مرۆڤایەتیدا شکۆدار و شایەنی ڕێزن.

ڕاستییەکەی ئەم ناکۆکییە لە نێوان ئەدەب و «ئیتیزام»دا، هەرچەندیش بنچینەیی بێت، هەرگیز ناتوانێت بە پێچەوانەی واقیعەکانەوە بڕوات. بەشی وەڵامدەرەوەی ئەکتی سوودگەرا دەکرێت بە تەواوی لە ژیان بکشێتەوە. لە حاڵەتی مەترسی و پەلەکردن و زەلیلیدا، چیتر شوێنێک بۆ ئەو شتانە نییە کە لە پێویستی زیاترن، بەڵام لەو کاتەدا هیچ بژاردەیەک نامێنێتەوە. بۆ وردەکاری لێرەدا باس لە

حاڵەتی ڕیچارد رایت (Richard wright) دەکەین: ڕەشپێستێک لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت بێلایەن بێت لەو هەلومەرجە زۆردارییەی کە گوشار دەخاتە سەر هاوشێوەکانی و ئەم دۆخەیش پاڵنەری نوسینەکانیەتی. ئەم هەلومەرجانە لە دەرەوە بۆی دێن، ئەو خۆی ئەوەی هەڵنەبژاردووە کە بەم جۆکرە نوسەرێکی «مولتەزیم» بێت. لەم بارەیەوە ژان پۆل سارتەر ئەم تێبینییە دەنووسێت: «رایت، کە بۆ جەماوەرێکی پەرتەوازە دەنووسێت، لە هەمانکاتدا دەزانێت کە چۆن ئەم پەرتەوازەییە لەنێو بەرێت و چۆنیش تێیپەڕێنێت: لەو ڕێگەیەوە کە ئەمە دەکاتە بیانووی بەرهەمێکی هونەری». لە قووڵاییدا هەرگیز بۆ تیۆریزەکەری ئیلتیزامی نوسەران (سارتەر) سەیر نییە کە پێگەی بەرهەمی هونەری بخاتە ئەودیوی ئیلتیزامەکانەوە –هەڵبەت ئەوەیش بە بێ هیچ ئاکامێک هەلومەرجە پێدراوەکان تێدەپەڕێنێت–، هیچیش سەیرنییە کە تیۆریزەکەرەی بژاردەکان خۆی، پێداری لەسەر ئەو واقیعە بکات کە رایت هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەسدا نییە –بە بێ ئەوەی بەرەنجامەکانی لەوەوە هەڵبهێنجێنێت. بژاردەی قورس ئارەزووی ئازادە، کاتێک بژاردەی دیکە بوونی نییە کە لە دەرەوە سەپێنرابێت دوا و ئەو

کاتەی کە نوسەر، بە قەناعەتە ناوەکییەکانییەوە، ئەوە هەڵدەبژێرێت پێش هەموو شتێک کارێکی زۆر لایەنگیرانەی نوێ دروست بکات: زۆر بە ئەنقەست، هەموو مانا و ئەکتێک بە پەراوێزێک لە «شەیداییەکی بێ ئامانج»دا، لە بوونێکی عەبەسییانە و شکۆداردا نەفی دەکات کە هەر هەمووی تایبەتمەندیی مرۆیی پێکدەهێنێت. ئەو کاتە، بەختێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی ئەم پەراوێزە، ئەگەرچی بوونیشی هەیە، لە حاڵەتی ڕایتدا، بەرهەمێکی ڕەسەنی هونەری دروستبکات، کە لە دواجاردا ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکەی تەنیا پاساوەکەیەتی. ئەگەر پێداگرییەکی ڕاستەقینە هەبێت، ئەگەر بژاردەکە هەر لە پێشترەوە نەدرابێت، ئەوا هێشتایش دەکرێت گەڕانەوەی ئەو ساتەوەختە بوونی مابێت، کە تێیدا ئاکاری پێداگریی نەفی دەکرێتەوە. تەنیا بژاردە، ئەگەر ئازاد بێت، ئەو شتە دەلکێنێت بە ئیلتیزامەوە کە دەکرێت، وەک شتێکی شکۆدار، بە شکۆداری دروستبووبێت.

ڕەنگە بێ سوود بێت بە دوورودرێژی لەسەر ئەم ڕێبازە(17) بوەستین، کە بێگومان تەنیا کاریگەری لەسەر دەروونە ترساوەکان هەیە، بانگەکەی داوای ئازادیی زێدەڕەوانەی میزاج دەکات، کە بێڕادە لاوازە. کەمترین شتێک کە بکرێت دەربارەی ئەم

ڕێبازە بیلێین، ئەوەیە کە ناتوانێت پێداگرییەکی ورد و تۆکمە دروست بکات: دەبێت لەسەر ئاستی پراکتیکی هەموو شتێک بە ناڕوونی و تەمومژاوی بمێنێتەوە، بە ئاسانکاریی بۆ ناتەباییەکی سروشتی... لەلایەکی دیکەیشەوە، نوسەر خۆی، بە ئاماژە، دان بە کۆمەڵێک لێکدژیدا دەنێت کە پێیان دەگات: بەها زۆر کەسییەکانی، بەشێکە پەیوەستە بە بژاردەوە، بەڵام بابەتی بژاردە هەمیشە پنتێکە لە بەها تەقلیدییەکان. ئەم دوو بەهایە سەربەخۆن و تاکو ئێستا کەرەستەیەکمان نەدۆزیوەتەوە کە بتوانین بەهۆیەوە لەمەیانەوە بچین بۆئەوەی دیکەیان. ئەم کێشەیە کێشەیەکی ڕووکەش نییە: سارتەر خۆیشی ئەمە دوویات دەکاتەوە، دروستکردنی بەها کۆنینەکان هەژێنراون، فیکرە کۆنەکانیش بە تەواوی دەلەرزێنرێن...

بە پەیڕەویکردن لەم ڕێگایانە، گەیشتوومەتە کۆمەڵێک پێودانگی گشتی، کە لە نیگای یەکەمدا وادەردەکەوێت بازی بەرفراوانی ئێلتیزام(18) پێچەوانەی ئەوە پیشاندەدات کە بەدوایدا دەگەڕێت (منیش لە ئەدەبدا بە ئاراستەی پێچەوانەی سارتەردا ڕۆیشتووم): دەستبەجێیش ئاسۆ لێڕوانراوەکان بە ڕێگایەکی ئاسان نیگاردەکرێن. لە پۆناغی دووەمدا

وام بۆ دەردەکەوێت، وا گونجاوترە کە هەرگیز ئەو بۆچوونە مەسرەفکراوە دەربارەی واتای کورتبڕی ئەدەب لەبەرچاونەگرین.

ئەو کێشانەی کە باسمکردن دەرەنجامی دیکەیشیان هەیە، بەڵام ئەوە ئەو فۆڕمەیە کە لە ئێستە بەدواوە، پێموایە دەتوانین لە ڕێگەیەوە مۆرکێکی تۆکمە بە ناکۆکییەک بدەین کە لەهەمانکاتدا پشتگوێ خراوە و ئەمەیش بۆتە مایەی هەڵلوشینی ژیان و ئەکت: ئەکت، ئەدەب و سیاسەت.

ئەگەر ئێمە ڕێگەمان بۆ ئەدەب ئاوەڵا کرد، ئهوا دەبێت لە هەمانکاتیشدا دان بەوەدا بنێین، کە بایەخێکی کەممان بە گەشەسەندنی سامانەکانی کۆمەڵگە داوە.

هەر کێ چالاکیی سوودگەرانە بەڕێوەبەرێت — بە واتای گەشەکردنی تەواوی هێزەکان- ئاشنای ئەو بەروژەوەندییانە دەبیت کە بەرژەوەندییەکانی ئەدەب دەنوێنێتەوە. لە خێزانی تەقلیدیدا، شاعیر میراتەکە بەرباد دەکات و، ئینجا ڕادەگەیەنرێت، ئەگەر سەرتاپای کۆمەڵگەیش ملکەچ ببێت بۆ بنەمای سوودگەرایی، ئەوا لەم ڕوانگەیەدا، نوسەر سامانەکان بە فیرۆدەدات، لەبەرئەوەی دەبێت خزمەت بە

بنەمای ئەو کۆمەڵگە بکات کە چاوی لێبڕیووە. من لای خۆمەوە دەتوانم لە «مرۆڤێکی باش» تێبگەم کە پێیوایە وا باشترە نوسەر دوورەپەرێز و ملکەچ بێت: ئەمەیش واتای ئەوەیە ئەو پێداگریی هەڵوێستەکە بە جددی وەردەگرێت، کە ڕەنگە زۆر بە سادەیی ئەوە بەڵگەی ئەم پێداگرییە بێت.

نوسەر، بە بێ ئەوەی سەربەخۆ بێت، دەتوانێت لە پرۆسێسی گەشەسەندنی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ ئەکتی سیاسییدا یەکتر ببڕێت (بگرە دەتوانێت بە نوسینەکانی پشتیوانی لە ئەکتی سیاسی بکات)، بەڵام بەو مەرجەی ئەم ئەکتە ڕەخنە و دژایەتی ئەو واقیعە بێت کە بە کردەیی هەیە. ئەگەر لایەنگرانی لە دەسەڵاتدا، بتوانن دژایەتی ئەم ئەکتە نەکەن، بێدەنگ نەبن، بەڵام تەنیا پشتیوانیی لێ بکات بەو ئەندازەیەی کە نکوڵی لە خۆی دەکات. ئەگەر ئەمە ئەنجام بدات، دەتوانێت قەڵەمڕەویی ناوی خۆی بە هەڵوێستەکەی بدات، بەڵام ئەو ڕۆحەی کە واتا بەم ناوە دەدات، ناکرێت شوێنکەوتە بێت، هەمیشە ڕۆحی ئەدەب – نوسەر بیەوێت و نەیەوێت– مەیلی لە بەفیڕۆدانە، مەیلی لە نەبوونی ئامانجێکی دیاریکراوە، مەیلی لە تاسەیەکە کە بە بێ ئامانج تەنیا خۆی مەسرەف

دەکات، تاسەیەکی دیکەی نییە ئەوە نەبێت کە مەوسرەف دەکرێت. دەبێت هەموو کۆمەڵگەیەک لە ڕوانگەی سوودگەرییەوە بەڕێوە ببرێت، بەڵام ئەدەب –جگە لە لێڕوانینی، ئاسانکاری، وەک کۆکردنەوەیەکی سادە– دژ بەم بەڕێوەبردنەیە.

ببورە کە لە دواجاردا ویستم ئایدیاکەم ڕوونبکەمەوە، کە بێگومان بە ئاگادارییەوە ئەم بەها تیۆرییانەم بۆ زیاد کرد.

چیتر ئەوە دروستنییە کە بوترێت: نوسەر لەسەر هەقە و کۆمەڵگە لەسەر ڕێگایەکی هەڵەیە. هەمیشە ئەمیش و ئەویشیان لەسەر هەق و لەسەر هەڵەن. دەبێت بە بێ هیچ هەڵچوون و داچوونێک بەو جۆرە لە دۆخەکان بڕوانین کە هەن: دوو تەوژمی بەیەکتری ناکۆک هەن کە کۆمەڵگەی ئابووری بەڕێوە دەیەن، کە هەمیشە سەردەستەکان و ژێر دەستەکان دەخاتە دوو لایەنی لێکدژەوە. ژێردەستەکان هەوڵ دەدەن زیاتر بەرهەم بهێنن و بەکاربردن کەم بکەنەوە. ئەم دابەشکارییە پتەوە، بەر لە هەر شتێک، لە هەر یەکێکماندا بوونی هەیە. هەر کەسیک سەردەست بێت دەیەوێت هەتا دەتوانێت بەکارببات و هەتا دەتوانێت کەمتر کاربکات. لە کاتێکدا ئەدەب بەکاربردنە. بە گشتی

و به شێوازێکی سروشتی، ئەدەبیەکان لەگەڵ ئەوانەیان خۆشدەوێت کە دەستبڵاون.

هەمیشە ئەوەی کە ڕوودەدات، بە بێ دیاریکرنی ئەم لێکدژییە و ئەم نیشانە تایبەتییانە، ئەوەیە کە لە حاڵەتی باودا، لەلایەنی بەکاربەرەکانەوە فیشەک بە دوو ئاراستەی لێکدژدا دەتەقێنرێت. لەمەیش زیاتر، بەو هێزەی کە هەیانە، لە کێبەرکێیەکی توندوتیژانەی سەرکووتنخوازانەدا، دەسەڵاتێکی سەروو بەڕێوەبردنی ئابووریان بە خۆیان داوە. لە ڕاستیدا، خانەدانی و ئۆرستۆکراسییەت، کاتێک ئەرکی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنیانیان بۆ بۆرژوازییەت جێهێشت، ئەو پەڕی هەوڵی خۆیاندا بۆ پچڕینی بەشێکی گەورە لەو بەرهەمانەی کە بۆ بەکاربردن دەبوون، بەڵام کەنیسە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەرستۆکراتەکاندا، ئەرکی بەرزکردنەوەی هەندێک ڕواڵەتی سەروەیی (سۆڤەرینیتی) بۆ سەرووی پلەی گەلەوە گرتەئەستۆ، لەمەیشدا جیاوک (ئیمتیاز)ێکی گەورەی بۆ پچڕینی بەشەکەی دیکە بەکارهێنا. دەسەڵاتی نەزمی پێش دیموکراسی —پاشایەتی، فیودالیزم یان کەنیسە– مەیلی لە تەبایی و پێکەوەسازان بوو. سەروەرێتی لەو ڕێگەیەوە و بە بێ هیچ پاساوێک لە ڕێگەی دابەشکارییەکی

ڕووکەشانەی دوو پانتایی لێکدژەوە (ڕۆحی و زەمەنی)، لە هەمانکاتدا لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتیدا بوو، ئینجا هەڵوێستێکی تەواو سەروەرانە شتێک بوو وەک قوربانیدان، نەک پێشەنگایەتی، یان تەرخانکردنی سامانەکان. دەسەڵات و پێشێلکارییەکانی کە حاکمی کلاسیکی مومارەسەی دەکرد دەنووسان بە شتێکی دیکەوە کە ئەم هەڵوێستە حاکمییە لەگەڵیدا ناکۆک بوو –هەڵوێستێک، یان ڕەسەنایەتی مرۆڤ پێکدەهێنێت یانیش هیچ شتێک–، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی بەڵگەنەویست ئامانجی دیکەی لە ئامانجی خۆی هەبووبێت، ئەوا چیتر ڕەسەن نەبوو. (بە گشتی سەروەریتی: واتای ئەوەبوو کە خزمەت بە هیچ ئامانجێکی دیکە نەکرێت، جگە لە سەروەریتی خۆی). لایەنیکەم بۆ ساتێک کە سەروەریتی تێیدا دەردەکەوێت (واتە: بە گونجاوی لەگەڵ ئارەزووی مەسرەفگەرانەدا، نەک لەگەڵ دەسەڵاتدا) دەبێت بە تەواوی بچێتە سەرووی ئەنجامە سیاسی و ئابوورییەکانی دەرکەوتنەکەیەوە. وا پێدەچێت لە سەردەمانی زوودا سەروەریتی، خوداکان و پاشایانی تووشی

مەرگی و پەککەوتن کردبێت. سەروەێتی پاشایەتی، کە شتێکی ئەوتۆی لێنەماوەتەوە یان گەیشتۆتە قۆناغی مایەپووچی، سەروەرێتییەکی دارماو بوو، بۆ ماوەیەکی درێژ بە دەستی سەرکردەی سوپاوە هۆگری هێزی سەربازی بوو. هیچ شتێک لەمە لە پیرۆزی و توندوتیژیی ساتی ڕەسەن دوورتر نەبوو.

بێگومان ئەدەب –هاوڕێ لەتەک هونەردا– کە لە ڕابردوودا، لایەنگرێکی بێدەنگی قەڵەمڕەویی ئایینی و ئەمیر بوون، لەو وەختەدا خاوەنی سەربەخۆیی نەبوون: ئەدەب وەڵامگۆی داواکاری و چاوەڕوانییەکان بوو، بۆیە ڕۆلێکی لاوەکیی هەبوو. بەڵام، هەر کە سەروەرێتی ئەرکە ڕاستەقینەکانی، دژ بە پاکژیی نوسەر، دووبارە بکردایەتەوە، ئەوا لەم دۆخەدا –کاتێک لە جیهانی چالاک و لێکدژ لەگەڵ خۆیدا وندەبوو– وێڕای ئەو هەموو ڕاستکردنەوە و لەقالبدانەی کە تێیداکرابوو، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ئەوە دەردەکەوتەوە کە چۆن بووە هەروایە: جووڵەیەک کە ناتوانین لە ئامانجەکانی کۆمەڵگەی سوودگەرادا کورتی بکەینەوە. زۆربەیجا ئەم جووڵەیە حیسابە هەرە ئاستزمەکانی خستۆتە نێو

حسابی خۆیەوە، بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت، ئیدی هەرگیز لەم حیسابانەدا کورت نەبۆتەوە. ئەدەب ئەگەر لە هەندێ بەرژەوەندیشدا قەتیسبووبێت، ئەوا ئەمە قەتیسبوونێکی ڕووکەشانە بووە. ڕۆمانە سەرکەوتووەکان، قەسیدە هەرە نەرمونیانەکان شیعر و ڕۆمانیان لەو پەڕی سەلامەتیدا بەجێهێشتووە، بەجۆرێک کە توانای ئەوەیان هەبووە بگەن بەو پەڕی پاکژی. لەکاتێکدا دەسەڵاتی ڕەوا، لە ڕێگەی ناڕوونی بونبەستەکانەوە، سەروەرێتی ئەمیر و کەشیشەکانی تێکشکاندووە. کاتێک ئەدەب میرات و سامانی خوداییانەی ئەم کەشیش و ئەمیرە ئاسمانیانە بۆ خۆی دەبات، ئەوا بەدڵنیاییەوە نوسەری مۆدێرن لە هەمان کاتدا بەشە زۆرەکەی دەوڵەندی و ترسانی بەردەکەوێت. ئەمەیش لەبەرئەوەی بەشی میراتگرە نوێیەکی ئەدەب ناوی «نەفرەت» هەڵدەگرێت. دەشێت ئەم «نەفرەت»ە (لایەنیکەم بە گریمانەیی) بەختەوەرانە بێت. بەڵام، ئەو شتەی ئەمیر وەک سوودی هەرە شەرعی و جێ حەسوودی وەریدەگرێت، نوسەر پێش هەموو شتێک وەک خەڵاتێکی شووم وەریدەگرێت. ئەم دووانە بەر لە هەر شتێک خاوەنی هەمان ئاگایی غەمگینن،

هەست بە بێتوانایی وشەکان دەکەن و... ئومێدیان بە بەدحاڵیبوونی وەرگر هەیە! «پیرۆزییەکەی» و «پاشایەتییەکەی» و ڕەنگە «خودایەتییەکە«یشی وا بێتە بەرچاوی کە سوکایەتیی زیاتری پێدەکەن: بە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسەن بووبێتە پاشا، یان بوونەوەرێکی خودایی، ئەوەی دەیڕوخێنێت نائومێدییە لەو نوقسانییەی (یان قووڵتر بڵێین هەستکردنە بەو نوقسانییەی) کە خودا نییە.. چونکە سروشتەکەی بە شێوەیەکی ڕەسەن خودایانە نییە، کەچی سەرەڕای ئەوەیش هەموو کاتەکەی بە خۆلادان لە خودایەتی بەسەر نابات.

ئەدەبی مۆدێرن، بە دەرچوونی لە منداڵدانی جیهانی موقەدەسەوە، کە لەنێو شاکارە درۆزنە بێ ڕەنگ و بۆکاندا بەفیڕۆ دەدرێت، وا دەرکەوت کە کاتێک لە جیهانی داڕووخاوی پێشتردا لەدایکدەبێت، لە مەرگ نزیکترە (نەک لە ژیان)، کەواتە ئەوە ڕواڵەتێکی درۆزنانە بوو، بەڵام لە هەلومەرجێکدا قورسایی هەبوو کە بەهۆی هەستکردن بەوەی تەنیا تۆ «خوێی زەمین»یت، دروستبووبوو. نوسەری مۆدێرن تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەردا لە پەیوەندیدابێت، کە ئەو داوایەی لێیدەکرێت، هەرگیز لەسەر بنەمای سوودگەرایی

نەبێت، بەڵام ئەوەی بە ئاشکرا لەم داوایەدا هەیە نەفیکردنەوەی «دەلالەت»ە. نا-مانای ئەوەی کە لە سەرەتاوە وەک هاوبەندییەکی تەواو دەخرێتە بەردەم عەقڵ، بانگەشەکردنە بۆ هەستەوەرییەک کە ناوەڕۆکێکی ئەوتۆی نییە بۆ دەرککردن بشێت، بانگەشەکردنە بۆ هەڵچوونێکی بەجۆش کە تەنیا بوارێکی کەم بۆ تەفسیر دەهێڵێتەوە. بەڵام، هیچ کەسێک بە بێ ئەنقەست -یان با بڵێین لە وەڕزیدا نەبێت- نازانێت پەنا بەرێتە بەر ئەو درۆ هەڵبەستراوانەی کە تەریبن بە درۆکانی پاشایەتی و کەنیسە، تەنیا لە یەک خاڵیشدا لەمانە جیاوازە: ئەویش ئەوەیە کە ئەمەیان خۆی وەک درۆ خۆی دەردەخات. ئەفسانە ئاینییەکان و پاشایەتییەکان، هیچ نەبێ بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە واقیعیین، بەڵام نا-مانای ئەدەبی مۆدێرن لە نا-مانای بەرد زیاترە، بەو پێیەی -کە نا مانایە- تاکە مانای دەرککراوە کە هێشتایش مرۆڤ دەتوانێت بیکاتە ئوبێکتی ئارەزووە خەیاڵییەکەی. پێداگری زۆر کامڵ پێویستی بە بێباکییە، یان باشتر بڵێین، پێویستی بە گەشەکردنی مردووە. ئەگەر ئەدەب بێدەنگیی دەلالەتەکان بێت، ئەوا لە ڕاستیدا زیندانێکە کە هەموو دانیشتوانەکەی دەیانەویت لێیی هەڵبین.

بەڵام لەبری ئەم دەردەسەرییانە، نوسەری

مۆدێرن، «ئیمتیاز»ێکی زیاتری لەو پاشایانە هەیە، کە جێی گرتوونەتەوە: ئیمتیازی دەستبەرداربوون لەم دەسەڵاتە، کە لای «پادشاکان» ئیمتیازێکی بچووک بوو، ئیمتیازێکی هەرە گەورەیە، کە هەر لە سەرەتاوە، لەدەستدانی هەموو توانایەکە و گیرسانەوەیە بە زەلیلبوونی سەرەمەرگەوە.

لەمڕۆدا تازە درەنگە بەدوای ڕێگاکانی گومانکردندا بگەڕێین! ئەگەر نوسەری مۆدێرن هێشتایش نەزانێت دەبێت چی بکات –وەکو پاکژی، پێداگری، خاکیبوونێکی ئاگامەندانە کە بابەتەکە پێویستییەتی–، ئەوا ئیدی شتێکی ئەوتۆی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام ئەو کاتە واز لە تایبەتمەندییە سەروەرێتییەکەی دەهێنێت کە لەگەڵ هەڵەدا ناکۆکە: سەروەرێتی کە دەبێت نوسەری مۆدێرن دەرکی بکات، هەرگیز ڕەگەزێکی یارمەتیدەر نەبووە، بەڵکو وێرانکەر بووە، تەنیا دەتوانێت ئەوەی لێ داوا بکات، کە دەیکاتە مردوویەکی زیندوو، ڕەنگە ئاسوودە، بەڵام لە ناوەوە بە مەرگ بیمار کراوە.

تۆ دەزانیت تەواوی ئەم نامەیە، تاکە گوزارشتی ڕاستەقینە کە دەتوانم بەهۆی هاوڕێیەتیمانەوە پێشکەشتی بکەم(19).

پەراوێزەکانی وەرگێری عەرەبی:

-1هەموو جەختەکانی باتای وەک خۆی بۆڵدکراون. هەموو پەراوێزەکانیش وەرگێری عەرەبی دایناون.

-2 ناوی تایبەت (اسم العلم) وەک لادان لە وێنە گریکییە ڕاستەقینەکەی دامناون، بۆئەوەی لە دەقە فەلسەفییەکانی نەریتی کۆنی خۆمانەوە نزیک بن.

-3 لەم گوزارەیەدا تۆنێکی هایدگەریانە لە کتێبی «بوون و زەمەن»دا (1927) زاڵە. ڕۆنی شار لەژێر کاریگەری فەلسەفەی هایدگەردا بوو، بە تایبەتیش لە میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ شیعر و بایەخدانی هاوبەش بە فەیلەسوفە پێش سوکراتییەکان، ئەمە تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی خایاند تا دەبێتە هاوڕێیەتییەکی پتەو، بنەمای ئەم هاوڕێیەتییەیش نامەگۆڕینەوەی بەردەوام و کۆرسەکان بوون، کە ڕاگر و سەرپەرشتیاری ئەم کۆرسانە «جۆن بۆفری» فەیلەسوف بوو.

-4 دوو کەسایەتین لە «زریان»ی شکسپیردا: کالیبان، مەسخە و ڕەمزی کۆیلەیەکی باش و گوێڕایەڵە، ئەریل، رەمزی کۆیلەیەکی شەرەنگێزە.

-5 لێرەدا وا دەردەکەوێت باتای، ئاماژە بە کەناڵی ڕۆشنبیرە چەپەکان دەدات کە لە ناکۆکییەکی توونددا دابەشبووبوون بەسەر دوو لایەندا: حزبی کۆمۆنیستیی ستالینیستی و ئەنارشیستەکانی نێو گروپە سوریالیستییەکان (کە باتای بە ئایدیالیزمی نیوهیگڵیزم تۆمەتباریان دەکات) و دەستە پۆرنۆگرافییەکان، هەرهەموویان لە بەردەم تێزە پتەوەکانی

باتایدا کورتیان دەهێنا، ئەمەیش لە هەڵوێستەکانی لە بارەی مارکیز دو سادی نوسەری ئیرۆتیکییەوە ڕوون دەبێتەوە.

6- ڕەنگە تێمای ئارەزوو گرنگترین چەمکێک بێت، کە فیکری شیعرییانەی «باتای» بە قەسیدەی فیکرییانەی «ڕۆنی شار»ەوە ببەستێتەوە. «قەسیدە خۆشەویستیی ئارەزوویەکی وەدیهاتووە، کە هەر وەکو ئارەزوو ماوەتەوە« (ڕۆنی شار: بەشی فۆڕماڵ، فراگمێنتی 30).

7- بۆنموونە وەکو قسەکردنی سودگەرایانە دەربارەی ئەدەب.

8- دەقئاوێزانێکی ڕوون لەگەڵ قسەیەکی بەناوبانگی مارکسدا: «ئایین ئەفیونی گەلانە«. (مارکس: ڕەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگڵ، 1843).

9- بە واتا بەهێزە فیکرییەکەی: وەکو دزینی شۆڕش، دزینی چەمک لەڕێگەی شێواندنییەوە.

10- ویژدانی شێواوی کۆمەڵ: باتای و ڕۆنی شار؟ خوێندنەوەی نامە؟ ماتریالییەکان؟ سێکیولاریستەکان؟ تەوژمییە فیکرییە گەورەکانی ئەو کات؟

11- جیهانەکانی گێڕانەوە بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا.

12- یەکێک لە گرنگترین ئەو گوزارشتانەی کە وای لە ڕەخنەگران کرد، باتای بە گرنگترین نوێنەری تەسەوفی ئەتاییستی لە سەدەی بیستەمدا دابنێن.

13- « کەس ناتوانێت خزمەتی دوو ئاغا بکات». (ئینجیل، مەتا، 6:24).

14- گوزارەیەکی «ئەندرێ ژید»ە، بۆتە وتەیەکی بەناوبانگ.
15- ناونیشانی وتارێکی بەناوبانگی مۆریس بلانشۆیە (1948)، کە خراوەتە نێو کتێبی بەشی ئاگرەوە (1949).
16- باتای دەربارەی سەربەخۆیەتی ئەدەب بە ڕوونی لایەنگری، یان هاوڕای بلانشۆویە، ئەمەیش بە ڕووی تێزەکانی سارتەر و سەرجەم تەوژمە بوونگەراندا لە تایپە مارکسییەکەیدا. ئەمەیش ئەو ئایدیایانە، کە دواتر هەریەکە لە میرۆلۆپنتی لە فەرەنسا و ئەدۆرنۆ و مارکۆزە لە ئەمریکا (نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت) پەرەیان پێدا.
17- لێرەدا باتای ئاماژە بە کەناڵەکانی ڕێبازی بوونگەرایی دەکات.
18- «میشیڵ سوریا»ی ڕەخنەگری فەرەنسی و شارەزا لە فیکر و ژیانی باتایدا، لە توێژینەوەیەکیدا دەربارەی ئیلتیزام لەو ماوەیەدا، بە دورودرێژی باسی لەم بابەتە کردووە و گوزارەکەی باتای کردووە بە ناونیشانی توێژینەوەکەی «قەڵەمبازی فراوانی ئیلتیزام (سارتەر، بەرتۆن، تا دەگاتە باتای)».
19- جۆرج باتای، کۆبەرهەم، بەرگی 12، لا16-28.

سەرچاوە:

-جورج باتای: رسالة الی روني شار، ترجمة: رشید وحتي، في «مجلة الإنتهاكات، دوریة عربیة في الفكر و الأبداع»، العدد 2، 2015، ص 144-159.

# ژۆرژ باتای و هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکای ئابوری

ژان بۆدریار

( 1 )

بەردەوامیێتی، سەروەراییێتی و دڵبەندی و ئاسوودەیی ئیمانێنت (محایث) هەر هەموویان لای باتای یەک ئایدیا پێکدەهێنن، یەک ئایدیای ئەفسانەیی لە پشت ئەم چەمکە جۆراوجۆرانەوە: «من لەو کەسانەم کە جگە لە بەرهەمێنانی ڕوولەزیادی بەردەوام، مرۆڤ لە شتگەلێکی تریش ئاگادار دەکەنەوە، لەو کەسانەم کە دنەی مرۆڤەکان دەدەن بۆ تۆقینی موقەدەس».

موقەدەس بابەتی «تیلەی چاو»ە (ناونیشانی وتارێک و چەمکێکی سەرەکیی باتایە.. و.ک) بە هەموو مانایەکی وشەکە، بواری بەخشینەوەی قوربانی و دەستبڵاوی و ئیسراف و مەرگە، ئەمەیش بواری ئابوریی «گشتی»ی و سەرجەم بەڵگەنەویستەکانی ئابورییە بە واتا ڕاستەقینەکەی «ئابورییەکی ئەوتۆ هەر کە بگشتێنرێت، سنوورەکانی خۆی و سنوورەکانی ئابوریی سیاسی تێدەپەڕێنێت، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئابوریی سیاسی و مارکسیزم بە گشتی بە گوێرەی لۆژیکی ناوەکیی بەها، ناتوانن بیکەن»، هەروەها موقەدەس کایەی نا-مەعریفەیە.

پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەو بەرهەمانەی

لەم بارەوە کۆکراونەتەوە و کتێبی «مەعریفەی ناچارەکی»ی «باتای»یان پێکهێناوە، ئەو کتێبەی وا هەوڵدەدات بیکاتە کۆڵەکە و بنەمای تێڕوانین و جیهانبینی، دواجار پێویستییەکی ئەوتۆی بە بنەما و کۆڵەکە نامێنێت، بگرە بۆ ڕووکردنە موقەدەس و خۆ لە قەرەدانی موقەدەس، بە گوژم و شەپۆلی وێرانکەر، پێویستی بە نکوڵیکردن لەو تەرزە ستایشکردن و نمایشە گوتارییە هەیە کە لە «تیلەی چاو» و «تیۆری ئاین»دا (ناونیشانی کتێبێکی باتای.. و.ک) هەستیپێدەکەین. «هەڵوێستی فەلسەفی من، بە گشتی، لەسەر نا-مەعریفە دامەزراوە، چونکە مەعریفە هەمیشە پەیوەستە بە وردەکارییەکانەوە«، بۆیە دەبێت ئەو فراگمێنتە ستایشکارییانەی وا دەربارەی لایەنی مەعریفە و نا-مەعریفەیە بخوێنینەوە.

(2)

ئایدیا و بیرۆکە سەرەکییەکە وا لەوەدا کە ئەم ئابوورییەی وا کۆمەڵگەکانمان دەچەرخێنێت، بەرهەمی لادان و لە ڕێ دەرچوونە لە بنەما سەرەکییە مرۆییەکەی خۆی، ئەویش «پرەنسیپی هەتاو/خۆر»ە و لە (بەخشینەوە)دا دەردەکەوێت.

بیرۆکەکەی، لەو دیوی ئابوریی سیاسیی پەتییەوە (کە لە جەوهەرەکەیدا لەسەر بنەمای بەهای ئاڵوگۆڕ دادەمەزرێت)، ڕاستەوخۆ بەڕووی پرەنسیپە میتافیزیکیەکەی ئابوری: واتە سوود- دا، دەوەستێتەوە. لە بنەمادا سوود ئامانجە چاو لێبڕدراوەکەیە- بە ڕواڵەتیش وا دەردەکەوێت، بنەما پۆزەتیڤەکەی سەرمایەیش بێت: واتە کەڵەکەکردن، وەبەرهێنان، بەرباکردن (بەفیڕۆدان)، ئەم دۆخە لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی پێشتریشدا هەبووە و بنەمایەکە هەتا بڵێی بێ توانا و لاوازە، تەنانەت مرۆڤ لە هەر سەروەرێتییەک دادەبڕێنێت. ئابوری پڕ بەم مانایەی دووەم بەندە لەسەر نەبەخشینەوە، واتە ئەو شتەی کە ناکرێت ببەخشرێتەوە، ناشزانرێت چۆن ببەخشرێتەوە، وەک ئەوەی شیاوی ئەوە نەبێت، کە ببێتە بابەتی قوربانیکردن- کەواتە هەموو ئەو شتانەی وا ناکرێت ببەخشرێنەوە دەمێننەوە، ئەمەیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سنووردارە، ئەوەی «باتای» دەیەویست بیکات وەستانەوە بوو دژی ئابوری وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سنووردار- ئەمەیش پرەنسیپی ئابوریی گشتی بوو.

پرەنسیپی سوود (بەهای بەکارهێنان) هەماهەنگ و گونجاوە لەگەڵ چینی بۆرژوازی، ئەو چینە سەرمایەدارەی کە باتای (بە پێچەوانەی مارکسەوە) پێناسەیەکی نیگەتیڤانەی بۆ دەکات: ئەو چینەی کە (نەک تەنیا کەڵەکە دەکات – مارکس) بەڵکو ئیتر نازانێت چۆن ببەخشێت. لەمەیش زیاتر لای باتای، قەیرانی سەرمایە، حەتمییەتی گەشەسەندنەکەی، کۆتاییە ئیمانێنتییەکەی، پەیوەست نییە بە مێژوویەک و بە ڕووداوێکی دیالێکتیکی دیاریکراوەوە وەک ئەوەی مارکس بۆی چووە، بەڵکو پەیوەستە بەو یاسا بنچینەییەی نەبوونی توانای بەخشینەوە و دەستئاوەڵاییەوە، کە سەرمایە دەسپێرێت بە شێرپەنجەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی بێ سنوور. لای باتای بنەمای شۆڕش بوونی نییە: «ترس و تۆقی شۆڕشەکان هیچیان لێ سەوز نەبووە جگە لە دەستەمۆکردنی زیاتر و زیاتری وزەی مرۆیی بۆ پیشەسازی»، بەڵام پرەنسیپێک هەیە: بنەمای قوربانیدان (التضحية)، کە تاکە بنەمای سەروەرێتییە دژی ئەو لادان و شێواندنەی مێژووی مرۆڤ لەلایەن بۆرژوازییەتەوە، کە وای کردووە سەرمایە لە موقەدەسێکی تراژیدییەوە بچێت بەرەو سوودگەراییەکی کۆمیدی.

ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەیەکی نامارکسییە و، ڕەخنەیەکی ئەرستۆکراتییە، بەڵام دەچەقێت بە دڵی سوودمەندەکە و ئامانجی ئابوری وەک کلێشەیەکی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی.کەچی ڕەخنە مارکسییەکە تەنیا ڕەخنەگرتنە لە سەرمایەیەک، کە لە هەناوی چینەکانی ناوەڕاست و وردە بۆرژوازییەتەوە هاتۆتە دەرێ و مارکسیزمیش خۆی لە سەدەی ئایدیۆلۆژیاوە وا لەنێویدا: ئەمە ڕەخنەیە لە بەهای ئاڵوگۆڕ، بەڵام ستایشکردنی بەهای بەکارهێنانە-کەواتە لە یەککاتدا ڕەخنەیە لەو شتەی کە هێشتایش گەورەیی سەرمایە بەرجەستە دەکات و دەبێتە مایەی پارانۆیا و، ڕەخنەیە لەو دیوە ئاینییەیش کە لەنێویدا ماوەتەوە و سیفەتی دونیایی پێدراوە: ئەویش تەنیا و تەنیا وەگەڕخستنی سەرمایەیە، جا نرخەکەی هەرچەندەیش بێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسێبی بەهای بەکارهێنانیش بێت، بەڵام مارکسیزم، بەدوای بەکارهێنانێکی دروستی ئابورییەوەیە، کەواتە هیچ نییە، جگە لە ڕەخنەی وردە بۆرژوازی سنووردار و، هەنگاوێکی زیاتر بەرەو بێ بەهاکردنی ژیان، بەرەو «بەکارهێنانێکی باش»ی بە کۆمەڵ! بەڵام باتای بە پێچەوانەوە، بە تەواوی ئەم دیالێکتیکی کۆیلەییە لە

ڕوانگەیەکی ئۆرستۆکراتییەوە ڕادەماڵێت، ڕوانگەی دیالێکتیکی، سەروەرێکی ململانێکەرە لەگەڵ مەرگی خۆیدا. دەکرێت تانە و تەوس لەم ڕوانگەیە بدەین و بڵێین ئەمە تەنیا پێش و پاشی مارکسیزمە. بە هەرحاڵ دۆخەکە هەرچی بێت مارکسیزم تەنیا ئاسۆی سەرمایەیەکە کە لە وەهم ڕزگاری بووە- بۆیە پێش و پاشەکەیشی لەو ڕیشەی تر بووە.

( 3 )

ئەوەی لای باتای جێی گومان و دوودڵییە (گومانێک کە نەیدەتوانی لێی ڕزگار ببێت) زانینی ئەوەبوو، کە تۆ بڵێی ئابوری (سەرمایە)، کە هاوسەنگییەکەی خۆی لە بەفیڕۆدانی بێ هوودەدا دەبینێتەوە، بەڵام هەرگیز لە سوود خاڵیی نییە، هەرگیزیش شەقڵی قوربانیدان و قوربانیکردنی نییە (واتە جەنگەکان، دەستبڵاویی/ بەفیڕۆدانی هەیە)، تۆ بڵێی دواجار لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر دینامییەتی قوربانیکردن نەیگرێتەوە؟ تۆبڵێی دواجار ئابوریی سیاسی گۆڕانێکی دژ بە تاکە یاسای یونیڤێرسال نەبێت، کە یاسای بەخشینەوەیە؟ ئینجا تۆبڵێی مێژووی سەرمایە شتێکی تر بێت،

جگە لە لادانێکی گەورە بەرەو چارەڕەشییەکەی خۆی، بەرەو کۆتاییە تایبەتەکەی خۆی، واتە بەرەو قوربانیکردن؟ چونکە دواجار ناتوانین نەبەخشینەوە. خۆ ڕەنگە بەردەوامبوون بۆ ماوەیەکی درێژتر سەرمایە لەودیوی ئابورییەوە بەرەو وێرانکردنی بەها تایبەتەکەی ببات، دەنا تۆ بڵێیی بۆ هەمیشە لە چوارچێوەی نکوڵیکردنی موقەدەسدا خۆی پیشانمانبدات، لە بازنەیەکی پەسمەندەکراودا، کە مانای هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و هاوبەندییە (واتە ئاڵوگۆڕی هێمایی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا) و پچڕاندنی سەروەریێتییە؟

باتای بە تەنگ پەرەسەندنە هەنووکەییەکانی سەرمایەوە بوو، کە بەرەو نغرۆکردنی بەهاکان و لادان لە ئامانجەکان ملی نابوو (شتێک کە هەرگیز بێ سوود نەبوو، شیاوی پێکەنینێکی بێ هوودە و مەرگیش نەبوو)، بەڵام چەمکی بەرەنگاری لای باتای دەرفەتی ئەوەی نەدا شیکارییەکەی بە باشی بکات: هێشتایش شەقڵە ئابورییەکە زیاد لە ڕادە بە سەریدا زاڵ بوو، لە دژایەتیکردنی فۆڕمی کەڵەکەکردنیشدا زێدەڕەوی کردووە، ڕێک وەک زێدەڕەوریکردن لە شێوازی دژایەتیکردنی قەدەغەکاندا. لە سایەی

سیستەمێکدا کە سیستەمی سوودگەرایی نییە، بەڵکو سیستەمی بەهای هەڕەمەکییە، بەخشینەوەی پەتیی بەس نییە بۆ بەگژداچوونەوەیەکی ڕیشەیی، بەتایبەت ئەگەر ئەم هەوڵە سیحری ڕۆمانسییانەی گەمە دژە ئابورییەکەی پاراستبێت- ئاوێنەی بەهای بازرگانی دەشکێنێت، بەڵام دەستەپاچەبە دژی ئاوێنەی سەرلیشێوێنەری بەهای بونیادیی. باتای ئابورییە گشتییەکەی خۆی لەسەر بنەمای «ئابوریی هەتاوی» دادەمەزرێنێت کە بێ بەرامبەرە، واتە لەسەر خەڵاتێک کە هەتاو/خۆر تاک لایەنە و لای خۆیەوە پێمانی دەبەخشێت: ئەوە تیۆرێکە دەربارەی سەرهەڵدانی جیهانی بەخشینەوە، کە لە ئەنترۆپۆلۆژیای ئاینی و سیاسیدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام باتای بە شێوەیەکی خراپ (مارسیل موس) ی خوێندۆتەوە: بەخشینی تاک لایەنە بوونی نییە. ئەم بەخشینە یاسای گەردوون نییە، دەبوو ئەو، کە قوربانیدانی مرۆیی هۆزی «ئەزتاک»ی بە باشی کەشف کردبوو، هەر لەم هۆزەوە فێرببێت، کە هەتاو/ خۆر هیچ شتێک نابەخشێت و، دەبێت خوێنی مرۆیی دەرخوارد بدرێت تا تیشکەکانی پەخش بکاتەوە. دەبێت بەهۆی قوربانیکردن بۆشی خوداکان بگرین،

تا بەو هۆیەوە خێروبێری خۆیانمان بەسەردا ببارێنن.
بە دەربڕینێکی تر، ڕیشەی قوربانی/قوربانیکردن و ئابوریی گشتی هەرگیز بەخشینەوەی پەتی و تەنیا بەخشینەوە و دەسئاوەڵایی نییە، یان ئەو پاڵنەرە نەزانراوانەی زێدەڕەویکردن لە بەخشینەوەدا نییە، کە لە سروشتی مرۆییماندا هەبێت، بەڵکو پرۆسەی بەگژداچوونەوەی بەردەوامە.

**سەرچاوە:**


-جان بودريار: عندما يهاجم «باطاي» المبدأ الميتافيزيقي للإقتصاد، ترجمة: د. محمد عجينة، 11 كانون الثاني، 2014.
http://nomene.blogspot.com/2014/01/blog-post_4718.html

# نوسین و خراپە

ئارسەر پاولدەرێل

- نوسەران دەربارەی بۆگەنی دەدوێن.(1)
- هەر وشەیەک تەڵەیەکە.(2)

## پێشباس و تێزەکە :

ئەم تێڕامانانەی خوارەوە قەرزاری ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کە ناونیشانی ئەم وتارەم لێوە وەرگرتووە: واتە گەڕان بە دوای لێکنزیکی، یان باشتر بڵێین، گەڕان بەدوای خوێندنەوەیەکدا کە دەشێت بڵێین خوێندنەوەیەکی سەراپاگیرە دەربارەی ئۆنتۆلۆژیای «جۆرج باتای»، کە یەکەمجار و لە ساڵی 1957 دا، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «ئەدەب و خراپە«، بە چاپە ئەسڵییەکەی، بە زمانی فەرەنسی بڵاوبوویەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە قەرزاری کۆمەڵێک توێژینەوەیە کە کتێبی «نوسین و جیاوازی»ی «ژاک دێریدا»یان پێکهێناوە، کە دە ساڵ دوای کتێبەکەی باتای، ئەمیش بە فەرەنسی بڵاوبوویەوە.

ناونیشانەکەم –کە بابەت و ناوەڕۆکی سەرەکی مەبەستەکەم پێکدەهێنێت– وەک دواتر دەبینین «نوسین» دەخاتە شوێنی «ئەدەب» و «خراپە« دەخاتە شوێنی «جیاوازی»: ئەمەیش مانۆڕێکی ئاڵوگۆڕە کە دەکرێت لەسەر ئاستی ڕواڵەت و دەلالەت پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییە (پارادایمییە) ستراتیژییەکان، لەنێوان ئەدەب و نوسین لەلایەک و، خراپە و جیاوازی

له لایەکی دیکەوە، بەرهەمبهێنێتەوە، ئەم کارەیش لە لێکنزیکییە پێکهاتەییەکەیاندا ئەندام بدات؛ کەواتە بەم جۆرە دڵی گوزارەیەک بنوێنێتەوە کە پەیڕەوی لە لۆژیکی تەواکاری دەکات، یان بە دەربڕینێکی وردتر: لە خۆیدا توانای خۆی لە لۆژیکی تەواوکاریدا دادەمەزرێت. ئەم فۆڕمەیش لە ڕێگەی گوتارێکی فەلسەفییەوە و بە پشتبەستن بەم گوتارە، خۆی دەخولقێنێت (واتە نەک لە چوارچێوەی گوتاری ئەدەبی و ئەخلاقیدا- واتە لەوەدا کە ڕێ دەدات بیری لێ بکەینەوە، بگرە لەو گوتارەدا کە گریمانەی مۆرکێکی دیکە دەکات و دەرەنجامی تریشی لێدەکەوێتەوە)؛ ئەمەیش تەفسیری ئەوە دەکات فەلسەفە یە ، کە لێرەدا تاڕەدەیەک فەرامۆشکراوە، شایەنی ئەوەیە کە ببێتە وشەی پێنجەم، بەو پێیەی نێوانگیریی ئەو چوار وشەیەی پێشتر دەکات، یان ڕاستر بڵێین، بە گویرەی تێڕامانەکانی من، وشەیەکە کە لە چوار وشەکەی دیکەدا شاراوەیە –لەبەرئەمە وشەی فەلسەفە، لێرەدا بەو واتایە دێت کە لە فیکری باتایدا هەیە، ئەو نوسەرەی کە دێرێدای فەیلەسوف توێژینەوە فەلسەفەییەکانی خۆی لەبارەیەوە ئەنجامداوە و هەنگاوەکانی لە پەراوێزی فەلسەفەوە هەڵگرتۆتەوە:

| | |
|---|---|
| ئەدەب | خراپە |
| نوسین | جیاوازی |

---

| | | |
|---|---|---|
| نوسین | | خراپە |
| | فەلسەفە | |
| (ئەدەب) | | (جیاوازی) |

لەگەڵ ئەم مانۆرە ڕواڵەتییەدا کە یەکەمجار ئاوەها ڕواڵەتی دەردەکەوێت، ئەو هێڵەی ناوەڕۆک دەگوازێتەوە و بەسەر ناونیشانی «نوسین و خراپە« دا (بەو ناونیشانەیشەوە کە لە هەرێمە تاریکەکانیشەوە ئالێنراوە، بە نوسخە گەرم و ساردەکەیەوە، کە بمانەوێ و نەمانەوێ ئاماژە بە: نوسین و جیاوازی دەکات) دەیسەپێنێت، هەر لە پێشەوە دیاریی کراوە.

ئامانجی من ئەوەیە دەریبخەم کە باتای، ئینجا دوای ئەویش دێریدا، (دوای ئەو نەک پێش ئەو)، چەمکەکانی ئەدەب، نوسین، جیاوازی، خراپە، لەگەڵ یەکتریدا دەخەنە پەیوەندییەوە، هەروەها شێوازیشیان بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی «من» بە «ئەویتر»ەوە جیاوازە (ئەم هەمەجۆرییە جیاوازانە،

بەو دابەشکارییانەیشەوە بەسەر لقە دووالیستییە گونجاو-ناکۆکەکاندا یان عەقڵانی-ناعەقڵانییەکاندا)، بەجۆرێک کە ڕێک دەستپێکردن لەم جیاوازییەوە وا دەکات، نەک تەنیا تێڕوانینمان بۆ فەلسەفە (ڕوانگەی ڕواڵەتی، یان با بڵێین دەرەکی)، بەڵکو بگرە تێگەیشتنمان بۆ ئەخلاقیش (ڕوانگەی پراکتیکی یان ناوەکی)یش، بایەخ بەم پەیوەندییە بدەن، بابەتێک پێکبهێنن بۆ گۆڕانکاریی جەوهەری. لەنێو ئەم بنچینەیەدا بیرکردنەوەی سەرەکی من دەپەرژێتە سەر یەکەمیان، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان تەنیا بە شاراوەیی لە باسەکەماندا بوونی هەیە و بە دورودرێژی باسم نەکردووە —بەشێکی لەبەرئەوەی دەرفەت کەمە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی من سیفەتی فەیلەسوفی ئەخلاق نادەمە پاڵ خۆم، یان هەرگیز خۆم بە فەیلەسوفی ئەخلاق دانانێم.

لەلایەکەوە، ئەو تێزە لە ئارادایە کە ئاماژەمان پێدا و هەر یەکە لە باتای و دێریدا، لە چوارچێوەی فیکری خۆیاندا دەربارەی فەلسەفە و ئەدەب، دەربارەی نوسین و جیاوازی، بە شێوازێکی نوێ پەرەی پێدەدەن و دژ بە بەکارهێنانە

تەقلیدییەکەی ئەم چەمکانە و ئەو بۆچوونانەی کە بە ڕوونی دەربارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا گونجێنراون، بەکاریدەهێنن، ئەم چەمکانەیش لە هەمانکاتدا دەبنە مایەی دروستکردنی گۆڕانی زۆر ڕیشەیی لە تێگەیشتنماندا بۆ چاکە و خراپە. لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەو بۆچوونە نەگۆڕە هەیە کە بەهۆیەوە هەریەکە لە باتای و دێریدا، لە کتێبەکانیاندا و بە شێوازی تایبەتی خۆیان، هەمان ئەو شتە پیشاندەدەنەوە کە «میرلۆپۆنتی»، ماوەیەکی کورت دوای دەرچوونی کتێبی «ئەدەب و خراپە«ی باتای (ئەم ڕێکەوتە جێگای سەرنجە، ئەگەرچی تەنیا ئەوەندەی لێدەزانین کە تەنیا ڕێکەوتێکی زەمەنییە و هیچیتر)، لە دوو بۆنەدا تۆماریکردووە و بگرە وەک ئارەزووە فەلسەفییەکان بۆ چەمکی بەنامەی کار دایڕشتووە، جارێک لە فەلسەفەوە ئەم بەرنامەی دەستپێکردووە و جارێکیش لە ئەدەبەوە. لە ڕوانگەی میرلۆپۆنتییەوە، دەبێت بۆچوونێک دەربارەی فەلسەفە بەرهەمبهێنین کە دامەزرابێت لەسەر ئایدیای «دڵی ئەو گوزارەیەی کە دەڵێت هەر پەیوەندییەک بە بوونەوە، هاوکات، کردەی وەرگرتن و لێوەرگیرانە، وەرگرتن لەهەمانکاتدا بردنە، لە

هەمان ئەو شوێنەدا کە وەریدەگرێت تۆمارکراو و نیگارکراوە«(3) بە بڕوای میۆلۆپۆنتی، بۆچوونێکی لەم جۆرە بۆ فەلسەفە هەمیشە دەیەوێت پێمانبڵێت فەلسەفە «ناتوانێت ببێتە وەرگرتنێکی پێرفێکت و چالاک، لایەنگیریکردنیش لە عەقڵ نییە، چونکە ئەوەی لە ئاکامدا پێیدەگات نەمانی ئەم لایەنگیرییەیە«(4)، کەواتە فەلسەفە « لە بورجی عاجیدا نییە و لە ژیان بالاتر نییە«(5) بەڵام «لە خوارەوە هەیە، لە هەموو کاتێکدا لەژێر ئەزموونی هاوکاتی وەرگرتن و وەرگیراودایە. ئەوەی دەلالەتەکانی فەلسەفە دەریدەبڕن، سەر بە نەبینراوی ڕەها نییە: فەلسەفە وا دەکات بینین لە ڕێگەی وشەکانەوە مومکین بێت. لەمەیشدا بە تەواوی لە ئەدەب دەچێت»(6). وەک میرلۆپۆنتی بە مەبەستی ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر دەیڵێت، بۆئەوەی هەقی تەواو بەم ڕووداوە بدەین، لەسەرمان پێویستە ئەدەب وەک «تۆمارکردن لە بوونەوەردا» شیکاربکەین(7):

«فەلسەفە ڕێک وەک «بوونەوەرێک کە لەناوماندا قسەدەکات»، فەلسەفە خولقاندنە، وەک گوزارشتێک لە ئەزموونی لاڵ لە خۆیدا. خولقاندن کە لە هەمانکاتدا دووبارە تێهەڵکێشکردنەوەی

بوونەوەرە... کەواتە ئەوە خولّقاندنە بە واتا ڕادیکاڵەکەی: خولّقاندن کە لە هەمانکاتدا هاوکێشەیە، تاکە ڕێگایش بۆ گەیشتن بە هاوکێشەی (...) بوونەوەر ئەوەیە کە داوای خولّقاندنمان لێدەکات تاوەکو هەلی ئەزموونکردنیمان هەبێت»(8). ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لای باتای ئەدەب پێشکەشی دەکات و دەیخاتە بەردەست، بەڵام دەبێت ئاگامان لە تێبینییەکی تەواوکاری بێت، کە لەم بەراوردەی بۆچوونەکانی باتایدا بە بۆچوونەکانی میرلۆپۆنتی. بێ بایەخ نییە. تێبینییەکەیش ئەوەیە کە ئەدەب ئەم شتە دەخاتە بەردەست و تەنیا بەو مەرجەیش دەتوانێت ئەم کارە بکات کە «خراپە« بکاتە بابەتی خۆی، کەواتە بەو مەرجەی ئەدەب لە خۆیدا لە هەندێک ڕووەوە ببێتە ئەدەبێکی شەڕانگێز، هۆکارەکەیش ئەوەیە لە توانایدایە وەسفی ئەو تۆقاندن و شەرەنگێزییانە بکات کە مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامیان بدات. بەم جۆرە ئەدەب ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ئەزموونێک بژی، کە لە بوونی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، قبوڵکردنەکردنی ئەم ئەزموونەیش لەسەر ئاستی عەقڵی پەتیی کە گوایە حەقیقەتی مرۆڤ پێکدەهێنێت، کە لەگەڵ ئەوەیشدا دەزانێت خودی ئەم حەقیقەتە عەقڵ پێکدەهێنێت،

به دەربڕینی باتای، ئەزمoونی مەحاڵە، ئەزموونی مەحاڵیش لەگەڵ «ئەزموونی بوون»ی میرلۆپۆنتیدا، لێکجووتە، ئەزموونێک کە لەبری ئەوەی بیگرین و لێیتێبگەین، ئەسیرمان دەکات، کەواتە ئەمە ئەزموونی لەخاوەنداریێتیخستنە(*) بە شێوەی زوهد لە سوبیکتدا، بەڵام بە دیاریکراوی، ئەم ئەزموونە بە گوێرەی سەرنجە تەواوکارییە کاراکراوەکە لەلایەن دێریداوە بەرامبەر باتای، تەنیا ئەوە نییە کە پێشتر دروستبووە، بەڵکو لە نوسینیشدا ڕیاڵیزە بووە، نایشبێت بۆ ڕیاڵیزەبوونەکەی چاوەڕوانی ئەوە بین وەک ئەدەب فۆڕمێکی تایبەتی نوسین وەربگرێت. ئا ئەوە سەرجەمی تێزەکەیە، کە ئاواتەخوازی ئەوەین ،بەم فۆڕمەی خوارەوە پەرەی پێبدەین (لەگەڵ ئەوەیشدا لێرەدا تەنیا دەتوانین لە بەشێکی ئەم تێزە بکۆڵینەوە):

نوسین واتای خراپەیە، چونکە جۆرێکە لە دواخستن (دیفێرەنس différance)(**)، بەم واتایە تا کاتی حزور/مانا دوادەکەوێت (ئەوە کاری فەلسەفە تەواو دەکات ئەگەر فەلسەفە وەک کار واتای «ئارەزووی چەپێنراو» بێت)، بەڵام وا دەردەکەوێت نوسین دواخستنی خراپەیشە

کە هاندەدات بۆ خوێندنەوەی لە ژێر فۆڕمی شەرەنگێزییەکاندا (چونکە حزور، واتە ئارەزووی چەپێنراو، یان ڕاستتر بڵێین نەمانی باڵادەستی بەسەر ئەو ئارەزووانەدا کە گیرۆدەی هیچ دواخستنێک نین، لە خراپە جیانابێتەوە)، کەواتە فەلسەفە و ئەدەب لە ڕێگەی نوسینەوە دەگوزارێنەوە، بگرە لەوەیش زیاتر لە ڕێگەی نوسینەوە لە یەکتری نزیک دەکرێنەوە: فەلسەفە دەتوانێت خراپە بخوێنێتەوە بەو واتایەی کە لە هەمانکاتدا دەبێتە ئەدەب- کەواتە تەنیا وەک فەلسەفەی «پەتی» (و عەقڵی) نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام بارگاوی دەبێت بە هۆی ئارەزووی (ناعەقڵییەوە)، واتە بەهۆی خراپە و توندوتیژییەوە.

بەم جۆرە لە ناکاو پێشباسەکەمان لە پشتی خۆمانەوە بەجێهشت و هەر زوو گەیشتینە کرۆکی بابەتەکەمان، با ئێستا بە درێژی و یەک بەدوای یەک لەسەر هەر یەکێک لە دەلالەتەکانی تێزەکە بوەستین کە لەم پێشباسەدا بە زوویی و پێکەوە خرانەڕوو، با سەرنج لە باسەکەمان بدەین بۆ ئەوەی ئاستی پتەوی و خۆڕاگریی ئەرگومێنتەکە تاقیی بکەینەوە، یان لایەنیکەم ئەوە تاقیبکەینەوە، کە تا چ ڕادەیەک شایەنی ساغکردنەوەیە. بە دیاریکراوتریش لە ڕاستیدا

من تەنیا ئەو زانیارییانە سەرەکییانە دەخەمەڕوو، کە لە پێشباسەکەدا هەن، چونکە ئەو ڕوانگەیەی کە بەو گشتگیرییە خراوەتەڕوو بدرمی بەرەو ئەو تێزەی کە وەک گریمانەیەکی ئەزموونی دانراوە –کەواتە لێرەدا دوای ئەوەی کار لە کار ترازا ڕێنیشاندەرەکە دانرا. بە دەربڕینێکی دیکە، لەم ساتەوەختەوە نابێت چاوەڕوانی هیچ شتێکی تازە بکەین.

**نوسین :**

لە ڕوانگەی «باتای»یەوە، کردەی نوسین گەمەیەکی سەرکێشانەیە بە ژیانەوە. ئەم تێڕوانینە بۆ شتەکان بەهۆی ئەو ڕەخنەیەوە هێندەی تر جێگیردەکرێت و دەچەسپێنرێت، کە دێریدا ئاراستەی دەنگگەرایی (فۆنۆلۆژی) و سەنترالیزمی فیکری ڕۆژئاوایی کردووە، کە دژ بە نموونەی ناکتوپڕی دۆخی نوسین لە نەریتی فەلسەفیدا دەیخاتەڕوو. دێریدا بە گوێرەی قسەی خۆی، ئەم ڕەخنەیەی بە تایبەتی لە ژێر کاریگەری خوێندنەوە کتێبەکانی «باتای»دا ئەنجامداوە. لێرەدا زۆر بە کورتی، تەنیا باس لەو دۆخانە دەکەم کە زەمینەی بایەخدانەوەی دێریدایان پێکهێناوە بۆ گرنگیدانەوە بە نوسین

بەرامبەر قسە: ئەگەر میتافیزیکای ڕۆژئاوایی نیشانەی لە فۆرمە دەرەکی و ماتریالییەکەیدا بینییێت، وەها لێیڕوانیبێت کە بەراورد بە قسە (ئاخاوتن) و بەراورد بە حزوری قسە، لە پلەی دووەمدایە (حزوری نوسین هیچ ناکات جگە لە خستنەڕووی حزورێک، ڕەنگە حزورێکیش بێت لە ڕابردوودا)، ئەوا ئەمە بە واتا ڕادیکاڵترەکەی بۆ نیشانەی نوسینیش ڕاستە، کە تەنیا نیشانەی نیشانەیە، بە تێرمە زمانییەکە: نوسین دالی لەبەرگیراوەی دالی دەنگییە.

کەواتە نوسین ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەدلول نادات، بەڵکو ئاماژە بە دال دەدات (ئەویتری جیاواز، دەنگی)، بە پێی چەمکە تەقلیدییەکە نوسین هیچ وەزیفەیەکی دیکەی نییە، جگە لەوەی کە ئەم نیشانەیە تر تۆمار بکات و بنووسێت، لای دێریدا، دالی نوسین تەنیا نوێنەرەوەیەکی سادە و ئاڵۆزی مەدلول نییە، بەڵکو تەواکارەکەیشیەتی – تەنیا ئەوە ئاڵوگۆڕ ناکات کە بۆ ئاڵوگۆڕ دەشێت، بەڵکو ئەوەیش ئاڵوگۆڕ دەکات کە پێویستی بەوە نییە ئەسڵ بێت. لە هەندێ لایەنەوە، نوسین چەندە ئەو وەزیفەیە ئەنجامدەدات کە پێشتر باسمانکرد، ئەوەندەیش

